هەفتەنامەیەکی رۆژنامەوانیی
گشـــتیی ئـــازادە
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
"بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١١٢) یەک شەممە ٢٠٠٩/٢/٢٢ زایینی
بەرانبەر بە رەشەمێی ٢٧٠٨ی کوردی
ساڵی نۆیەم

www.bedirxan.net
bedrxan@yahoo.com

# بەدرخان
Bedirxan

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهارِن وەکو ئاش



## فەرید ئەسەسەرد لە نێوان حزب و حکومەتدا

ل١٦-١٧



## نەجات حەمید لە نێوان خوێنەری لێکەوتەو نووسینی داسە پاودا

ل١٤



## بەهرە موفتی و ئەدەبی ژنان

ل٢٠

# کۆسرەت رەسوڵ عەلی جەخت لەسەر یەکریزی ناو (ی.ن.ک) دەکاتەوە



کۆسرەت رەسوڵ عەلی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەئکیدی لەسەر یەکرِیزی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردەوە، لەلێدوانێکی تایبەتدا تەئکیدیشی لەوە کردەوە کە سکرتێری گشتی رەزامەندی لەسەر سەرجەم داواکارییەکانیان دەربرِیوە.

ئەمەی خوارەوە دەقی وتەی کۆسرەت رەسوڵ جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانە بۆ کەناڵی ئاسمانیی "گەلی کوردستان":

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

کەسوکاری شەهیدە نەمرەکان. پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، هەڤاڵانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، خەڵکی بەشەرەفی کوردستان..

ئێمە کۆمەڵێک لە هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی و هەردوو جێگرەکەی جەنابی مام جەلال پێمانوایە هەندێک کێشەو گیروگرفت هەیە لەناو ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەندێک کەموکورِی هەیە لەدامودەزگاکانی حکومەت و رێکخستن و پێشمەرگە، ئێمە لەکۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیدا برِیارماندا چەند لیژنەیەک پێکبهێنین، ئەو لیژنانە هەریەکەیان کارەکانی خۆی کردووەو ئێستا راپۆرتەکانیان ئامادەکردووە، کە وابرِیارە رۆژی هەینی یان شەممەی داهاتوو مەکتەبی سیاسی کۆببێتەوە لەسەر ئەو راپۆرتانەو چەند خاڵێکیش کە لەلایەن ئێمەوە پێشکەش بە جەنابی مام جەلال سکرتێری گشتی کراوە، کە تایبەتن بەچاککردن و بەهێزکردنی رەوشی ناوخۆی ی.ن.ک و مشتومالکردنەوەی پەیوەندییەکانی ی.ن.ک لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و رێکخستنەوەی دامودەزگاکانی حکومەت، کە ئەوانە هەموو لەبەرژەوەندیی ی.ن.ک و خەڵکی کوردستانن و کاتێکیش چووینە لای جەنابی مام جەلال بەرلە چوونیشمان نامەمان بۆنارد، بەرِێزیان وتیان لەسەرهەموو خاڵەکان رازیم و پشتیوانی لەهەمووی دەکەم.

خاڵی یەکەمی ئەو راپۆرتە بریتییە لە ئاشتبوونەوەی گشتی، ئاشتبوونەوەی گشتی لەگەڵ هەموو ئەو کادرانەی کە دابرِاون یان دەرکراون یان دوورخراونەتەوە بەهەر هۆیەکەوە بێت، ئەوەش بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە، هەروەها ئێمە لەناوخۆماندا بەگشتی لاپەرِەیەکی نوێ هەڵبدەینەوەو واز لەململانێ و تەکەتولات بهێنرێت، بەجۆرێک کەوای لێهاتووە کەسێک سەر بە من نەبێت ئەگەر لێوەشاوەش بێت من دژی دەبم و کەسێکی لێنەهاتووش لەبەرئەوەی لەگەڵ تەکەتولی برادەرێک نییە، پشتیوانی لێدەکات، کە بەوجۆرە یەکێتی زیانی کردووە.

بۆیە پێمانوایە کە دەبێت بەگیانێکی نوێ و بەبەرنامەو لاپەرِەیەکی تازە ی.ن.ک والێ بکەین کە خۆشەویستییەکەی ناو کۆمەڵانی خەڵک و خۆشەویستی خۆشمان بگەرِێتەوە ناو خەڵک، ئەگەر وانەکەین هەموومان زیان دەکەین، بەڵام ئەگەر کرا بۆ هەمووومان بەسوود دەبێت و جەنابی مام جەلال خۆی پشتیوانی لێدەکات و من و د. بەرهەمی راسپاردووە، کە ئەوە جێبەجێبکەین لەگەڵ مەکتەبی سیاسیدا، ئەگەر نەکرا ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، بەڵام هیوادارم بکرێت و دڵنیاشم چاکسازی و پاکسازی و رێکخستنەوەی ناو ی.ن.ک لەبەرژەوەندیی هەموو خەڵکە، لەبەرژەوەندیی میللەتەکەمانە، لەبەرژەوەندیی یەکێتیی ریزەکانی خەڵکی کوردستانە، سوپاسی جەنابی کاک مەسعود بارزانی- ش دەکەین، کە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە دوێنێ ئەو لێدوانەی داوە کە، زیان گەیاندن بە ی.ن.ک زیان گەیاندنە بەپارتی و زیان گەیاندنە بەهەموو خەڵکی کوردستان.

دیارە ئێمەش لەو روانگەیەوە کاردەکەین و هەوڵدەدەین ئیشناڵلا هەمووﻻیەک خزمەتی زۆر دەکەین بۆئەوەی ی.ن.ک بخەینەوە شوێنی خۆی و چاوەرِوانی ئەو کۆبوونەوەیەی مەکتەبی سیاسین، پێشموایە هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی هەموویان بەڵێنیانداوە لەهەر شوێنێک دایانبنێین وەکو ئەندامێکی ی.ن.ک قبووڵیانەو پابەند دەبن پێوەی، ئەو دۆخەی هەبوو نەیهێڵین.

زۆر سوپاس.

# شێخ محەمەد شاکەلی لەنێوان نەتەوەو ئاییندا



لە دیمانەیەکی کراوەو تایبەتی بەدرخاندا، شێخ محەمەد شاکەلی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە ژیانی تایبەتی و پێشمەرگایەتی و کاری حکومەتدا، راشکاوانەو زۆر راستگۆیانە تیشکی خستە سەر هەموو ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی کرا...

لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە نەتەوەو ئایین، دەڵێ: ئێمە کوردێکی موسڵمانین.

سەبارەت بە خاکی پیرۆزی کوردان، کە لە قورئاندا باسکراوە، دەڵێ: بەڵێ خاکی کوردان لای خوداو عەرەبە ناشۆڤینیستەکان پیرۆزەو هەروەکو لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە.

لە وەڵامی لێکردنەوەی تابلۆی (رواق الاکراد) لە جامیعەی ئەلئەزهەری میسری، فەرمووی ئەمەیان شێخی ئەزهەر ئاگاداری کردووینەتەوە، کە نۆژەندەکرێتەوەو هەر کاتێکیش نۆژەنکرایەوە ئەوا تابلۆکە لەجێی خۆی هەڵدەواسینەوە. سەبارەت بە ئەنفالیش، شاکەلی وتی: ئەنفال کارێکی نەشیاوەو دوورە لە ئایینی ئیسلام.

پرسیارەکان زۆرن و بەنیازین لە بەدرخان بەچەند بەشێک بڵاوی بکەینەوە، بۆ زانیاری زیاترو پرسیارگەلێکی دیکەو ... بەلاغی کۆتایی کۆنفرانسی "بەرەو وتاری هاوچەرخ" بخوێنەوە...

ل٣



مەمەد: رۆژنامەگەری، سیاسەت، ئەخلاق

ل ٦



ئەرسەلان دەروێش و نواندن و دەرهێنان

ل هونەر



بەدیعە دارتاش و پێشمەرگەو شانۆ

ل ٢





* ئەحلام مەنسوور: لەبن بنەوەی منداڵدانی دایکم بۆنی خوێنی ملی شکاوی باوکم دەکرد
* پاکیزە عوسمان عەبدوڵلا ... ژیانئاوایی لە بنەماڵەو قوتابخانەو قوتابییەکانی کرد
* ئیسماعیل حوسێن: لە ژیانی حزبایەتی کۆڵەوار بووم
* کاوێس ئاغا ... دەنگی زوڵاڵ و تۆمارکاری داستانی مێژوویی
* خوێندنەوەی کتێبی (بیرەوەرییە هەرگیز لەبیرنەکراوەکانی من)ی گەلاوێژ



٢٥ نووسەری کورد خەڵات دەکرێن

ل ٢٠



هەموو ساڵێک مەهەستی و هایدە لە هەولێرن

ل١٣

## دەزگای بەدرخان و گرووپی گەنج بۆ شانۆ لە ئەورووپا

بریارە لە کۆتایی مانگی شوباتی ئەمساڵ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بە هاوکاری ناوەندی رۆشنبیری کوردی ئەڵمانی لە مانهایم، چەند چالاکییەکی هونەری و رووناکبیری لە وڵاتانی ئەورووپا (ئەڵمانیا، نەمساو هۆڵەندا) ئەنجام بدات. وەفدەکە بریتییە لە (حەمید بەدرخان، جەوهەر کرمانج، تامان شاکر، خالید جووتیار، قوبادی جەلی زادە، سامی هادی، حەسەن یاسین، محەمەد موکری) لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان و گرووپی گەنج بۆ شانۆ کە پێکهاتووە لە (کارۆخ ئیبراهیم، مەزهەر ئیبراهیم حەسەن، کاریان شێرکۆ، ژیار ئیسماعیل، رووبار ئیسماعیل، ئەیوب یوسف).

شایانی باسە، رۆژانی ٢/٢٨ تا ٣/٢٢ چالاکییەکان بەردەوام دەبن، کە بریتییە لە (پێشانگای کتێبی گەرۆک، نمایشکردنی شانۆگەری "دیوار"، کە لە نووسین و دەرهێنانی کارۆخ ئیبراهیمە، هەروەها چەند سیمینارێکیش سەبارەت بە راگەیاندنی ئازاد لە کوردستان.

راگەیاندنی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان



28.02.2009 and
01.03.2009
Mannheim
Barockschloss
Mannheim
Bismarckstra?e
68161 Mannheim

10 and 11.03.2009
Berlin
Werkstatt der
Kulturen
Wissmannstrasse 32
12049 Berlin

# شێخ محەمەد شاکەلی: شوڤێنی عەرەب ئێمەیان وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ گەرەک نییە، دەیانەوێ خزمەتکاریان بین



شێخ محەمەد شاکەلی - ٢٠٠٩

شێخ محەمەد شاکەلی :
* لەگەرمیان لەدایکبوە
* دەرچوی پەیمانگای مامۆستایانی کەرکوک_دواتر سالێک لەکۆلیژی پەروەردەی بەغدا خوێندویتی بەلام بەهۆی کاری سیاسی و پێشمەرگایەتییەوە کۆلیژی بووە بە پێشمەرگەو لە دوو کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەزیر بووە.
* سەرۆکی کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوکە.
* چەندین کتێبی بەنووسین و وەرگێڕان بەچاپ گەیاندووە، کە هەندێکیان لەسەردەمی پێشمەرگایەتی و خەباتی شاخدا بووە.
* بەزمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی قسەدەکات .
* ئێستا وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینییە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**ئا: بەدرخان و ئاورەحمان**

*** خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێ: (ربي انزلني منزلا مباركا) هەڵبەتە مەبەست لەوەش چیای جودییە، کە کەوتۆتەوە خاکی کوردستانەوە،کەچی عەرەب دان بەم حەقیقەتە نانێن؟**

– گومان لەوە دانییە، کە چیای جودی کەوتۆتە باکوری کوردستان، ئەمەش بەپێی لێکدانەوە و بۆچوونەی زۆربەی راڤەکار و ئەوانەی تەفسیری قورئانی پیرۆزیان کردووە،سەبارەت بە لەنگەرگرتنی کەشتییەکەی نوح لەسەر چیای جودی لە باکووری کوردستان، ئەمەش حاشا هەڵنەگرە.

چۆن: مادەم ئێمەی کوردیش موسڵمانین و باوەڕی رەها و موتالەقمان بە ئایەتەکانی قورئان و خوای گەورە هەیە، کەوابوو خەڵکی کورد دەتوانێت شانازی بەو ئایەتە و بەم لوتکە پیرۆزەی کێوێکی خاکەکەی بکات، ئەمەیان زیاتر دەسەڵات و عەقڵی شوڤێنی عەرەب هەڵگری تێڕوانینی لەم جۆرەیە، ئێمەی کورد وەکو نەتەوە رەتدەکەنەوەچاویشیان بەخاکی کوردستان هەڵنایەت.

*** بەلام هیچ بیرمەندێکی عەرەب یان ئەوانەی حالی حازر لە بلندگۆ و تەلەفزیۆن و دەزگاکانەوە، لە زۆربەی کات و شوێنەکان قسەیان هەیەو دەنگ هەڵدەبڕن، رۆژێک لە رۆژان دان بەوە دانانێن، کە خاکی کوردستان خاکێکی پیرۆزە؟**

– من لێرە دەکرێت ئەوەتان پێ بڵێم، من لە هەندێک شوێن پرسیاریان لێکردووم دەڵێن: ئەرێ بەراست ئێوە موسڵمانن؟ ئێمە تەماشای راگەیاندنەکانتان دەکەین...تەماشای هەندێک شتتان دەکەین ئێوە موسڵمانن، ئەو گلەییانە دەکەن، ئێوەش ئاگاداری مێژوویێکی نزیک و ئەم دواییەنە، کە عەرەب وەکو نەتەوەیەکی موسڵمان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەکردووین، مەبەستم لە شۆڤێنیەتی عەرەبە، چونکە دەبێ جیای بکەینەوە، خەڵکێک هەیە رەنگەبەدروستی بیربکاتەوە، بەڵام شۆڤێنیەتی عەرەبی ئێمەیان دەوێ خزمەتکاریان بین، بچووکیان بین، بەڵام ئێمەیان وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ خاوەن دەوڵەت و ئاڵا و تایبەتمەندی خۆمان ناوێ.

*** شەلماشی لە دیدارێکدا دەڵێ: تورک و فارس و عەرەب دینیان بۆ دنیا ویستووە، سوودیان بۆ نەتەوەکەی خۆیان لێوەرگرتووە، بەڵام ئەوەی ئاینیان خستۆتە پێش نەتەوەکەیان کوردە و کوردیش پێوە سووتاوە.**

– تا رادەیەکی زۆر لە گەڵ ئەو رایەی شەلماشیم، بە کرداریش هەروا بووە، خۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام و هەموو ئاینەکانی دیکەش، بەشێکی دنیای تێدایە و بەشێکی ئەولاشی تێدایە، وەک ئەوەی دەڵێت:(اعمل لدنياك كأنك تعيش ابدا، واعمل لآخرتك كأنك تموت غدا). رەنگە ئێمە بەشە دنیایەکەمان فەرامۆش کردبێ، ئەوەش باش نەبووە، دەکرێ ئێمەش وەکو گەلانی دیکەی موسڵمان، لە ئاینی پرۆزی ئیسلام سوود وەربگرین، وەک ئەوەی ئەوان ئیمپڕاتۆرەتیان لەژێر سێبەری ئیسلامدا دروستکرد، نموونەی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی ئەوەندە دوور نییە، لەبەردەستمان و لە پاڵمانەوە، سەفەویش بەهەمان شێوە، ئێستاش دەبینی خەڵک بەناوی ئاینەوە کیان و ڕێکخراوی سیاسی ئیسلامی دروستدەکەن و سوودی لێدەبینن، پێم وایە لەلای ئێمەش لەسەردەمی مەولانا خالیدی نەقشبەندی شتێکی لەم جۆرە هەبووە، رابەرەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی ئەو رۆڵەیان گێڕاو و هەوڵیانداوە هەم رابەری ئاینی بن، هەم رابەری نەتەوایەتیش بن، ئیدی دراوسێکانمان زۆرجار نەیانهێشتووە، ئەم ئامانجە بپێکێ، خەڵکی ناشارەزاش خراپ لێکیان داوەتەوە، شەڕکردن دژی سوڵتان و دەسەڵاتدارێکی غەیرە کوردی موسڵمان بە کوفرو لەرێ لادینیان لە قەڵەم داوە، لە کاتێکدا تۆ بەرگریت لە بوونی خۆت و لە نەتەوەی خۆت و لە کلتوورو تایبەتمەندی خۆت کردووە، ئەمەش لەگەڵ بنەماکانی ئاینی ئسلام دژ نییە، کە تۆ داوای ماف و چارەنووسی نەتەوەکەی خۆت بکەیت، بەڵام خەڵک بۆبەرژەوەندی خۆیان، ئەوانەی لە بنەڕەتدا دژ بە ئێمە بوون، بە شێوەیەکی نارەوا بەکاریان هێناوە.

*** بەڵام زۆرجار لێرە و لەو پرسیار دەکرێت، کە کورد زۆر موسڵمان و دڵسۆزی ئاینی ئیسلامیشە، کەچی بە ئایەتی (ئەنفال) لە قوئانی پیرۆز هاتووە (١٨٢) هەزار کەس ئەنفال کرا؟**

– بەڵێ، ئەوە مانای ئەوەیە، ئێمە موسڵمان نەبین، لەبەر ئەوەی (١٨٢) هەزار کورد بەناوی ئایەتی ئەنفالەوە ئەنفالکراوە، ئەمە مەسەلەیەکی جیاوازە، ئەوە خەڵکی شۆڤێنی عەرەب ئەوەیان کردووە، خۆئێمە موسڵمانیەتی خۆمان بۆ ئەوان نەکردووە، بڕوامان بە ئاینێک هەیە و ئاینێکە لە ئاینە پیرۆز و مەزنەکانی سەر رووی ئەم زەمینە، خەڵک بە خراپی بەکارهێناوە، ئێمەی وا لەقەڵەمداوە کە شایانی ئەنفال و موستەحەقین ئەوەمان بەسەر بێت، ئەوە ئاینی پیرۆزی ئیسلام نییەو لێی بێ بەرییە.

*** واتە ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەگەڵ ئەوە نییە؟**

– بە دڵنیایەوە شتی وانییە.

*** هیچ بیرمەندێکی عەرەب هەیە فتوایەکی لەم بارەیەوە دابێت، لەم زوڵم و زۆرداری سەبارەت بەنەتەوەی کورد کراوە؟**

– من بۆخۆم لەسەردەمی ئەنفالدا، پێشمەرگەیەک بووم و کەس و کاریشم ئەنفال کراوە، ئازار و دەردەسەریشم زۆر بەو هۆیەوە دیوە، بەڵام لەم رۆژە تا بە ئەمرۆش نەمبیستوە جگە لە کورد، کەس قسەیەکی خێر و فتوایەکی دابێت، پێش ماوەیەک سیمینارێکی گەورە لە هەولێردا سازکراو چەندین زانای ئاینیش لە قاهیرە و مەغریبەوە هاتبوون، من وتاری سەرۆکایەتی هەرێمم خوێندەوە، بە فەرمی گللەیی ئەوەشم لێکردن، کە لە ئێوەی بەڕێزم نەبیستووە، بەدەنگ هاواری ئێمەو ئەو هەموو ئەنفالەوە نەهاتوون.

*** پێش دوو ساڵ لە روونکردنەوەیەکی وەزارەتی ئەوقافدا هات، کە لە زانکۆی ئەزهەر (رواق الاكراد) لادراوەو لە شوێنەکەی خۆی نەماوە، ئەمەش پاش ئەوەی ئێمەی ستافی بەدرخان بەدوا داچوونێکمان لە قاهیرە کرد، لە ژمارە (٧١)یش بڵاومانکردەوە، شێخ گنگاوی لە رۆژنامەی (شرق الاوسط) وەڵامی وەزارەتی ئەوقافی دایەوە دەڵێ: چەندین ساڵە (رواق الاكراد) لێکراوەتەوە، بۆتە (خوێندنی ئیسلامی)، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەی (رواق العباسية، رواق الاتراك، رواق المغاربة ،....) لێنەکرابۆوە، وابزام دوایی لەگەڵ بەرێزیشتان قسەیان کردو ئێوەش سەردانی ئەوێتان کرد، نازانم دەرەنجامی ئەم سەفەر و ئەم کێشەیە بە کوێ گەیشت؟**

– راستی سوپاسی ئێوە دەکەم ئەم بابەتەتان وروژاندبوو، ئێمە بەفەرمی قسەمان لەگەڵ شێخی ئەزهەر کرد، بەراستی شێخی ئەزهەر پیاوێکی کراوەیە، لەبارودۆخی عێراق و رەوشی کوردستان تێدەگات، تێگەیشتنم لێی بینی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سەردانێکی فەرمی میسر بکەین و دیداریشی لەگەڵ سازبدەین، ئەم بابەتەشمان لەگەڵ باسکرد، ئەو بۆی روونکردینەوە شوێنەکەشمان بینی، ئەم شوێنە لەژێر چاککردنەوەدا بوو، وتی: ئینشائەڵڵا لەداهاتوودا دەخرێتەوە شوێنی خۆی، هەرچەندە ئەوەمان بەچاوی خۆمان بینی، کە (رواق الاتراك، رواق العباسية...) ماون، بۆچی ئەمانە ماون و ئەمەیان هەڵگیراوە؟

لە وەڵامدا هەر ئەوەی وت، کە ئەم دەوروبەرو شوێنە لەژێر چاککردنەوەدایە، ئومێد دەکەم بخرێتەوە شوێنی خۆی، ئێمە ئێستا پەیوەندیمان لەگەڵ شێخەکانی ئەزهەرو زانکۆکە گەیشتۆتە رادەیەکی ئەوتۆ، ئێستا ئەوان مامۆستایان لێرە هەیە، پەیمانگایەکیان لێرە کردۆتەوە، سێ مامۆستای میسریش دەرس دەڵێنەوە، پێم وابێ ئەمە دەروازەیەکی باشە بۆ لێکتر حاڵیبوون، لە داهاتوو جارێکی دیکەش ئەم پرسیارە لە شێخی ئەزهەر دەکەینەوە، کە ئەم (ئینشائەڵڵا)یە دەرەنجامەکەی بە کوێ گەیشت.

**بەشی یەکەم**



دیمەنێک لە کۆنفرانسی وەزارەتی ئەوقاف (بەرەو وتاری ئاینی هاوچەرخ)

بەناوی خوای گەورەومیهرەبان

**بەلاغی کۆتایی کۆنفرانسی وەزارەتی ئەوقاف (بەرەو وتاری ئاینی هاوچەرخ**

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لەژێر دروشمی (بەرەووتاری ئاینی هاوچەرخ) کۆنفرانسێکی لەپایەتەختی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری ئەوقاف و ژمارەیەکی زۆر )ئیمام و خەتیبی مزگەوتەکانی کوردستان و شێخانی تەریقەت و کەسایەتیە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکان وگەورە مەرجەعی ئاینەکانی مەسیحی و ئێزیدی و سابیئەی مەندائی لەکوردستان و دبلۆماتکارانی وڵاتانی ئەمریکا و )لێکۆڵینەوەی تایبەت بەئەحکامی ئاینی ئیسلام لەپرسە جۆراوجۆرەکاندا و چۆنیەتی پێشخستنی وتاری ئاینی و هەنگاوەکانی گۆرانکاری و چاکسازی لەوتاری ئاینی مامۆستا و زانایانی ئاینی لەمزگەوتەکان و لەکۆر و کۆبونەوە و بۆنە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکاندا، لەلایەن نوخبەیەک لەکەسایەتیەئیسلامی و ئەکادیمی و روناکبیرەکانی کوردستان پێشکەشکرا و لەهەموو لێکۆڵینەوەیەکدا گفتوگۆ و بیروراگۆرینەوە لەگەڵ زنایانی ئاینی و وتارخوێنی مزگەوتەکاندا کرا، کە تیایدا هەموان لەسەر چەند تەوەرەیەک کۆک بوون کە دەکرێت وەک بنەما و هێڵی گشتی وتاری ئاینی لەکوردستاندا پەیرەو بکرێت و بۆ بەعەمەلی کردنی ئەو تەوەرانەش کۆمەڵێک راسپاردە گەڵاڵە کراوە کە داواکاری خودی مامۆستایانی ئاینی بەشداربوی کۆنفراسەکە و لەتەوەرەکانی وتارەکەی بەرێز شێخ محەمەد شاکەلی وەزیری ئەوقاف بوو کە خۆشبەختانە پشتیوانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاک نێچیروان بارزانی بەدواداهات، رایدەگەیەنین کەوا چەند بنەمایەکی سەرەکی لەکۆنفرانسەکەدا کۆدەنگی بەشداربوانی لەسەرە و گرنگترینیان:

–پرەنسیپی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و یەکترقبوڵکردن و ئازادی ئاینی لەکوردستاندا، بەشێک دەبێت لەستراتیژیەتی وەزارەتی ئەوقاف و پێویستە لەوتاری ئاینیدا رەنگ بداتەوە.

– پێویستە وتاری ئاینی ببێتە سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی ئاشتی وگەشبینی و دووربێت لەناوزراندن و هاندان و ترساندن.

–چاکسازی وپێشخستنی مەنهەجی پەیمانگاکانی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێن لەوەزارەتی ئەوقاف و بەشداریکردنی هەر ئیمام و خەتیبێک لەخولێکی تایبەت بەوتارخوێنیدا پێش دامەزراندنی لەمزگەوتەکاندا.

–لەبەرچاوگرتنی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان لەوتارەکاندا و پارێزگاریکردن لەسەقامگیری و پابەندبوون بەیاسا و بەرژەوەندیە نیشتمانیەکان .

**لیژنەی راسپاردە و بەلاغی کۆتایی کۆنفرانسی ئاینی وەزارەتی ئەوقاف**
**هەولێر-٢٠٠٩/٢/١٩**

---

هەڤپەیڤین

# مام جەلال ، ئارام ، تەتەر

ئەو رۆژە سەختەی کە شەهیدی سەرکردە (ئیبراهیم عەزۆ) پێشمەرگەیەکی گەنجی سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێی هەڵبژاردو کردییە (تەتەر) یێکی گیانباز و موغامیری ئەوێ رۆژێ، کە هەر چرپەیەکی یسەرهەڵدانەوەو تروسکاییەکی قەندیلۆکەیەکی کزی پێشمەرگە لە شاخ جگە لە سێدارەدان هیچ هیوایەکی دیکە چاوەڕوانی کەسی نەدەکرد ...

(مام) ی گەورە ....

ئەوێ رۆژێ بوو (جەلیل عەبدال)ی کوڕە جوامێرەکەی (بادینان) لە (خابوور) پەڕییەوە و ئەو پریاسکە چارەنووسسازییەی لەناو قووڵایی مەرگی خۆی شاردەوە و هەموو ڕێگا شمشێرەکان و پایگا ترسناکەکان و پانتایی ئۆردوگا تۆپە دوورهاوێژەکان گەیشتە وڵاتی (بێکەس)، سەری بەهەموو دەرگا پرسەدارەکان کردو روانییە هەموو روخسارە خەمبارەکان و هەموو ساتەوەختە بێ هیواکانی خوێندەوەو شەقامە هێمنەکانی منداڵی شەهید (شەهاب)ی پەیکرد ... بەدوای دەستێکی ئەوەندە ئارام دەگەڕا کەبەتەنێ لە دەستی (ئارام)ی شەهید بچێ تا ئەو ئەمانەتە پیرۆزەی لە نێوانی قایشی پا نتۆ ڵە کە ی شاردویەتییەوە لە یەخەی ئەم کەڵە پیاوەی بدات....



نازم دڵبەند

(مام )ی گەورە..

بەدریژایی ئەمڕۆژانە بە شعورەوە لەگەڵ راسپاردەکەی شەهیدی سەرکردە (ئیبراهیم عەزۆ) بوو کە،پێی گوتبوو:

(تەنها سێ رۆژ بۆ ناساندنی ئەم نامەیە بەتۆ سپێردراوە ... دەنا دیسانەوە مەفرەزەکەمان چاوەڕێتە ...) .

لە ئاخیر و ئۆخری رۆژی دوایین بوو... دەبوایە لەگەڵ روخساری شەهید ( شازاد سائیب ) بەیەکبگەین ... هەموو هیواکان کاڵببوونەوە ... تەنها تروسکایی ئەوەبوو کە جارێکی تر ئەم (نامە ) یە بخاتەوە نێوانی ونترین شوێنی جەستەی خۆی و سەرلەنوێ جلە خاکییەکەی خۆی لەبەربکاتەوە و تفەنگەکەی بخا...تەوە سەر شان و بەدوای شەهید ( ئیبراهیم عەزۆ )بەدرێژایی دەڤەری ( گولی ) و(سندی ) دا بسوڕێتەوە و جارێکی دیکە بەرەو (سلێمانی) بگەڕێتەوە بەدوای ماڵەکەی (شازاد سائیب ) بگەڕێ .....ئەم هیوایەو ئەم بیرکردنەوە تەنها ڕێگا چارەبوو، کە (جەلیل عەبدال ) ی پێشمەرگەی گەنجی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شەهید (ئیبراهیم عەزۆ ) لە بیری خۆیدا بنیاتیدەنا ...بەڵام (ڕێکەوت) هەموو زەمەنەکانی گۆڕی و شوفێری تاکسییەک هەموو ڕێگاکانی ئاسانکرد ... باخچەکەی ماڵی شەهید (شازاد) نەیهێشت (جەلیل عەبدال ) بەدەستبەتاڵی بگەڕێتەوە سەنگەرەکەی شەهید (ئیبراهیم عەزۆ )...دایکی شەهید (شازاد) بوو بەو فریشتەیەی کە هەموو دەرگاکانی بەهەشت بۆ (جەلیل) بکاتەوەو ئەو پەیامە پیرۆزەی، کە پێیەتی بیگەیەنێتە برادەرانی (کاف) ...

لێرەوە گەورەیی (جەلیل عەبدال) گەورەتر دەبێ، چونکە ئەوەندە بەگەرمییەوە و بەراستگۆییەوە ئاواتەکانی (ی.ن.ک) ی هەڵگرتبوو پشتی لە (مەرگ) ولە هەموو نەهامەتییەکانی عومر کردبوو و ئەوەی بیری لێدەکردەوە تەنها ئەوە بوو لەم سەفەرەی (تەتەرییە) کەی ئەم نامەیە بگەیەنێ و سەرلەنوێ گیانی شاخ شادتربکات و ئەوەشرابگەیەنێ کە (مام) لە ڕێگایەو ئەم نامەیەش مژدەبەخشی دوای هەرەسە وسەریهەڵدانەوەی شۆڕشێکی نوێیەو (ئارام) تان هەبێت، چونکە لەم نامەیەدا پیاوێکی چاویلکە لەچاو و هزر فراوان و قەڵەمبەدەستێکی روناکبیری کردبوە ڕێبەر و سێبەری گەڵا(سەوزە) کان ولەوێشەوە ئیعلانی سەرلەنوێی دەنگی تفەنگی دەستی پێشمەرگەی دەکردەوە ....

(مام)ی گەورە....

ئەوە (جەلیل عەبدال)ی تفەنگ بەدەستی پشتی شەهید (ئیبراهیم عەزۆ)بوو لە (شام)ەوە ئەم نامەیەی نوێبوونەوەی تۆی بۆ نەوەیەکی نوی گەیاندە شاخ.. ئەو (تەتەرە) بەجەرگە بوو بەناو هەموو تەلبەندەکانا پەڕییەوەو لە(سلێمانی) گیرسایەوەو ئامادەباشی هێزێکی فیکری و جەستەی (تۆ)ی گەیاندەوە شاخ و بە مێژووشی گووت:

(پیاوێک دەگەڕێتەوە شاخ جگە لە خەبات و پێشمەرگایەتی و ورەبەرزی نەبێ هیچی تر نازانێ...

پیاوێک دەگەڕێتەوە شاخ جگە لەگەورەترکردنی هزری نوێخوازی شۆڕشێکی نوێ و گەورەکردنی هەڵوێستی مەردانەی کوڕەجحێڵێکی پێشمەرگەی ناو (ئارام) نەبێ بەلای کەسێکی دیکەوە ناچێ.

# ڕەگەزی کورد

**د. نەبەز مەجید ئەمین**

بەهەرحاڵ هەرچەندە ناوی کوردستان لەسەرەتای دەرکەوتنیدا لەسەرچاوەکان وەک چەمکێکی ئیداری دەرکەوتووە، پتر لەوەی کە ناوەکە چەمکێکی نەتەوەیی ببەخشێت، بەتایبەتی لەلایەن "حەمەدەڵڵا مستەوفی" و مارکۆ پۆلۆ و "شەهابەدین"ی شیرازی، بەڵام ئەم ناوە لای مێژوونووسی مەغولی "ڕەشیدەدین فەزلولڵا" بە مەبەستی چەمکێکی نەتەوەیی بەکارهاتووەو بۆ ئەو ناوچانە بەکاربراوە، کە کوردی لێ دەژیاو چەندین ناوچەی کوردی دەگرتەوە، کە لەدەرەوەی سنووری جوگرافی ئەو هەرێمی کوردستانەبوون، کە "حەمەدەڵڵا مستەوفی" باسی کردبوو(75).

ئەگەرچی وەک بینیمان، کە لەسەرچاوە فارسییەکاندا ناوی کوردستان لەو مێژووەوە ئیتر بەبڵاوی بەکارهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک تەماشای سەرچاوە عەرەبییەکانی ئەو سەردەمە دەکەین دەبینین سەرچاوەکانی هاوسەردەم لەگەڵ ئەو سەرچاوە فارسیانەدا بەکارهێنانی ناوی کوردستان بەدی ناکرێت و زۆرکەم بەرچاو دەکەوێت، کە پتر هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتنی عەرەبەکان لەم وشەیە، لەبەر ئەوەی وشەی کوردستان (اعجمی) بوو، بۆیە لای عەرەبەکان نامۆ بووە، بۆیە دەبینین لەو سەردەمەدا سەرچاوە عەرەبییەکان زیاتر وشەی (جبال الاکراد) (چیاکانی کوردەکان)یان بەکارهێناوە بۆ ناوچەکانی کوردستان، کە ئەم ناوە بە مەبەستی نەتەوەیی بەکاردەهات، ئەوەتا "ابن فضل الله العمری" کە لە (1348 ز مردووە) بە ڕاشکاوی ئاماژەی پێ کردووە، کە مەبەست لە (جبال الاکراد) کوردستانە(76). لەپاڵ ناوی (جبال الاکراد) لەسەرچاوە عەرەبییەکانی ئەو سەردەمە ناوێکی تر بڵاوبۆوە بۆ ئاماژە کردن بە ناوچەی کوردستان، ئەویش ناوی(بلاد الاکراد) (وڵاتی کوردەکان) بوو، کە ئەم ناوە دەقاودەق وەرگێراوی ناوی کوردستانی دەبەخشی(77). لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم وشەیە بەکەمی لەسەرچاوەکانیاندا بەرچاو دەکەوێت، کتێبی (تاریخ الغیاثی) مێژوونووس (عبدالله بن فتح الله البغدادی) کە لە(1486ز مردووە) و بەزمانی عەرەبی نووسراوەتەوە، ناوی کوردستانی وەک چەمکێکی نەتەوەیی بەکارهێناوە(78). بەگشتی لەسەردەمی جەلائیرییەکان (1337–1411ز) ناوی کوردستان بەتەواوەتی شوێنی ناوەکانی تری گرتۆتەوە، لەسەرچاوە فارسی و ئەوروپییەکان و لەنامە نووسراوە ڕەسمییەکانی نێوان میرو سوڵتانەکان، تەنانەت لە زۆر شیعری شاعیرە کوردەکانی ئەو سەردەمانە بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە لە شیعرەکانی مەلای جزیریدا ئەوەتا لەم شیعرەدا دەڵێت(79):

**گولی باغی ئیرەمی بوهتانم شەب چراغی شەبی کوردستانم**

لەکۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەمی زاینی عوسمانییەکان ناوچەکانی دەرسیم و موش و دیاربەکرییان ناو ناوە کوردستان(80).

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین لەئەنجامی تاوتوێکردنی ئەو سەرچاوانەی، کە تا ئەمڕۆ دەست کەوتووە و لەبەردەستدایە مێژووی دەرکەوتنی ناوی(کوردستان) دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دوانزەی زایینی، کە سەرەتا وەک چەمکێکی نەتەوەیی بەکارنەهاتووە، بەڵکو وەک ناوێکی ئیداری و جوگرافی لەسەرچاوەکاندا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام دواتر بە تێپەڕبوونی کات ئەم ناوە مانایەکی نەتەوەیی بەخشیوەو، وەک ئاماژەکردن بە شوێنی نەتەوەیەکی دیاریکراو بەکارهاتووە، تالەسەردەمی جەلائیرییەکاندا بەتەواوی چەسپاوەو، بووە بەناوێکی ڕەسمی و لەدەقەکاندا بەکارهاتووە.

**بەشی دووەم: ڕەگەزی کورد**

ساغکردنەوەی ڕەگەزی نەتەوەیەک یان گەڕان بە دوای ڕیشەی نەژادی نەتەوەیەک کارێکی ئاسان نییە و بگرە دژوارترین کارە، کە ڕووبەڕووی توێژەران و مێژوونووسان دەبێتەوە، چونکە هیچ نەتەوەیەک لە سەر گۆی زەوی بەشێوەیەکی کت و پڕو بە تەواوی بنەما نەتەوەیەکانەوە دەرنەکەوتووە. بەڵکو سەرهەڵدانی هەر نەتەوەیەک خۆی لە خۆیدا پڕۆسەیەکی مێژووکردەی درێژخایەنە، کە چەندین قۆناغ و سەدان ساڵی بڕیوە.

ئەگەر باسی هەر نەتەوەیەک بکەین بۆ نموونە ( عەرەب، ئینگلیز، فەرەنسی، تورک، فارس، ڕووس ...هتد) تا ڕادەیەکی کورت دەتوانین لەسەر ڕەگەزو نەژادیان قسە بکەین، بەڵام کاتێک کە دوور دەکەوینەوە بۆ هەزارەی دووەم و سێیەم بەرلەزاین دەبینین ڕاگۆڕینەوەو وشەی ڕەنگەو لەوانەیەو دوورنییە دەست پێ دەکات، کە ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە سەرچاوەی گەڕان بەدوای ڕەگەزو نەژادی ئەم نەتەوانە تەمومژاوییەو زۆر ڕوون و ئاشکرانییە.

ڕیشەی نەژادی نەتەوەی کوردیش یەکێکە لەو باسانەی، کە تائێستا بەتەواوی یەکلایی نەکراوەتەوە، لەلایەن توێژەرانەوە بینەو بەرەیەکی زۆری لەسەرە. بۆیە ئەم بابەتە ڕاوبیرو بۆچوونی جیاجیای لەسەرە، کە چەندین گریمانەو بیردۆز لەخۆدەگرێت.

لەڕاستیدا ئەم ئاڵۆزی و ناڕوونییە لەسەر ڕیشەی نەژادی کورد دەرەنجامی چەند هۆکارێکە لەوانە، کەمی ئەو سەرچاوانەی کە لەبەر دەستن و کەمی یان نەبوونی تۆماری کۆن، کە لەلایەن گەلانی ناوچەی کوردستان خۆیانەوە نووسرابێت، زۆربەی ئەو دەقانەش، کە چەنگ کەوتووە لەلایەن گەلانی دەوروبەرەوە نووسراوەو دەتوانین بڵێین، کە سەرجەمیان باس لەو شەڕو شۆڕو هێرشانە دەکەن، کە دژی ناوچەکە ئەنجامیان داوە، زانیارییەکی ئەوتۆی لەسەر ژیارو ڕەچەڵەکی کورد تێدانییە، ئەمە جگە لەوەی کە ئەم دەقانە زۆر بەناتەواوی دەست کەوتووەو بەسەریەکەوە نین و زۆر پچڕ پچڕو تەم و مژاوین.

ئەمە جیا لەوەی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی کوردستان، کە دەکرێت بڵێین بەدرێژایی مێژوو هێڵی تەماس بووە لە نێوان ئیمپراتۆرە مەزنەکانی جیهان، بەمەش بەردەوام بووە بە مەیدانی شەڕو ماڵوێرانی، جگە لەوەی بەدرێژایی مێژوو دووچاری چەندین هێرشی بەربەریانە هاتووە، کە کارێکی زۆری کردۆتە سەر ونبوون و لەناوچوونی لاپەڕەکانی مێژووی ئەم گەلە، لەوانە هێرشی (فارس، ڕۆم، ئیسلام، مەغۆل ....هتد.)، کە سەرەنجام مێژووییەکی ونجڕونجڕو ناتەواوی بەناوچەکە بەخشیوە.

ڕیشەی نەژادی کورد زۆر جار بەپێی ویست و ئارەزوو نووسراوەتەوە، هەندێ جاریش لەشێوەی ئەفسانەدا دەرکەوتووەو، گەلێ جاریش بەپێی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی گەلانی دەوروبەر قسەی لەسەر کراوەو هەوڵی زۆر دراوە بۆ شێواندن و دەستکاری کردنی ڕاستییەکان و گێڕانەوەی نەژادی کورد بۆ سەر عەرەب یا فارس یا تورک .

بەهەرحاڵ لێکۆڵینەوەو گەڕان بەدوای ڕاستی ڕیشەی نەژادی کورد لەبرەوی بەردەوام دایەو بەپێی توێژینەوەی ئەرکۆلۆژی و مێژووییەکان چەندین ڕاستی بەدەرکەوتووە، بۆیە ئێمە لێرەدا بەپێی قۆناغەکان، کە مێژووی ڕەچەڵەکی کورد بڕیویەتی باسەکەمان دەست پێ دەکەین.

**بەشی حەوتەم**

## بەڕێزم تەڕو وشک بەیەکەوە مەسووتێنە

**مامۆستایەک لە قوشتەپە**

لەمساڵی خوێندنی (٢٠٠٧–٢٠٠٨) جێگای سوپاس و دەستخۆشییە هاوکاری و پشگیری و ئاسانکارییەکی بەجێ لەلایەن بەڕێوەبەری ناحیەی قوشتەپە بۆ تەواوی مامۆستایانی سنووری قەزاکە، کە بە ئۆتۆمبێلی خۆیان هاتووچۆ دەکەن کرا، ئەمەش بە پێدانی نوسراوێک بۆ بازگەی هەولێر_قوشتەپە، بۆ ئەوەی مامۆستایانیش لە هێڵی عەسکەری و خێرا تێپەڕن و دوانەکەون، بەڵام ئەم کارە تەنیا سێ مانگی خەیاند، بە بیانووی ئەوەی وادیارە مامۆستایان کەمتەرخەمی دەکەن و ڕێز لەو ڕێزنانەی خۆیان نانێن لەو ئاسانکارییەی بۆیان کراوە، سەرەنجام کارپێکردنی نووسراوەکە هەڵوەشایەوە، ئەمیش گوایە مامۆستایەک یان دوان بارەکەیان قۆستۆتەوە ئیستغلالی نووسراوەکەیان کردووە، بۆ بارو حاڵەتی دیکە بەکاریان هێناوە و کەسێکی دیکەو ئۆتۆمبێلێکی دیکە بەکاری هێناوە. بەڕاستی ئەوەش کارێکی نارەواو نا یاسایی و نا بەجێیە بۆ توێژێک، کە خۆی بە چاو ساغ و پەروەردکار و خاوەن بڕوانامە بزانێت، ئەوەش ناوی پیرۆزی مامۆستایە، کاری وا نامەعقول و نەگونجاو بکات، کە لەم روانگەیەوە بەڕێوەبەری ناحیە هەقێتی و دەکرێت ئیجرائاتی یاسایی خۆی بکات، بەڵام نەوەک تەڕو وشک بەیەکەو بسوتێت و بارەکە بەسەر هەموو مامۆستایان بسەپێنێت و وا بەخێرایی ئەو بڕیارە بدات، لە هیچ شوێنێک نەبووە بەهۆی تاکە یەک کەس بڕیارێک بخرێتە ئەستۆی کۆمەڵێک کەس و توێژەوە.

خاڵێکی دیکەش کەوا مامۆستایان بچن نووسراو لە بەڕێوەبەرایەتی بازگەکانی لە هەولێر بۆ کارو هاتووچۆکەیان چێ بکەن، هیچ جیاوازییەک لەگەڵ حاڵەتی یەکەمدا نابینم، بەوەی ئەو مامۆستایەی ڕێ بەخۆی بدات و نەفسیەتی وا نزم بێت، نووسراوی ناحیە بە ساختە بەکار بێنێت، زۆریش پێی ئاساییە، هەر نووسراوێکی دیکەو هی هەر شوێنێکی دیکە بەکار بێنێت!!!.

# عەبدوڵڵا پشدەری: ڕۆیشتنی"شا"بەناوی سەفەر، بۆ ئەمریکا، فەرمانی خومەینی بەدامەزراندنی موهەندیس مەهدی بازرگان بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران



**عەبدوڵڵا پشدەری**

ئەوەبوو باسمان کرد کەوا شاهپووری بەختیار مەرجی لەگەڵ"شا"بەوە دانا، کە دەبێ بۆ ماوەیەک خاکی ئێران بەجێ بهێڵێت، ئیتر هەر لەسەر ئەو بەڵێن و بڕیارە"شا"بەخۆی و هەموو خانەوادەی خۆیەوە بارگەو بنەی خۆی تێکنا، ئامادەی سەفەر بوون، دەنگ بڵاوبۆوە، کە "شا"ئامادەی ڕۆیشتنە، ئینجا زانیمان کەوا چەند ژەنەڕاڵی گەورە گەورەو زۆر دڵسۆز بۆ"شا"، وەکو ژەنەڕاڵ"ئەوەیسی، بەهرەیی، ڕەحیمی،" لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکە، کە پێویست ناکات ناویان بوترێت ئەوانەی ڕۆیشتنە لای (شا) و تکایان لێکرد کە نەڕوات و تاران بەجێ نەهێڵێت، تەنیا ڕوخسەتیان پێبدات تاکو هەرچی زووتر بتوانن دەستی توندی خۆیان بوەشێنن و ئەو (ئاخوندانە) تار و مار بکەن، چونکە هەموو ئەو پەشێوییە لەبن سەری ئەواندایە، بەڵام (شا) لە وەڵامدا پێی وتبوون، من خۆم دەزانم و دڵنیام لەوەی کەوا ئێوە بەدروستکردنی (قەسابخانە)یەک هەتا ماوەیەک ئەو بارە ئاڵۆز و دژوارە هێواش و ئارام دەکەنەوە، بەڵام بەرپرسی ئەو تاوانە گەورەیە کێیە؟ هەردەبێ خۆم بم، بەڕاستی منیش ناتوانم ئەو بارەگرانە بخەمە سەر شانی خۆم، ئەوەبوو (شا) بەقسەی ژەنەڕاڵەکانی خۆی نەکرد و خاکی ئێرانی جێهێشت، لەوکاتە کەوا لە فڕۆکەخانەی (میهراباد) بە خۆیی و ماڵ و منداڵییەوە سواری فڕۆکە دەبوو هەموو وەزیر و ژەنەڕاڵەکان لەپشتی وەستابوون، تەوقەی ماڵئاوایی لێدەکردن و تەلەفزیۆن پێشانی دەدا، بینیمان کەوا (ئاو) لە چاوەکانییەوە دەهاتە خوارەوە، پێوەی دیاربوو، کە ئەو ماڵئاواییەی یەکجارەکییە، کە جارێکی تر چاوی بە ئێران ناکەوێتەوە، ئەوەبوو کە هەر پاش ڕۆیشتنی (شا) لە ناو شاری تاران و هەموو شارەکانی ئێراندا دوو دەستە پەیدا بوو، دەستەیەک لە کەسایەتییە کۆنەکان وەک وەزیرو ئەفسەرانی پایەبەرز و خانەنشین (تقاعد) هەروەها زانایان لەرەوەی باڵا، سیاسەتمەدارانی کۆنی دنیا دیدە، ئەوانە بەبێ ڕێکخستن بە هەڕەمەکی لە دژی شاهپووری بەختیار خۆپێشاندانیان دەستپێکرد، مادەم (شا)ی ئێران نەما تازە ئاژاوەو ئاڵۆزی بۆچی؟ ئەوا ئاواتی گەڵ هاتە دی و (شا) ڕۆیشت، ئیتر با بەس بێت شەڕو وێرانکاری، بەڵام دەستەی دووەم کەوا لایانگرانی خومەینی بوون، بریتیبوون لە چینەکانی هەژار و نەخوێندەوار و وشکە سۆفییەکان و ئاخوندەکان بە تێکڕایی دژی دەستەی یەکەم ڕاوەستان، ڕۆژنە لەناو شاردا خەریکی لێکدان بوون، ئەوەبوو دەستەی یەکەم نەیانتوانی خۆیان بگرن و هیچ بەرگەی دەستەی دووەمیان نەگرت و بە ماوەی یەک دوو ڕۆژ لەناوچوون، ئینجا ئیمام خومەینی لە پاریسەوە فەرمانیدا بە مەهدی بازرگان، کەوا وەزارەت پێکبهێنێت، واتە کابینەی دژی کابینەی شاهپوور بەختیار، ئیتر موهەندس مەهدی بازرگان، کە پێشتر هاودەست بوو لەگەڵ خومەینیدا هەرچی زووتر کابینەی پێکهێنا و دوو کەسی کوردیش کە خۆیان هەر لە (بەرەی میللی)دا هاوکاری مەهدی بازرگان بوون، خستینییە ناو وەزارەتەکەیەوە، دکتۆر (کەریمی سنجابی) بۆ وەزارەتی دەرەوە، (داریۆشی فرۆهەر) بۆ وەزارەتی کار، ئینجا خومەینی لە پاریسەوە ڕاگەیاندنێکی توندی دژی شاهپووری بەختیار بڵاوکردەوە، تیایدا ئاگەداری میللەتی ئێرانی کرد، کە هەرچی زووە دەبێ ڕاپەڕن و سەرۆک وەزیری دەست نیشاندەی (شا) لە کاروباری وڵات دووربخەنەوە، سەرۆک وەزیری تازە مەهدی بازرگان لە جێگای ئەو دابمەزرێنن، ئەوەبوو ڕاگەیاندنەکەی خومەینی وەکو تۆپێک تەقییەوە، هەموو گەڵ بەجارێ هەستا دژی بەختیار و دروشمیان ئەوەبوو مردەباد (بەختیاری بێ ئختیار) زندەباد (بازرگان با ئیمان)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شاهپوور بەختیار هیچ لە گەف و گێفی خۆی نەهاتە خوار، ئەویش زۆر بە توندی ڕەتیدایەوە لەسەر تەلەفزیۆن، یەکەم قسەی ئەوەبوو وتی: من (مرغی دریا هستم) و با امواجی متلاگم خیس نمیشوم)، واتە من باڵندەی ناو دەریام تەڕنابم، ئەوەش کەوا (شاهپوور بەختیار)ی پشت ئەستوور کردبوو و خۆی بەسەر کەوتوودەزانی تەنها عەسکەر بوو، ڕاستە زۆربەی زۆری ژەنەڕاڵەکانی عەسکەری (شا) پەرست بوون و حەزیان نەدەکرد، کەوا ڕژێمی شایەتی لە ناو بچێت، بەڵام خۆی هەستی بەوە نەدەکرد، کەوا ژەنەڕاڵ (قەرەباغی) سەرۆکی ستاد (سەرۆکی ئەرکانی سوپا) لە ژێرەوە هەماهەنگی لەگەڵ، ئاخوندەکان سەر بەخومەینی دروستکردوە، ئەوەش زیاتر لەوەوە هاتبوو کەوا (ژەنەڕاڵ هۆیزەر) ڕاوێژکاری عەسکەری ئەمریکی لە ژێرەوە بە هەموو ژەنەڕاڵەکانی ئێرانی وتبوو، کە باشتر ئەوەیە عەسکەر خۆی دوربخاتەوەو بگەڕێتەوە ناو موڵگەکانی (معەسکەرایەتی)خۆیەوە، ئەوەبوو ژەنەڕاڵ هۆیزەر ماوەی چەند ساڵ پێش ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەش هەر ڕاوێژکاربوو لەناو ئەرتەشی ئێراندا و هەموو ژەنەڕاڵەکانی ئێرانی یەکە یەکە دەناسین، ئەوەش بێگومان سیاسەتێکی ئەمریکابوو هۆیزەر پەیڕەوی دەکرد، چونکە سەرۆک کۆماری ئەوکات (جیمی کارتەر) هیچ لاری نەبوو، کە (شا) دەڕوخێت و خومەینی جێگەی دەگرێتەوە، وای هزر کردبوو کە دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی زیاتر دەتوانێ بەربەرەکانی شیوعیەت بکات، لە کاتێکدا کەوا هەموو گەڵی ئێرانی دژی ڕژێمی (شا) هەستاون هەروەها لە پاریسیش هەموو کاربەدەستانی (CIA) خۆیان گەیاندبووە خومەینی، ئەویش هێندە بەڵێنی پێدابوون، کەوا دژی سیاسەتی ئەمریکا ناوەستێت، ئینجا ئەمانە هەموو بوونە هۆی ئەوەی، کە ژەنەڕاڵ قەرەباغی دەستی شل بێت لە توندو تیژی نواندن، هەرچەندە عەسکەر نەکشابۆوە لە مەیدانەکە، بەڵام تا ڕادەیەک زۆر لە خۆپێشاندانەکە نەرمی زۆریان بەکار دەهێنا، ئەوەی ڕاستی بێت کاریش لەوە چووبووە دەرەوە، کە شاهپوور بەختیاری بێکەس و پشتیوان بتوانێ لە بارودۆخەکەی گوزەران بکات و لە کورسییەکەی خۆی نەیێتە خوارەوە، بەهەر حاڵ کار گەیشتە ئەوەی هیچ شێوەیەکی حکومی و یاسایەکی ڕەسمی لە تاراندا نەما، تا زەباڵە درێژەکان وازیان لە ئیشەکانیان هێنا، خەڵکی زبڵیان لەسەر جادەکان فڕێدەدا، بەنزین و غاز و نەوت بە گوللەش بەدەست نەدەکەوت، لە هەموو ئەو دەردانە گرانتربوو بۆ پەناهەندەیی ئێمەی کوردی عێراق ئەوە بوو، کەوا ئاخووندەکانی تاران دەستیان کرد بە نووسین لە دژی ئێمەی دانیشتووی کەرەج، و هەموو ڕۆژ ئایەتوڵڵا خلخالی و جەلالەدین فارسی لە ڕۆژنامەکان پڕوپاگەندەیان دژی ئێمە بڵاودەکردوە، دەیان وت (سەرانی شۆڕشی کورد) ئەوانەی کەوا سەر بە مەلا مستەفای بارزانین دانیشتووی شاری کەرەجن.

**بەشی شەشەم**

# عەلی حەسەن مستەفا: عاسی ساڵەیی ئازاو قارەمان گەیشتە فریامان



عەلی حەسەن مستەفا

**کۆتایی ساڵی ١٩٦٥ و سەرەتای ساڵی ١٩٦٦:**

هێرشی پێنچ قۆڵی ڕژێم کرایە سەرسەنگەرکانی هێزی پێشمەرگە لە دەشتی کۆیە، کە ئەودەم بارەگای هێزی دەشتی هەولێری لێ بوو.

پاش هێرشە بەزیوو شکست خواردووەکەی دوژمن و تەمبێ نەبوون، بۆ سەدان جار دیسانەوە ڕژێم خۆی کۆکردەوەو بەهێزێکی گەورەو لە پێنج قۆڵەوە لە ڕۆژی ١٩٦٥/١٢/١٢: هێرشی هێنایەوە سەر بارەگاو سەنگەرەکانی پێشمەرگەکانمان

قۆڵی یەکەم: قەشقە بۆ سێ گردکان و سارتکەو شەیتان.

قۆڵی دووەم: بێستانە بۆ چیای دێدەوان.

قۆڵی سێیەم: حاجی وسوو و پەڵکەڕەش بۆ بانە قەڵات.

قۆڵی چوارەم: تەق تەق بۆ ئیلنجاخ و گۆپتەپەو گۆمەشین.

قۆڵی پێنجەم: دێگەڵە بۆ بناری باواجی.

ئێمە وەکو لێژنەی جووتیاران زۆربەی ئەندامان و کادیران و حەوت ئەندامی ناوچە بەشداریمان لە شەڕی دێدەوان کرد. لە ڕۆژی یەکەمی شەڕدا شەڕێکی قارەمانانەمان کردو بۆ دووەم ڕۆژی شەڕ عەبدوڵڵا عەباس و عەبدوڵڵا عەزیزی سەر لق کە خەڵکی کەرکووک بوو شەهید بوون و (ئەنوەر چایچی)ش بریندار بوو دواتر شەهید بوو هەروەها عەلی حاجی ساڵح خۆرانی بە تەیارە بریندار بوو، هەروەها فڕۆکەکانی ڕژێم بەردەوام بۆمب بارانیان دەکردین و لەئەنجامدا (مام عجیل)و (مام سلیمان) بریندار بوون. دوژمن هەر بەرەوپێش دەهات، بەڵام لەبەر هەڵدێری وعاسێی و قایمی ناوچەکە، نەیان توانی وەکو خۆیان دەیانویست کۆنترۆڵی ناوچەکانمان بکەن. بۆ ڕۆژی سێیەم بڕیاردار بنکەی هێزەکانی پێشمەرگەکانمان بگوازرێنەوە و پاشەکشەیان کرد بۆ گوندی سماقە، کە ناوچەیەکی فراوان بوو، ڕێگای ئۆتۆمبێل و زرێ پۆشی بەسەرەوە نەبوو، بۆ ئێوارە هێزەکانمان هەموو گەیشتنە ئەوێ، پەناگەیەکی لە بارو گونجاو بوو، کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ شەهید عەلی هەژار لێپرسراوی یەکەمی ناوچەو لەگەڵ لێپرسراوی پێشمەرگە فارس باوەو مەحمود عەدۆ، کە ڕاوێژکاری فارس باوە بوو کرد، لە کۆبوونەوەکەماندا چەند بڕیارێکی بەپەلە لەسەر ڕوداوو کێشەکان درا:

١– هەموو ئەوانەی کە نەخۆش و بێ چەک و چەکی خراپ بوون مۆڵەت بدرێن و هەر ئەو شەوە بنێردرێنەوە بۆ هێزی سەفین.

٢– هەڵبژاردن و دەست نیشان کردنی پێشمەرگەی ئازاو قارەمان و پشوودرێژ بۆ بەرەکانی جەنگ.

٣– دانانی چاودێرو سەرپەرشتیار بۆ سەر شەڕگەکان لە هەموو گۆڕەپانەکانی شەڕداو بۆ ئەو مەبەستە من و مەلا عومەر دەست نیشان کراین.

٤– بروسکەکردن بۆ هێزی ڕزگاری، کەوا کاک عاصی ساڵەیی ئازاو قارەمان بەخۆی و چەکدارە دلێرەکانییەوە بگەنە فریامان.

٥– لە کۆبوونەوەکەداو لەسەر پێشنیازی من عەمبارێک گەنمان لەگوندی سماقە هەبوو بڕیاردرا دابەشی بکەین بەسەر خەڵکی گوندەکەو ماڵە هەژارەکاندا لە بەر ئەوەی فشارێکی زۆری میوان و هێزی پێشمەرگەیان لەسەر بوو، هەروەها هەر لقەو کەرت و بارەگای پێشمەرگەکانمان یەکی دوو حەیوانمان بۆ سەر بڕین و بەسەریاندا دابەشمان کرد.

بۆ بەیانی من و مەلا عومەر لەگەڵ چوار پێشمەرگە بۆ چاودێری بەرەکانی شەڕ چووینە ناوچەی (میرکە). کاتژمێر دەی بەیانی هێزی ڕژێم لە چیای دێدەوان بەسەر چیا کەوت. ئێمەش لە شاخەکانی میرکە ماینەوەو تا ئێوارە چاودێری سوپای ڕژێممان دەکرد، ئەوە بوو دوو لقی هێزی ڕزگاری لە گوندی (ئومەرگومەت) بەهانامانەوە هاتن، کە سەر هێزی هێزەکەیان کاک عاصی کوڕێکی ئازای خەڵکی کەرکووک بوو، هەر ئەو شەوە ناردیانە شوێنی من و عەلی هەژار، کەوا دوژمن گوندەکانی کۆیەی گرتووەو زۆر گوند سوتاوەو ڕوخاوە، ئەو کاتەش سەرەتای زستان بوو، بۆیە هەر ئەو شەوە بەخێرهاتنی هەردوو لقەکەی ڕزگاریمان کردو جێگای شەڕمان بۆ دەست نیشان کردن. هەروەها ناوداران و پیاوماقووڵانی هەرسێ گوندی سێ گردکان و سێ کانیان و ئومەرگومەت داوای کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کردین و و داواکاری یان ئەمە بوو:

**بەشی چواردەم**

# شێخ عەدنان نەقشبەندی: بۆ بەرژەوەندی کورد، هەتا بنی دنیایێ دەچم

**دیدار: حەمید و عەبدولرەحمان**

*** دوای ئەوە بپەڕینە سەر قۆناغێکی دیکەی ژیانت، ئەویش کۆلێژ و ڕووکردنە بەغدایە، ئەوەیانت چۆن بەڕێ کردووە؟**

– بێگومان من پێنجەمی زانستیم لە هەولێر تەواوکرد، ئەو ساڵەی ئێمە دوو کەس لە هەولێر سەرکەوتین، من و محەمەد شێخۆ، کۆی نمرەکانی من (٦٩)بوو، ئەو (٧٤)ی هێنا، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە هەژاربوو باوکی پۆلیس بوو، ئەو چوو بوو بە مامۆستای سەرەتایی و نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات.

من یەکەمجار تەقدیمی کۆلێژی ماف و کۆلێژی پزیشکیم کرد، عزەدین مەلا فەندی خوالێخۆشبوو، حەزی دەکرد بچمە کۆلێژی ئەندازیاری، کاغەزی بۆ کاک ئیحسان شێرزاد نووسی، لە ژیانی خۆم ئەگەر درۆم کردبێت تەنیا ئەو درۆیەم کردووە، لە کاتێک تەقدیمی کۆلێژی ئەندازیاریم نەکردبوو، وتم: تەقدیمم کردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی هیچ حەزو ئارەزووم لەو کۆلێژە نەدەکرد، لەگەڵ ئەوەی لە وانەی تەنە ئەندازە (هندسه المجسمه) (٨٥)م هەبوو، کە عزەدین مەلا فەندیش دەیویست بچمە ئەو کۆلێژە لەبەر ئەوە بوو، ڕەنگە ئەو کاتە لە هەموو عێراق (٢٠٠) ئەندازیاری لێ نەبووبێت، من سەرەتا لە کۆلێژی ماف وەرنەگیرام، بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئەوکات بەشی ئەدەبیاتیان لە بەشە زانستییەکان بە گرینگتر دەزانی، لە کۆلێژی پزیشکیش یەدەگ بووم و هێشتا وەرنەگیرابووم، ئەو کاتی ئەوی لە کۆلێژ وەرنەگیرابوایە دەکرا بە جێگری ئەفسەر (نائب ضابط)، هەڵبەتە ئەمنیش تاقەتی ئەوەم نەبوو، بۆیە چوومە زانکۆی (حکمە)، ئەم زانکۆیە هی کوڕە دەوڵەمەندەکان بوو، بۆ نموونە کوڕی (سەباح نوری سەعید) لەوێ دەیخوێند.

دەشبوایە (٥٠٠) دینار بدەیت، ساڵی (١٩٥٧) هەموو کەس ئەو پارەیەی نەبوو، لەو زانکۆیە دوو مانگ دەوامم کرد، من لە بەشێک بەناوی زانستی ئەندازە (علوم هندسیه)بووم، بەڵام ئەدەبی ئینگلیزیشمان دەخوێند، پاش دوو مانگەکەی لە هەر یەکە لە کۆلێژی پزیشکی و کۆلێژی ماف وەرگیرام، بێگومان زۆر باش بوو نەچوومە کۆلێژی پزیشکی، لەبەر ئەوەی دکتۆرێکی سەرنەکەوتوو (فاشل)م لێ دەردەچوو، لەبەر ئەوە من پیاوێکی پشوو درێژ نیم، بۆیە فاشیل دەبووم، چونکە پزیشک دەبێ پشوو درێژبێ.

باوکم حەزی دەکرد بچمە کۆلێژی ماف، ئیدی چوومە ئەو کۆلێژە، کە دەکاتە ساڵی (١٩٥٧). دوایی ساڵی (١٩٥٨) کە ئێمە هاوینەکە لە پشوو بووین و گەڕابوومەوە هەولێر و بۆ پۆلی دووەم سەرکەوتبووم، خوالێخۆشبوو (عەتا)ی برام زۆر دوور بوو لە سیاسەت، کە من لە قوتابیان ئیشم دەکرد، بە دزی ئەو ئیشم دەکرد، هەتا ئەو شتە نهێنی و بڵاوکراوانەمان دەشاردەوە، ئەو پێی نەدەزانی، من و ئەو زۆر لێک جیاواز بووین، لە هەموو شتێک لێک دوور بووین، بەیانی (١٣)ی تەمووز لە هەڵەبجە بووین شەو هاتینەوە هەولێرێ، سبەینێ زوو عەتای برام هات وتی: ڕادیۆم کردیتەوە قسەی بە ڕژێمی پاشایەتی دەڵێ، من لەبەر ئەوەی پاشخانی سیاسیم هەبوو، بە دڵخۆشییەوە هەستامەوە و وتم: لە بەغدا شۆڕش بووە، کە هێشتا نەمدەزانی مەسەلە چییە، کە ڕادیۆشم کردەوە، لە ڕاستیدا شۆڕش ڕوویدابوو، ئیدی لە خۆشیان نانی بەیانیم نەخوارد، وای تێگەیشتم (شامی شەریف)ـە بۆ ئێمە، چووم بۆ یانەی فەرمانبەران، سەیرم کرد بەرەحمەت بێ پارێزەران عەونی یوسف و ڕەشید عەبدولقادر و شەمسەدین موفتی دانیشتبوون، دیاربوو خەریکی نووسینی برووسکە و پیرۆزبایی بوون، منیش وتم: ئیمزا دەکەم و بنووسن قوتابی کۆلێژم، ئەوانیش وتیان: هێشتا سەرەتا و سەعاتی یەکەمی شۆڕشە و ڕەنگە سەرکەوتوو نەبێت، کاک عەونی زیندانی بینیوەو کاک ڕەشید و کاک شەمسەدینیش بەهەمان شێوە ئامادەن بۆ هەر ڕووبەڕوو بوونەوەو تەنگ و چەڵەمەیەک، تۆ هێشتا قوتابی، منیش وتم: بەخوای هەر ئیمزای دەکەم، ئەوەبوو بە زۆری ئیمزام کرد، دواتر شۆڕش سەری گرت و خەڵکەکە ڕژانە ناو شەقامەکان، پاش ئەوەی پشووی هاوین بڕایەوە و بۆ خوێندن گەڕاینەوە بەغدا.



شێخ عەدنان نەقشبەندی

بەم شێوەیە پۆلی دووەم و سێیەم و چوارەمیشم لە کۆلێژی ماف ساڵی (١٩٦٠–١٩٦١) لە بەغدا تەواو کرد، ئەو کاتەی ئەوەی لە کۆلێژی ماف دەرچووبا دەیانکردە (ئەفسەر)، هەڵبەت من بڕیارم دابوو ئەفسەرییەکە نەکەم، کە واستەیەکی زۆرم کرد تا وازیان لێهێنام و ئەفسەرییەکەم نەکرد، بێگومان ئەوکاتە سەرەتای ئەوەبوو، کادیرەکانی پارتی وردە وردە لە ترسی حکومەت خۆیان دەشاردەوە و یان هەبوو دەگیرا، لە بیرمە خوالێخۆشبوو عومەر دەبابە لە زیندانی (جەلەولا)بوو، من و شەهید مەئموون دەباغ و خوالێخۆشبوو مەلا عەولا دەچووین سەرمان لێدەدا، کوردێکی زۆر لەوێ زیندانی کرابوون، هی وا هەبوو پەیوەندیشی بە سیاسەتەوە نەبوو، ئیدی کە چووین مەلا عەولا دوور بەدووری وتی: کەفارەتی گوناحانە، هەرچەندە گوناحیشتان نییە، من قسەکەیم زۆر پێ خۆشبوو، یەکێکی دیکە لەوانەی کە گیرا بوو، خوالێخۆشبوو ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی بوو، کە من زۆر بە کەسایەتی ئەو پیاوە سەرسام بووم، لەناو دزەییەکان کەسێکی زۆر ناوداربوو.

ئەوکاتی جارێ ئێمە کاغەز و شتی وامان بەباشی بۆ دەرنەچوو بوو، ئەو دەمە ئەویش لە بەندیخانەی سەرای بوو، من دەمویست بچمە لای، هەندێک تەڕە و پرتەقاڵ و نامەیەکی حزبیشم پێبوو بیدەمێ، تەماشام کرد لەناو زیندانییەکان ئەو دیار نییە، کاتێک گوێم لێبوو یەکێک بانگمی کرد: یاشێخ، ئاوڕم دایەوە دیتم ئەوە کاک ئەحمەد حەمەدەمینە جلکی ئەفەندیانی لەبەرە، من لە ژیانم ئەوم بەو جلکە نەبینیوە!!! هەموو جارێ من دەموت: ئەگەر پێشبڕکێ لە نێوان کوردی جوان بکرێت، ئەوا ئەحمەد حەمەدەمین و عەباسی مامەند ئاغا، کە بەژن و قیافەیەکی زۆر جوانیان هەبوو، ئەوانە دەیبەنەوە.

دواتر بەرە بەرە پێشکەوتنی شۆڕشی ئەیلوول چۆن دەستی پێکرد؟ ئەوکاتی حزب مۆڵەتی کارکردنی هەبوو، لەبەر ئەوەی وایان بەباش زانی و ئەوەی دەخواست لێژنەیەکی ناوخۆی نهێنی پێک بێنن، بەرپرسەکەشی خوالێخۆشبوو عەبدولرحمان زەبیحی بوو، هەروەها کەسەکانی دیکە، کەریم دەولەت، داود یارگە (فەیلی بوو) پار کۆچی دوایی کرد، ئەبوسەلام ئەویش فەیلی بوو، لە شەڕی ناوخۆ لەنێوان هەردوولا سەری تێچوو، منیش بووم، لێژنەی ناوخۆی بەغدا بووین، ئەوکات ڕێکخستنەکانی لق نەبوو، ئێمە یەکسەر سەر بە مەکتەبی سیاسی بووین و لەوێ چالاکی حزبی و کۆبوونەوەی خۆمان دەکرد، جا هەر جارەی لە شوێنێک و لە چایخانەیەک، بۆ ئەوەی هەستمان پێنەکەن، بێگومان خوالێخۆشبوو سدیق میران لە ڕێگای شەقلاوە لە (حوجرانێ) کوژرا، عەبدولکریم قاسم هەر لە گێچەڵ بوو، ئاژاوەی دەگێڕا، دەستی دەخستە ناو کاروبار و ڕیزی حزبەکان، حزبەکانی هەموو کردە دوو بەش، (حزبي وطني ديمقراطي) کردە دوو بەش، حزبی شیوعی ...لەپارتیش هەوڵیدا، بەڵام پێی نەکرا. هێشتا لە بەغدا ڕۆژنامەی خەبات مابوو، ڕۆژنامەی (کوردستان)یش کە مام جەلال خاوەن ئیمتیازی بوو، نە حکومەت ئاگاداربوو نە ئێمە وەکو حزب، پارێزەرەکی عەرەبی بەناوی (ئیبراهیم طویل) گرتبوو، ئەو خەبەری بۆ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد نارد، کە بە نیازە حکومەت دەستگیری بکات، ئەویش خۆی شاردەوەو بەردەستی حکومەت نەکەوت، لەو ماوەیە منیش فەرمانی دەستگیرکردنم بۆ دەرچوو، ماوەی دوومانگ خۆم لەبەر چاوان ونکرد، ئەو دەمە کاک سەلاح شێخ ڕەئووف دەهات جل و شتی بۆ دەهێنام، بۆ نانیش دوو کەس ڕاسپاردرابوون، ئەسعەد خەیلانی و دکتۆر ئەحمەد کەمال، ڕۆژێکیان بە ئۆتۆمبێلێکی حزب، کە شۆفرلێتێکی (٥٨) بوو، ژمارەکەی (١٩٤١/بەغدا) بوو، خواردن و ڕۆژنامەیان بۆ هێنام، منیش زۆر تووڕە بووم، بۆ مام جەلالم نووسی، ئێوە گەمە بەمن دەکەن؟! من خۆم شاردۆتەوە یان دەتانەوێ حکومەت شوێنەکەم بزانێ، چونکە بێگومان حکومەت چاودێری ئۆتۆمبێلەکەی حزبی دەکرد.

وادیارە مام جەلال، برادەرانی ڕەزیل کردبوو، هەردووکیشیان برادەرم بوون، دیاربوو ڕۆژی دواتر هەردووکیان عادز بوون، ئیدی دوای دوو مانگەکە شوێنەکەم گواستەوە بۆ لای سەلاح شێخ ڕەئووف و خدر مەردان ئاغا، کە جێگاکەیان لە پشت سینەما (النصر) بوو، بەراستی زۆریان خزمەت کردم هەتا پاشان فەرمانی دەستگیرکردنەکە لەسەرم هەڵگیرا.

بێگومان دوای دەرچوونی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، ڕۆژنامەی (خەبات)یان داخست و تەنیا ڕۆژنامەی (کوردستان) مایەوە، ڕۆژێکیان لەبیرمە لەبارەگای حزب بووین لە گەڕەکی (بەتاوین)، ئەو ڕۆژەی ڕۆژنامەی خەباتیان داخست، وێنەی (مەهداوی) بە بۆنەی هەفتەی نەورۆزی ئێمە لە ڕۆژنامە چاپکرابوو، ئەمرەکانی حکومەت جارێ، عەبدولکریم قاسم، تفیان لە وێنەکە دەکرد، زانیمان ئەوان چووینە ناو ڕیزی وان، ئەوەندەی پێ نەچوو ڕۆژنامەی کوردستانیشیان داخست و فەرمانی دەستگیر کردنی (مام جەلال)یش دەرچوو، هاتە لای من و لە پانسیۆنەکەو ئەو لەسەر سیسەمەکەی من دەخەوت.

*** (١١) ئازار بەیاننامە بوو یان ڕێکەوتننامە، چونکە خۆت دەزانی ڕێکەوتننامە لە نێوان دوو لایەن دەبێت، (ا) و (ب)؟**

– من خودی خۆم تائێستا بەندە نهێنییەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیەم نەدیوە، بەڵام بە بڕوای من ڕێکەوتننامە بوو، چونکە ئەگەر بەیاننامە بێت بەندی نهێنی پێویست نییە، بۆیە من بە ڕێکەوتننامەی دەزانم، هەرچۆنێک بێت ڕێکەوتننامە یان بەیاننامە، ئەوا لەو قۆناغە شتێکی پڕ بایەخ و گرنگ بوو.

*** شتێکی باش بوو، بەڵام بزووتنەوەی کورد بەو پێشەکییەی لەو ڕێکەوتننامەیە یان بەیاننامەیە هاتبوو ڕازی نییە، کە بەشان و باڵی حزبی بەعس و کۆمەڵێ شتی دیکەی هەڵداوە؟**

– دەزانی چۆن؟ خۆی ئەو هەویرە ئاوی زۆری گەرەکە و ڕەنگە لێرە نەتوانین ئەوەی دەمەوێ بیڵێم، بەو واتایەی ڕەنگە دەبێ زۆر شت بڵێم، کەنامەوێ بیڵێم.

*** ئەدی ئەو کارانەی لە دامودەزگا فەرمییەکان وەرتگرتوون؟**

– سەرەتای دامەزراندنم بەڕێوەبەری ناحیە بووم، لە ساڵی (١٩٦١) لە ناحیەی شبکەی سەر بە قەزای دیوانیە، لەپاشان بۆ حەویجەو لە مانگی ٢ی ساڵی ١٩٦٢ گوازرامەوە بۆ ناسریە دواتر بۆ شێروان مەزن و پاشان قوشتەپەو ئینجا هاوینەهەواری سەلاحەدین، ئەمەش بە فەرمانێکی ڕەسمی (عەبدولوەهاب ئەتروشی) داوای گواستنەوەی کرد بۆ ئەم شوێنە، تا ساڵی (١٩٧٤) لە سەلاحەدین مامەوە، بەڵام لە ساڵی (١٩٧٣) بارو دۆخی (خانەقین) زۆر خراپ بوو، ڕۆژێک بە ڕەحمەت بێ سەیدا ساڵح یوسفی هات، لە ئوتێل هات و منیش ماچم کرد و پێم وت: سەیدا ماندوو نەبی، ئەویش پاش چاک و چۆنی پێی وتم: وەڵڵا یاشێخ تۆ بوویتە قائیمقامی خانەقین، منیش دەمزانی ڕەوشەکە چۆنە؟ وتم: سەیدا ئەگەر بەرژەوەندی کوردی تێدابێت، من هەتا بنی دنیایێ دەچم، هەڵبەتە دەزانم بەرژەوەندی کوردی تێدایە، بەڵام هەتا پۆلیسەکانیش عەرەبن، خۆ من بەتەنیا ڕۆستەمی زاڵ نیم چیم پێدەکرێ، دیاربوو زۆر سووربوو لەسەر شتەکە، منیش قسەم نەکرد، بەیانی هاتمە هەولێرێ، دیاربوو عەبدوڵڵا ئەتروشی زۆر تووڕە بوو، چۆن دەبێ من ئاگام لەم کارە نەبێت...وایدەزانی من ئاگام لەم گواستنەوەی خۆم هەیە، بێگومان لە پێشدا بە هیچم نەزانیبوو، ئەوە بوو ئەتروشی پێی وتم: بڕۆ تۆ (١٠) ڕۆژ مۆڵەت و ئیجازەت دەدەمێ لە بەغدا فەرمانەکەت هەڵوەشێنەوە، منیش چووم، سەرەتا چوومە لای سەیدا ساڵح یوسفی لە ئەنجومەنی نیشتیمانی (مجلس الوطني) بوو، هەتا گەیشتمە لای، بە لای دەیان پاسەوان و ئینزیبات تێپەڕیم، وتم: سەیدا هەر ئەو ئینزیباتانە لێرە بتخنکێنن ئێمە لە کوردستان پێت نازانین و ئاگامان لەهیچ نییە!!

لەگەڵ ئەو هیچم دستنەکەوت و سوودی نەبوو، چوومە لای شەهید سامی عەبدولرەحمان، کە ئەوکاتە لە بەغدا وەزیری کاروباری باکوور بوو، کاک سامی وتی: یاشێخ تۆ ئێمە ئیحراج دەکەی، چونکە ئەوکاتە لێژنەیەک هەبوو لەنێوان کورد و بەعسدا، پێیان دەوت لێژنەی (دیالۆگ)، هی ئەوان بەسەرۆکایەتی عەبدولخالق سامەرائی بوو، کە دواتر لە سێدارەدرا، هی ئێمەش بە سەرۆکایەتی حەبیب محەمەد کەریم و سامیش ئەندام بوو، ئەندامی حکومەتیش سەعدون غێدانی وەزیری ناوخۆ بوو، وتی: ئێمە لە لێژنەی دیالۆگ، بابەتەکەمان باس کردو تەواو بوو و براوەتەوە، ئێستا ناکرێت بمانخەیتەوە ناو ئەو هەڵوێستەوە، لەوێش سوودی نەبوو، وتی: بەیانی وەرە لای من نان دەخۆی، ئیدی چوومەوە هوتێل، بیرم کردەوە چی بکەم لەو قەیران و تەنگ و چەڵەمەیە دەربازم بێت، پێش من فوئاد دزەییان گوایە بەڕێوەبەری ناحیە یارمەتی دەدات ناردیانە ئەوێ، دوایی فوئاد بووە بەعسی و پاشان بەجێی هێشت، بەیانی کە چوومە لای کاک سامی پێم وت: من ڕازیم بچمە خانەقین، وتی: دەمزانی ئیحراجمان ناکەیت، وتم: بەڵێ، بەڵام من مەرجم هەیە، ئەویش وتی: هەر مەرجێکت هەیە بەسەر چاو، وتم: یەک فەوج پاسەوانی سنوور، پێشمەرگەی دەشتی هەولێرێ لە پێشمەرگەکانی فارس باوەم دەوێت و سەر بە قائیمقامیەت بێت، من دەچم و هیچ لاریم نییە، وتی: بەسەر چاوان ڕۆژی پاشتر کاک سامی هاتەوە پێکەنی، وتی: وەڵڵا فێڵەکی باشت لێکردین، وتی: کاتێک لە لێژنەی دیالۆگ باسی بابەت و پێشنیازەکەی تۆمان کرد، سەعدون غێدان هەستاوەو وتوویەتی: عەدنان نەقشبەندی نایەوێ ببێت بە قائمقامی خانەقین، گەرەکێتی دەوڵەتی کوردی لە خانەقین دابمەزرێنێ، منیش بۆ ئەوەم بوو کارەکە سەر نەگرێت، وابوو من نەچووم بۆ ئەوێ، ئیدی کەسێکی دیکەیان نارد بەناوی (مەحمود زەیدی) لە موخابەرات بوو، پاشان بریندار بوو، کێشەو بینەو بەردەیەکی زۆری بەدواوە بوو، دوای ماوەیەکی دیکە هێشتا من لە هاوینەهەواری سەلاحەدینم، پێش (١١)ی ئاداری ١٩٧٤ بە ماوەیەکی کەم، کاک سامی هاتە مەسیف لە سەرەوە دەگەڕاوە، وتی: تۆ بۆ جێگری پارێزگاری دهۆک دەست نیشانکراوی، ئەوەش لەبەرئەوەی عەلی سنجاری جێگری پارێزگای دهۆک بە کوشتنی قائمقامی سنجار تۆمەتبار کرابوو، کارەکەی جێهێشت و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەو شۆڕشەوە کرد، منیش وتم: کاک سامی، من لە هەولێر هەموو خەڵک و عەشیرەتەکان دەمناسن و دەیانناسم، بەڵام لە دهۆک ڕەنگە هەر هەزار کەس بناسم، لە هەولێرێ زۆر تێکەڵاویم هەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر (١١)ی ئادارەکە بە ئارامی و سەلامەتی تێپەربێت، ئەوا دەچم لەوێ دەوام دەکەم، ئەگەرنا لەجێگایەکی تر دەتبینمەوە، ڕێکەوتیش وابوو، دواتر لەشاخ لەگەڵ کاک سامی بەیەکەوە ئیشمانکرد، ئیدی من لە ساڵی (١٩٧٤) کە کۆتایی بە دیالۆگ هات، نێوان حکومەت و شۆڕش تێکچوو، چوومە شاخ و پەیوەندیم بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کرد، دواتر هاتینەوە ئێمەی ڕەوانەی خوارووی عێراق کرد، بۆ ماوەی پێنج ساڵ، تا ساڵی (١٩٨٠)لە باشوور گەڕاینەوە.

*** دوای ڕاپەڕین لە چ پۆستێکەوە دەستت پێکرد، وەک بزانین لە پەرلەمان کارت کردووە، دواتریش بۆ ماوەی چەند ساڵێک پۆستی وەزیری ئەوقافت پێ سپێردرا؟**

– دوای ڕاپەڕین من بووم بە ئەندام پەرلەمان، پۆستی جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی و سەرۆکی لێژنەی یاسایی بووم، ئەوە تا ساڵی (١٩٩٩) لە مانگی دوازدەی ساڵی (١٩٩٩) پۆستی وەزیری ئەوقافم وەرگرت، زیاتر لە شەش ساڵ لەوێ مامەوە، ئێستا لە ماڵەوە دانیشتووم و خانەنشینم.

*** دوا پرسیار و کلیلدانی گفتوگۆکەمان ئەوەیە مامۆستا حەزت لە چ خواردنێکە؟**

– من خۆم کابرایەکی کەم خۆرم و هەموو خواردنێکم پێخۆشە، حەزم لە برنجی باشە، برنجی کوردیم حەز لێیە.

*** ئەدی خواردنە هەولێرییەکان؟**

– خواردنی هەولێری دۆڵمەی دەکەن، گیپەش دەکەن، لەو چەند ڕۆژە هەندێک برادەرم بە گیپە داوەت کردووە، کەچی بەخۆم نایخۆم.

**بەشی سێیەم و کۆتایی**

---

## مرۆ (١٠٣)

# هەمووان بەڵێن دەدەن

ماوەیەکە لێرەو لەوێ بەئاشکراو بە نهێنی باس لە ریفۆرم و گۆڕانکاری دەکرێ، ئەو قسەو باسەش هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان و میدیای کوردی و دەرەوەی گرتۆتەوە، جگە لەو کوردە ڕەسەنانەی کە دەگریان و فیغانی ئەوەیان بوو، ئەگەر ماڵی کوردان تێکبچێ کێ بنیاتی دەنێتەوە، خەڵکە بە پەرۆش و کوردپەروەرەکان دەیانگوت: ماڵتێکدان و ماڵوێرانی و خراپ کردنی ئاسانە، بەڵام بیناکردنەوە، ئەستەمە ئەوە پەنجا ساڵە کۆی دەکەینەوەو بە فوویەکی لەنێوی بدەین.

خەڵکانێک هەن، چۆن لە شەڕی ناوخۆ سوودمەند بوون و هەرگیزاو هەرگیز چاویان بەرایی نەدەهات شەڕی براکوژی نێوان"پ.د.ک و ی.ن.ک"بەکۆتا بێت و چەندین کێشەیان دروستدەکرد. ئاواش ئەمڕۆ خەڵکانێک هەن لە کێشەی ئەم دوایییەی گەلی کوردستان بە وتەی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم کێشەی"ی.ن.ک"، گەلی کوردستان و تێکرای گەلی کورد زەرەرمەند دەبن، بە"پارتی دیموکراتی کوردستان"یشەوە، هەروەها بەڕێز کاک کۆسرەت جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش سەبارەت بە هەمان کێشە لە وتەیەکی لە کەناڵی ئا سما نی " گە لی کوردستان" بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان گوتی:"ئەو کێشانە تایبەتن بە چاککردن و بەهێزکردنی ڕەوشی ناوخۆی "ی.ن.ک" و مشتوماڵ کردنەوەی پەیوەندییەکانی"ی.ن.ک" لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ڕێکخستنەوەی دامودەزگاکانی حکومەت..."



حەمید ئەبوبەکر بەدرخان

لە بەرامبەریشدا د. بەرهەم ساڵح، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق هەر سەبارەت بەم کێشەیە گوتی:"پێکەوە لەگەڵ برای بەڕێزم کاک کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی و بە ڕاوێژ لەگەڵ ژمارەیەک لە هەڤاڵانی"م.س"کۆمەڵێک پێشنیازمان گەڵاڵە کردو پێشکەش بە جەنابی"مام جەلال"مان کرد، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە..."

هەر لەڕوانگەی ئەو کێشانەوە، کوردە بەشەرەف و خۆنەویستەکان دەیانگوت: هەقی خۆیەتی سەرکردایەتی سیاسی کورد هەرچی دەکاو چۆن پەیوەندییەکانی خۆی بینا دەکاو هەموو کێشەکان هەرچییەک بێت با لەنێو خۆیان چارەسەری بکەن، چونکە بە پلەی یەکەم دوژمنان ئەوانەی خۆیان مەڵاسداوە سوودمەند دەبن، بەتایبەتی شۆڤێنیستی عەرەب و ئەو حیزبانەش ئەگەر"ی.ن.ک" و "پ.د.ک"مینحەیان نەدەنێ، ناتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن.

ئەوە جگە لەو وڵاتانەی کە بەرژەوەندییان لەگەڵ کورد نییەو هەر خەریکی نانەوەی کێشەن ڕۆژێک تۆپباران و ڕۆژێکی دیکە ناردنی گورگ بۆ نێو ڕانە مەڕەکان و ڕۆژێک ناردنی خواردنی ئیکسپایەر، ئەوە جگە لە شەڕەکانی مالیکی و جاشەکان و گروپی سەلەفی و...تاد.

لەکۆتاییدا دەخوازم بێژم: هیچ کەس ناتوانێ ماڵی کوردان تێک بدات، هەیهات هەیهات، ڕقی پیرۆزی جەماوەری بەشەرەفی کوردستان ئەوەندە ئەستوورە، هیچ هێزێک بەرگەی ناگرێ، ئەمڕۆش هەروەکو جەنابی کاک کۆسرەت دەڵێ:"هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی هەموویان بەڵێنیان داوە لەهەر شوێنێک دایانبنێین وەکو ئەندامێکی"ی.ن.ک" قبووڵیانەو پابەند دەبن پێوەی، ئەو دۆخەی هەبوو نەیهێڵین.

---

# بۆ بەردەم وەزارەتی پەروەردە

**بەختیار ئەحمەد مەحمود**

ناتوانرێ ڕۆڵ و ئەرکەکانی وەزارەتی پەروەدە فەرامۆشبکرێ لە کارکردن و پلانڕێژی بۆ بەرزراگرتن و گۆڕانکاری لەمیتۆدی چەقبەستوو سواو بەرەو ئاراستەی خوازراوی مەبەست کە بەرجەستەکردنی بەرەو پێشبردنی بنەماکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە، هەروەها با ئەوەشمان لەیاد بێ لایەنی مەبەست توانی لەبنجەوە بەرنامەو میتۆردی خوێندن بگۆڕێ، وێڕای ئەوەش وەزارەت بەمەبەستی پۆلینکردنی ئاستی فێرخوازان، هەڵسا بەکردنەوەی چەندین خوێندگەی تایبەتی بۆ ئەوانەی ئاستی فێربوونیان لە پلەیەکی نایابدایە هەڵبەت ئەم هەنگاوە جێگای دڵخۆشییە، بەڵام سەرنجی لایەنی پەیوەندیداری پەروەردەیی ڕادەکێشم بەوەی لەبەرئەوەی ئەو خوێندنگە نموونەیانە هەموو بە کێبڕکێی نمرەیی وەرگیران، لەسەرەتاوە هەنگاو ڕێوجێی دروستیان پەیڕەوکرد، ئەویش لەپێناو کاراکردنی ئەو فێرخوازانەو نازراگرتن و پشتەوانیکردنیان کە مایەی دەستخۆشی و ستایشە، هەمئاهەنگی و پشتەوانیکردنەکەش لەشێوەی دابینکردنی کرێی هاتوچۆکردنیان و دابینکردنی جل وبەرگ و پۆشاک و تائاستی دابینکردنی کرێی دروونیش، بەڵام ئەوەی جێگای پرس و پرسیارو نیگەرانییە، ماوەی دوو ساڵە تێبینی دەکرێ سەرجەم خوێندنگە نمونەییەکان و بەهرەداران لەو پاداشت و بەخشینە بێ بەشبووینە، شایاتی گوتنیشە سەرەڕای ئەمەش ساڵانە لەلایەن پەیوەندیداری دەستەی کارگێڕییەکانەوە بەچەندین بەڵێن و پەیمان گۆشدەکرێن و سڕدەکرێن، بەوەی سات بەسات چاوەڕوانن کە لایەنی پەروەردەیی وەڵامی داواکاریان بداتەوە.

بۆیە خوازیارم و داواکارم لەلایەن پەیوەندیداری وەزارەتی پەروەردە ئەم گرفت و پرسەیە هەڵسەنگێنن، بۆ ئەوەی ئەو بەخشین و خەڵاتانەیان بۆ بگێڕنەوە هەروەک ساڵانی ڕابردوو، لەپێناو ئەوەی زیاتر ڕۆڵی ئەو خاوەن بەهرانە بەرزراگیرێت و پشتیوانی و گرنگیان پێبدرێ، بۆئەوەی لە ئاییندەدا بتوانن بەرزترین نمرە بەدەست بێنن، وێڕای ئەوەش ئامانج و مەبەستی گەورەی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن کەبەرزراگرتنی ئاستی دەرچوون و ئاستی زانستیشە لەبەرچاوبگیرێ و ئەژماربکرێ.

رۆژنامەوانی

## رۆژانی بوو... (٣٩)
# زنجیرەیەک لە بیرەوەرییەکانم

*** سەرەتا تێبینیەکی بچووک**

لە ژمارەی رابردوو (111) لە 2009/2/8 لە ئەڵقەی (28)دا لە دوو توێی بیرەوەرییەکانم (رۆژانێ بوو) هاتووە کاتێ دەڵێم:(دەبا ئەوەش بڵێم لەو ساڵەدا کە لە هیران بووم (1963_1970) کەچی راستییەکەی ساڵەکە (1969_1970)یە هەڵەی چاپی تێکەوتووە لەگەڵ داوای لێبووردن).

* لەناوەڕاستی مانگی شوباتی/1969 بوو، تازە خۆر کۆچ و کۆچباری تێکنابوو و لە ئاوابووندا بوو، بەرەو مەنزڵگاکەی شەو دەگەڕامەوە، دەنگێکای ئاشنا بە گوێم بە کاک (موحسین) ئاوڕێکی زەینی پێدامەوە، کوڕێکی خرکەڵەی ماندوو، جەمەدانییەکی لە دەم و چاوی خۆی ئاڵاندبوو، دەنگەکە غەریب نەبوو، بەڵام بە تەواوی بۆم ساغ نەبۆوە تا لێم نزیک نەکەوتەوە وتی: کاک (موحسین)، جەمەدانییەکەم لە دەم و چاو ناکەمەوە، من (نووری)م با کەس نەم ناسێتەوە، جارێ بڕۆرین جێگاکەت لە کوێیە، وتم: بە خێر بێیت، ئاوەدانت کردەوە، رووناکیت پێبەخشیم، بەسەر پەیژەی قوتابخانەکەمان کەوتین، لە ژوورەوە جەمادانییەکەی کردەوە، باوەشمان بە یەکا کرد و یەکترمان ماچ کرد، بەڵێ شەهید (نووری) نانەکەلی بوو، وتم: ئەوە چ دەکەی و چۆن هاتییە ئێرە، وتی: بە ئیش و کاری یەکێتی قوتابیان و رێکخستنی تازەمان لەشار، دەبێ ئەمشەو لەگەڵمدا بێیت بۆلای هەڤاڵ عەلی هەژار لە ناوچەی جووتیارانی دەشتی هەولێر پاشان بچیینە لقی2(پ.د.ک).

وتم: زۆر باشە، بەڵام نانێک بخۆ دواتر دەڕۆین، وتی: کە گەڕاینەوە ئەوسا، دیسان خۆی دەمامکداو چووینە ئەو دوو شوێنەی کە مەبەستی بوو، مەوعیدی بۆ بەیانی وەرگرت و گەڕاینەوە بینایەی قوتابخانەکەمان و لەگەڵ هاوڕێکانم مامۆستایانی شۆڕش کە لە یەک ژووری گەورە، ژمارەمان شەش کەس بووین بە یەکتریانم ناساند، ئینجا کە قەیتانی کاڵەکەی کردەوە پێیەکانی بەدەم رۆیشتنی رێگا هێندە



موحسین ئاوارە

ئەستوور ببوو، کە لە هەولێرەوە تا هیران بە پای پەتی بەچەند رۆژ رۆیشتووە، بە زەحمەت پێکانی لە کاڵەکە هاتەدەر، سۆبەمان داگیرسان و مەنجەڵێک ئاومان گەرم کرد، شەهید نووری خۆی گۆڕی و دەم و چاوی شووشت و هەندێک هاتەوە سەرخۆو هەڵسایەوە، چووم تەشتێکم هێنا و ئاوی گەرم تێکردو، پێم وت: وەرە دانیشە و پێیەکانت بخە ناو ئاوی گەرم، وردە وردە ئارام دەبییەوە و ئێشی پێکانت دادەمرکێ، بۆ خۆشبەختی لەو شەوە شەهید نووری میوان بوو، لە کۆیە لە ماڵی شەهید ئازاد حەمە گەمحان (قولمە)مان بۆ هاتبوو، لە شەقڵاوەشی لە ماڵی (نوری مەتی) خوالێخۆشبوو و جوانەمەرگ محەمەد ئەحمەد بەگ، چەرەزات و خواردنێکی زۆریان بە تەتەرێکی (شەقڵاوە_هیران) رەوانە کردبوو، یادیان بەخێر ئەو سێ ناوبراوەی ناویانم هێنا هەرسێکیان لەگەڵ مندا مامۆستای شۆڕش بوون و لەیەک ژوور دەخەوتین، شەو کە سفرەمان رازاندەوە، شەهید نووری وایدەزانی هەمیشە وا ژیان بەسەر دەبەین، بۆیە وتی: من ئەمشەو لە ئوتێلێکی نمرە پێنج دابەزیوم، ئەی بۆ دەڵێن پێشمەرگەین؟ وتم: ئێرە هەر وایە، تۆش بە یەکجاری بمێنێوە و مەچۆوە شار، پێم خۆشبوو بەو وەزعە منی دی، چونکە کە گەڕایەوە شار ئەو وەزعە بۆ ماڵی ئێمە دەگێڕێتەوە، ماڵی ئێمە ئاسوودە دەبن، لە خەمی دووری و ترس و ناخۆشیان کەم دەکاتەوە، دوای ئەوەی تێر قسەو جدیات و نوکتە و گفتوگۆ بووین، بە شەهید نووریم وت: ئەوجا با هەندێک زوو بخەوین بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرەبەیانێکی زوو لەخەو هەڵسین، چونکە دەبێ ئامادە بین، نەوەک فڕۆکە وەفادارەکانی رژێم بگەنە سەرمان و فریای راکردن نەکەوین بۆ ناو ئەو رەزانەی خوارەوە، بەتایبەتی فڕۆکەی قون گران ئەلۆیشین، کە ناپاڵم هەڵدەگرێ.

شەهید نووری هەڵوەستەیەکی کردو هۆشی چەند پلەیەک سەرکەوت و دواتر گەڕایەوە سەرخۆ و وتی: بۆ ئەو حاڵەتەشتان هەیە...! وتم: ئەی چۆن! پێت وایە ئەمشەو وا بەتێرو تەسەلی خۆشمان بەسەربرد، هەموو رۆژ و شەوانمان هەر وایە، نەتبیستووە (سینۆهە) دەڵێت:(بینیم ئەوانەی، کە بەکاسەی زێڕین شەڕابیان دەنۆشی لە کەنار رووباردا بەدەست ئاو دەخۆنەوە). ئەی نەتبیستووە (خەیام)ی شاعیریش دەڵێت:

**بولبول وتی بە زوبانی حاڵ   رۆژێ پێکەنین...ساڵێ گریان**

* لە ماوە ئەو ساڵەی لە هیران بووم، توانیم هەر لەو مانگەدا لە کۆتایی شوبات/1969 بە هاریکاری مامۆستایانی شۆڕش، لە نێو چەقی ناحیەی هیران لەسەر گردێکدا کە کەوتۆتە ناوەڕاستی ناحیە، شانۆیەک دروست بکەین، هەرچەندە سادەو ساکار بوو، بە ئامادە بوونی لێپسراوان و دانیشتوانی ئەم دەڤەرە و پێشمەرگەکانی ئامادە بوو، لە ئێوارەیەکی قەشەنگدا ئاهەنگێک ساز بکەین، سەرەتا بە چەند وتارێک دوای وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان ئینجا پێشکەش کردنی شانۆگەرییەکی کۆمیدی، کە خۆم نووسیبووم و ئامادەم کردبوو، ئەویش سوودم لە نووکتەیەک وەرگرتبوو، کە لەو شانۆنامەیە تەوزیفم کرد، بابەتەکەم پێ فراوانکرد، نوکتەکەش گوایە ( مامۆستایەک بە بێجامەوە لە قوتابخانەیەکدا وانە دەڵێتەوە، تاقەتی نەبووە جل بگۆڕێ لە پەنجەرەوە سەرپەرشتیار (مفتیش) دەبینێ، سەغڵەت دەبێ و بیردەکاتەوە چی بکات، بە قوتابییان دەڵێ ئەو ئەفەندییە وا بۆ ئێرە دێ، هەر بە ژوور کەوت، هەمووتان راکەن و مەگەڕێنەوە، کە سەرپەرشتیارە فەندی بە ژوورە دەکەوێ، هەموو قوتابییەکان رادەکەن، مامۆستاکەش بە سەرپەرشتیارەکە دەڵێ: ئەو قوتابیانە لە چاکەت و پانتۆڵ دەترسن، بۆیە رایانکرد، نابینی وا منیش بە بێجامەوە وانە دەڵێمەوە؟!!.

جگە لەو شانۆیە چەند سروودێکی نیشتیمانی و چەند گۆرانییەک لە لایەن قوتابیانەوە پێشکەش کرا، بە رێکەوت چەند مۆسیقاژەنێکی خەڵکی شەقڵاوە، بە خۆ و ئامێرەکانیان لە هیران بوون، ئەوانیش ئاهەنگەکەیان دەوڵەمەند تر کرد، کارێک بوو، ژیانەوەیەک بوو، جموجۆڵێکی تازەی بەخشی، جێگای رەزامەندی گشت لایەک بوو.

## سدیق حەسەن شوکری (مەمەد): سەرنووسەری کوردستان راپۆرت:
# لە کوردستان راپۆرت هێڵی سوورمان نییە، بەڵام ئەخلاقی رۆژنامەگەریمان هەیە

**زۆرن ئەو رۆژنامەنووسانەی خەریکی کارکردنن لە دنیای رۆژنامەگەری کوردی، ئێمەش وەکو بەدرخان بە پێویستی دەزانین هەرجارەی یەکێک لەو کەسە ماندوونەناسانە بدوێنین، بۆ ئەوجارەش (سدیق حەسەن شوکری "مەمەد") سەرنووسەری کوردستان راپۆرت بدوێنین...**

**ئا: مەسعود ئیبراهیم مەلا هەمزە**

مەمەد لە پێناسە و خۆناساندنی خۆی دەڵێ: ناوم (سدیق حەسەن شوکری)یە، بە هۆی کاری سیاسییەوە بە "مەمەد" ناسراوم، سەرەتای خەباتی سیاسیم هەر لە تەمەنی گەنجێتیەوە دەستی پێکردووە لە ساڵی ١٩٨٢، لە ساڵی (١٩٩٣)ش خەباتی رۆژنامەوانیم بە شێوەیەکی کارا دەستپێکردووە و تا ئێستا بەردەوامم و لە چەند رۆژنامە و گۆڤارێکی سیاسی کارمکردووە بە شێوەیەکی کارا، لە خوێندنیش تا ئامادەییم خوێندووە، لەبەر شەڕ و ئاوارەبوون نەمتوانیوە خوێندن تەواوبکەم.

*** سەرەتای دەستکردنت بە خوێندنەوە و نووسین بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

– سەرەتای نووسینی من دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی منداڵی، من لە سەرەتای هەشتاکان بە کۆمەڵە نووسەر و شاعیرێک کاریگەر بووم، کە ئەوان کاریان تێکردم و زیاتر بەرەو شیعر و ئەدەبیات هانیاندام، یەکێک لەوانە شیعری شاعیری گەورەی کورد مەلای گەورە بوو، بەڕاستی هەوێنی نووسین و خوێندنەوەی من بوون، دوای ئەوە دەقەکانی ئەدەبیات و نووسینەکانی عەلائەدین سەجادی کە ئەوانە هەر لە سەرەتای تەمەنم لە ١٤–١٥ ساڵی کاریگەرییەکی زۆریان لێکردم و سەرەتای فکر و نووسین و خوێندنەوەی من بوو.

*** بە ئەدەب دەستتپێکرد، دواتر ئەو رێڕەوە چۆن گۆڕاو تێکەڵی دنیای رۆژنامەگەری بوو، بە تایبەتی سیاسی؟**

– ئەوانە هاندەرێک بوون، یانی لەناو خودی شیعرەکانی مەلای گەورەدا هاندەری نەتەوایەتی و سیاسی و فکری تێدابوو، دوای ئەوە نووسینەکانی عەلائەدین سەجادی و نووسەرانی دیکەی کورد کە لایەنی قوڵکردنەوەی ئەدەب و مێژووی ئەدەبی کوردی تێدابوو، هانیاندام کە بەدوای هەندێک شتی دیکەدا بگەڕێم، وەکو مێژوو، هەقیقەتی ئەو وڵاتە، دوای ئەوە وایلێهات هەندێک شتم لەلا گەڵاڵە بوو کە کێشەکانی ئایدۆلۆجی، تێنەگەیشتنی تەواو لە مێژووی مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی هۆکارن بۆ ئەوەی کێشەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، نەتەوایەتی چارەسەر نابن، ئەمە بوو کە من لە ماوەیەکی کەمدا بەدوای فکری چەپدا دەگەڕام، کە گەیشتمە ئەو قەناعەتەی بنەڕەتی چارەسەرکردنی کێشەکان لە فکری چەپدایە، بۆیە دەبێ کار لەسەر لایەنی چەپ بکرێ لە ناوەندی سیاسی کورددا، بۆ ئەوەی کە کورد بتوانێ تەکانێک بە جووڵەی رزگاریخوازی بدات، کە ئەو فکرە لە سەرەتای ١٩٨٢ لای من گەڵاڵە بوو، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر زۆر ساوایانە بوو، یانی پێنەگەیشتوو و کامل نەبوو، کاریگەر بووین بە فکرمەندان و بیرمەندانی دەرەوە، کە هەندێک لەوانە توانیویانە بگەنە ئەنجامی شۆڕشگێڕی و سەرکەوتنیشیان بەدەست هێنابوو، وەکو شۆڕشی ڤێتنام و کوبا کە ئەوە کاریگەرییەکی راستەوخۆی لەسەر ئێمە کردبوو، لەوانەش زیاتر سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو، نووسینەکان و ئەدەبیات لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر، بەدواداچوونمان بۆ پێگیریمان بۆ بیروڕاکانی مارکسی لینین، وای لەمن کردبوو کە ئیتر بەرەو چەپ بڕۆم.

*** بەر لە کوردستان راپۆرت لەکوێ کاری رۆژنامەوانیت دەکرد؟**

– من لە ساڵی ١٩٩٣ یەکەم ژمارەی (بانگا سەربەخۆن)م دەرکرد، تا چەند ژمارەیەک کارم تێداکرد، دوای ئەوە هەفتەنامەی (وڵات)م دامەزراند بە هاوکاری سەرفراز نەقشبەندی کە ژنێکی کارامە و لێهاتوو بوو، هەفتەنامەیەکەش سیاسی، گشتی، کلتووری بوو، بەڵام بێ لایەن نەبوو، ئینتیمای سیاسی شۆڕشی باکووری کوردستانی هەبوو، ئەو مۆرکەی پێوە دیاربوو، خۆشم کەسێکی چالاک بووم لەو بوارە، من ئەوکارەم دەستپێکرد. کە دەتوانم بڵێم یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی بوو لە باشووری کوردستان دەرچوو، سەردەمێکیش ئەو هەفتەنامەیەمان لە شاخ دەرکرد، دوایی بڕیاردرا و من هاتم لە هەولێر دەستم بە دامەزراندنی هەفتەنامەی وڵات کرد و لە مانگی ٥ی ١٩٩٣ ژمارەی سفرمان دەرکرد، کە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو لە ناوخۆ و لە میدیای جیهانیش.

لە ئەورووپاش گۆڤارێکمان بەناوی (کوردستانی ئەمڕۆ) دەرکرد، تا چەند ژمارەیەک بابەت و نووسینم هەبوو، دوای ئەوە بەهۆی کاری سیاسی نەمتوانی درێژە بە بواری رۆژنامەگەری بدەم و لێی دوورکەوتمەوە، چونکە خەباتی سیاسی و رۆژنامەگەری من هاوتەریبی یەکتر بوون تا دامەزراندنی کوردستان راپۆرت، دوای کوردستان راپۆرت ئیتر بە تەواوی خۆم بۆ کاری رۆژنامەگەری تەرخانکردوو و لەوێوە ئیتر کاری سیاسیم نەکردووە، بۆ کورستان راپۆرتیش سەرەتا من خاوەن ئیمتیازبووم و خۆم هەموو شتەکانم بۆ دامەزراند، لەو کاتیشەوە تا ئێستا لەگەڵدام.

*** ئامانج لە دامەزراندنی کوردستان راپۆرت چی بووە و چییە؟**

– من دوای خەباتێکی دوور و درێژی چەپگەرایی کە رادیکالیزمێکی زۆری تێدابوو، هەم لە لایەنی راستڕەوی و هەم لە لایەنی چەپڕەوی کوردەوە، کە وایکردووە خەڵکی کورد بە تایبەتی رۆشنبیران و سیاسەتمەداران لە یەک حاڵی نەبوونێک هەیە، بە بڕوای من ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ قووڵ نەبوونەوەی لایەنی تیۆری و کێشەکان لەلایەن کورد و پێنەگەیشتنی ئایدۆلۆژی لە کەسایەتی کۆمەڵگای کوردیدا، کە وادەکات رادیکالیزمێکی بێ سنوور دروست دەبێ، ئەمەش کارەساتێکی زۆری بۆ کورد ناوەتەوە، بۆیە من گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە پێش هەموو شتێک دەبێ چاکسازی لە رۆژنامەگەریدا بکرێ، چونکە ئەگەر بێتوو رۆژنامەگەری بەرەو رادیکالیزمێکی زۆر بڕوا ئەوجا چ لەراست بێ یا چەپ، ئەوە کارەساتە بۆ ئەو وڵاتە، بۆیە من ئەو بیرۆکەم بۆ دروستبوو کە بە هاوکاری کۆمەڵە برادەرێک و چەند لایەنێک ئێمە کار لەسەر هێڵێکی لیبراڵ بکەین لەناو رۆژنامەگەری کوردیدا، یانی کار لەسەر بنەمای تەحریک و تەحریز و تەشهیرکردنی ئەو لایەن و ئەم لایەن نەکەین، یانی شتەکان واقیعەن وەکو چۆن هەیە بیگوێزینەوە، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە کوردستان راپۆرتمان دامەزراند، لە سەرەتای کۆبوونەوەکانیش زۆر بە ئاشکرا بە برادەرانم دەگوت لیبرالیزم چەمکێکی کۆمەڵایەتی– ئابووری– سیاسی– فراوانە، پێش هەموو شتێک دەبێ ئێمە ئیش لەسەر بنەمای فکری لیبرالیزم لە رۆژنامەگەری کوردیدا بکەین، دەبێ کە بزانین کۆمەڵگای کوردی تا ئەم رادەیە لە چەمکەکانی لیبرالیزم تێنەگەیشتووە، ئابووری لیبرالیزم لە کوردستان گەشەی نەکردووە، ئەوە کارێکی زەحمەتە بۆ ئەوەی کە تۆ لە رۆژنامەگەرییەوە ئەو کارە بکەی، مادام تۆ لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری بیری لیبرالیزم گەشەی نەکردووە، لە رۆژنامەگەریدا ئیشکردن زۆر زەحمەتە، بەڵام ئەوە کاروانێکە ئێمە دەستمان پێکردووە، من دەمگۆت لەوانەیە ٥٠ ساڵی دیکە ئەنجامی ئەوە وەربگرین، یان لەوانەیە گەنجێکی دیکە ئەنجامەکە وەربگرێ.

*** لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئامانجەی لەسەری دامەزرا، لە سەدا چەندتان هێناوەتە دی؟**

– ئێمە لە کوردستان راپۆرتدا زۆر هەڵبەز و دابەزمان کردووە، ئەوە هەقیقەتە، چونکە کاری رۆژنامەگەری بە تایبەتی لە رۆژنامەیەکی رۆژانەدا زۆر قورسە، مەرج نییە من وەکو سەرنووسەر یان وەکو دامەزرێنەری رۆژنامە بیرێکی لیبرالم هەبێ، بەڵام ئایا ئەو گەنجانەی لەو رۆژنامەیەدا کاردەکەن، کە هەر هەموومان باگراوندێکی راستڕەوی رادیکالیزم و چەپڕەوی رادیکالیزممان هەیە، تا چەند توانیومانە فەهمی کێشەکان بکەین، تا چەند توانیومانە بە شێوەیەکی لیبراڵیانە بیربکەینەوە، کە بەلای چەپ و راستیشدا نەڕۆین، چونکە کە تۆ باس لە هێڵێکی دیکە دەکەی جیا لە هەردوو رادیکالیزمەکە، دەبێ هێڵێکی دیکە هەڵبژێری، بۆیە دەبێ ئەوانەی لێرەش کاردەکەن فەهمی بابەتەکە بکەن نەک تەنها من، ئەوە بە کۆبوونەوە و گفتوگۆش ناکرێت، لەوانەیە تۆ بە گفتوگۆ بتوانی هەندێ سەرەداوی تیۆری لەو مەسەلانە باس بکەی، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە پەروەردەی ئێمە پەروەردەیەکی لیبراڵیانە نییە، بۆیە ئێمە زۆر زەحمەتمان هەبووە، بۆیەشە زۆرجار کوردستان راپۆرت بە لای چەپ یان راستدا رۆیشتووە، بەڵام ئەوەی جێی دڵخۆشیە لەگەڵ ئەوەی بەرەو چەپ و راستیش رۆیشتبێ، ئێمە توانیومانە لە ستراتیجیەتی رۆژنامە لانەدەین، بۆیە کوردستان راپۆرت ستراتیجیەتی خۆی پاراستووە تا رادەیەکی باشیش توانیومانە بلانس لەناو لایەنەکانیش دروست بکەین.



سدیق حەسەن شوکری (مەمەد) - ٢٠٠٩

*** لە سەرەتا تۆ خاوەن ئیمتیاز بووی و سەرفراز نەقشبەندی سەرنووسەر بوو، ئێستا بوویتە سەرنووسەر، ئەو گۆڕانکارییە چۆن بوو؟**

– ئەو گۆڕانکارییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ماوەیەک سەرفراز نەقشبەندی ئیشی کرد لەگەڵ ئێمە و ئەو کاتەی ئێمە شتەکەمان دەستپێکرد و کوردستان راپۆرتمان دامەزراند، سەرفراز لە ئەڵمانیا بوو، ماوەیەکی زۆریشی پێچوو تا گەڕایەوە، ئێمە مانگی ٢ دەستمان کرد بەکار و لە ٢/٤ توانیمان ژمارە سفر دەربکەین، بەڵام کە سەرفراز ئامادە نەبوو، ناچاربووم من کارەکانی سەرنووسەریش بەڕێوەببەم، تا مانگی ١٠ ئەوجا سەرفراز گەڕایەوە، دوای ماوەیەک سەرفراز کۆمەڵێک کێشەی تەندروستی هەبوو، ئیشکردن لە رۆژنامەیەکی رۆژانە بۆ ئەو تۆزێک قورس بوو، کۆمەڵێک کێشەی ئیداریش هەبوو، لەو گیروگرفتانە هیچ تۆمەت ناخەمە سەر سەرفرازخان، کۆمەڵە هەوڵێکی دەرەکیش هەبوو دەیانویست درز لەنێوان من و سەرفراز دروست بکەن، وا بیریان دەکردەوە بە نەمانی یەکێک لەئێمە لەو رۆژنامەیە ئەو رۆژنامەیە هەڵدەوەشێتەوە، منیش بە ئاشکرا دەڵێم لە سەرەتاوە شەڕ و تەشهیرێکی زۆر دژی کوردستان راپۆرت کرا، بەڵام ئێمە وەکو ستافی کوردستان راپۆرت ئەو شتەمان بە هەند وەرنەگرت و کارمان لەسەری نەکرد، گوتمان ئێمە باشتر خۆمان دەناسین لە خەڵک، ئێستا من باشتر دەزانم کەموکورییەکانی کوردستان راپۆرت لە چییە، چونکە من دەزانم کادری من چی کردووە و چی نەکردووە، خەڵکی دیکە تەنها لاپەڕەکە دەبینێ، بەڵام من لە پشتەوەی لاپەڕەکە شت دەبینم، بەڕاستی ئەوەش هەندێک کاریگەری هەبوو لەسەر سەرفراز نەقشبەندی، کە هاوڕێیەکی دێرینی منە، هیچ کاتێکیش نەک رۆژنامە سەدان رۆژنامەی واش لای من کاریگەری ناکاتە سەر پەیوەندی من و سەرفراز نەقشبەندی، بەڵام ئەو کێشانە وایکرد کە سەرفراز بێ تاقەت بێ و دەستی لەکارکێشایەوە.

*** کێ داهاتی کوردستان راپۆرت دابین دەکا؟**

– لە سەرەتاوە من لەگەڵ کۆمەڵێک برادەر کە ئیمکانیاتمان هەبوو ئەو رۆژنامەمان دامەزراند، وەکو خاوەن ئیمتیاز، دوای ئەوە من ئیمتیازاتی ئەو رۆژنامەیەم بە شێوەیەکی پرۆتۆکۆلی تەسلیمی جەوهەر حەمەدی خاوەن ئیمتیازی ئێستا کردووە، ئیتر هەقە ئەو پرسیارانە لەو بکرێ، چونکە ئێستا من وەکو کارمەندێکی گرێبەستدار لە کوردستان راپۆرت کاردەکەم، مووچەی تایبەتی خۆم هەیە، وەکو سەنووسەر بۆم نییە زانیاریت بدەمێ، یان ئەگەر زانیاریشت بدەمێ لەوانەیە ئەو زانیاریانە تەندروست نەبن، بەڵام لە سەرەتا هەندێک برادەر و کۆمپانیا هەبوون کە یارمەتی ئێمەیان دا بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیە، دوای ئەوەی لەگەڵ خاوەن ئیمتیازی ئێستا رێککەوتین کە بەرپرسیاریەتی دارایی ئەو رۆژنامەیە لە ئەستۆی من نییە و لە ئەستۆی ئەوە، ئەوەش بڵێم ئەگەر ئەو دەستاو دەستی خاوەن ئیمتیازییەمان نەکردبا لەوانەیە من هێزی پەیداکردنی دارایی ئەو رۆژنامەیەم کۆتایی بهاتبایە، لەوانەیە یا ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیەمان کەم بکردبایەوە یان دامان خستبا.

*** بۆچی کوردستان راپۆرت لە هەفتەی ٥ جار کرایە ٤ جار؟**

– هۆکاری ماددی بوو، چونکە هێزی کارمەندانمان باشە و دەتوانین لەوە زیاتریش بکەین، زۆرجاری وا هەیە لەبەر نەبوونی شوێن بابەتی گرنگمان کۆن دەبێ و بەسەر دەچێ، کێشەی هێزی کادرمان نییە، بەڵام کێشەی داراییمان هەیە، لاشتان ئاشکرایە کە زۆر بە دڵ شکاوییەوە ئێمە لە مانگی ١٢ لەسەر داخوازی خاوەن ئیمتیاز گرێبەستی چەند کادیرێکی خۆمانمان هەڵوەشاندەوە و زۆر نیگەرانم بۆ ئەوە.

*** ئازادییەکانی کارکردنی کوردستان راپۆرت لە کوێیە و ئێوە لە کارکردن هێڵی سوورتان هەیە؟**

– ئێمە هێڵی سوورمان نییە، بەڵام ئەخلاقی رۆژنامەگەریمان هەیە، هەندێ لیتاتۆر هەیە لە کوردستان راپۆرتدا بەکاری ناهێنین، ئەوانەی کە خەڵکی دیکە ناوی لێناوە جنێو، ئێمە پێمان نەگوتووە، ئێمە گوتوومانە هەندێک شت هەیە کە لەسەر بنەمای وروژاندنی ئایدۆلۆژی و بۆ لێدانی لایەنێک و تێکشکاندنی لایەنێک نایکەین، بۆ نموونە ئێمە هەواڵێک بڵاوناکەینەوە بۆ ئەوەی یەکێتی نیشتمانی پێ بشکێت و لێی بدرێت، یان ئێمە وتارێک بڵاوناکەینەوە تێیدا ئامانج روخاندنی حکومەتی هەرێم بێ، هەتا رۆژ هەیە ئێمە ٤٠ بابەت بۆ خاوەنەکانیان دەنێرینەوە و دەڵێین ئەوە لەگەڵ ئێمە ناگونجێ، چونکە مەبەستی لێدانی تێدایە، مادام مەبەستی لێدانی تێدا هەبێ و ئامانجی کوردستان راپۆرت لێدانی هیچ لایەنێک نییە، ئەوجا ئەو لایەنە هەر کێیەک بێت بۆ ئێمە گرنگ نییە، بەڵام ئەگەر لە بابەتێکدا رەخنەیەکی بنیادنەر هەبێت لەسەر هەر لایەنێک بێ بڵاوی دەکەینەوە، هەتا ئەگەر نەک لایەنی سیاسی لایەنی فکریش بێ، بۆ نموونە ئێمە هەندێک دیدارمان بڵاوکردۆتەوە لەگەڵ هەندێ لە رۆشنبیرانی عەرەب کە لە ئەمریکا و ئەوروپا دەژین، ئەوانە رەخنەی زۆر جدیان هەیە لەسەر کۆمەڵگای ئیسلام و ئایینی ئیسلام، لەوانەیە زۆر کەم رۆژنامە توانیبێتی خۆی لەو بابەتانە بدات، ئێمە ئەو بابەتانەمان بڵاوکردۆتەوە هەتا ئەو نووسەرانە دەستخۆشیان لێکردووین و وتویانە چۆن دەتوانن لە کۆمەڵگایەکی وادا کە لە رۆژهەڵات دەژین ئەو بابەتانە بڵاو دەکەنەوە، بۆ زانیاری جەنابتان هەتا ئەو بابەتانە وەرگێڕدران و لە رۆژنامەکانی دیکەی ئەمریکا بڵاوکرانەوە.

*** وەک سەرنووسەرێک قسەت چییە لەسەر رەوشی ئەمڕۆی رۆژنامەگەری کوردی؟**

– هەندێک گۆڕانکاری لە رۆژنامەگەری کوردی دەبینم، بە تایبەتی لە ٢٠٠٥ کە من هاتمەوە کوردستان، لە سەرەتادا رۆژنامەگەری کوردی لارێ دەڕۆیشت و خزمەتی رۆژنامەگەری و گەیاندنی پەیامی ئازادی نەدەکرد، بەڕاستی بەناوی جەسارەتی رۆژنامەوانی و بەناوی ئازادی رۆژنامەوانی هەندێک شت دەکرا لایەنگری تەواوی تێدا دیاربوو، یانی بۆ نموونە ئێستا ئەگەر من رەخنەبگرم لە لایەنێک بۆ لێدان و تەشهیرکردن، مانای وایە من لایەنگری لایەنێکی دیکە دەکەم دژی ئەو، چونکە ئەو جەبهەیەکی هەیە و جەبهەکەی دیکە لە دژە، مادام من لەدژی لایەنەکەی دیکە کاردەکەم، کەواتا من لایەنگرم و ئازادی خۆم لە دەستداوە، یانی کۆمەڵێک لە رۆژنامەنووسانی ئێمە ئازادی رۆژنامەگەریان لە دەستدابوو، کۆمەڵە وشەیەکی ناشیرین کە نەک لەگەڵ ئەخلاقی رۆژنامەگەری بەڵکو لەگەڵ ئەخلاقێکی کۆمەڵایەتی سادەش نەدەگونجا، لەگەڵ کلتووری شەقامیش نەدەگونجا، کە ئەو دەستەواژە و پەیڤانە لە رۆژنامەگەری کوردی زۆر باو بوون و کاریگەریشیی لەسەر رای خەڵک هەبوو، خەڵکیش زۆر بە دوای ئەو شتانەدا دەگەڕا، چونکە ئێمە سایکۆلۆژی خەڵکی خۆمان باش دەزانین، بەڵام بەهۆی هەندێ کۆڕ و کۆبوونەوە و رەخنەگرتنی جدی لەو بوارە دەبینم تا رادەیەک رەوشەکە بەرەو باشی دەڕوا و رۆژنامەگەری کوردی بەرەو پوخت بوونێکی پێوە دیارە، ناتوانم بڵێم تەواو پرۆفیشناڵ بووە، لەو بوارەوە کەموکوڕی زۆری تێدایە، هێشتا خاوی تێدایە لە تەسبیتکردنی رۆژنامەکان کەموکوڕی زۆرمان تێدایە، بەڵام ئەو بارە ناهەموارەی باسمانکرد و پێشان هەبوو ئێستا لە رۆژنامەگەری کوردی نایبینم، ئەگەر لە هەندێک ماڵپەر هەندێک شت هەیە ئەوە جیاوازە، بەڵام ئێمە باسی رۆژنامەگەری نووسراو دەکەین کەوا خەریکە دەکەوێتە سەر سکەی خۆی.

*** رات لەسەر بەدرخان..**

– دەستخۆشیتان لێ دەکەم، دەزگاکەتان شوێن پەنجەی خۆی دیارە، بە تایبەتی لە زیندووکردنەوەی بیرەوەری رۆژی رۆژنامەگەری کوردی شوێن پەنجەی دیاربووە و هیوادارین بەردەوامیش بێ، هەفتەنامەی بەدرخانیش جێگایەکی تایبەتی خۆی هەیە لەناو رۆشنبیران و خوێنەرانی کورددا هیوای سەرکەوتن و باشتربوونتان بۆ دەخوازم.

# هەموو ساڵێک مەهەستی و هایدە لە هەولێرن



مۆئەیەد فارس

**تایبەت بە هونەری بەدرخان**

مۆئەیەد فارس سەرپەرشتیاری تۆمارگای (ژوان) لە شاری هەولێر هەموو ساڵێک یادی هەردوو هونەرمەندی گەورەی فارس مەهەستی و هایدە لە شاری هەولێر دەکاتەوە.

سەبارەت بەوەی بۆچی یادی ئەو هونەرمەندانە دەکاتەوە مۆئەیەد گوتی: چونکە کاری هونەریم پێیان هەیە و هەر لە منداڵییەوە من لەگەڵیانم و هەموو ئەلبوومەکانیانم هەیە و تەنها یادی هونەرمەندان مەهەستی و هایدە دەکەمەوە.

سەبارەت بە هاوکاری کردنیش گوتی: تا ئێستا کەس هاوکاری نەکردووم و لەسەر ئەرکی خۆم ئەو کارەم کردووە، بەڵام چەند دۆستێک هەن شتی نایابیان بۆم هێناوە سەبارەت بەم دوو هونەرمەندە.

جێی ئاماژەیە مۆئەیەد لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٤ی هەولێرەو ماوەی چەند ساڵێکە یادی ئەو هونەرمەندانە دەکاتەوە وەکو ڕێزگرتنێک لێیان و بە بیرهێنانەوەیان بۆ جەماوەر و گوێگری کورد.



هونەرمەندان مەهەستی و هایدە

# بەکر مستەفا دەرهێنەری شانۆگەری مەملەکەتی عیللەت: مەملەکەتی عیللەت ئەوەی سەلماندووە، کە قەیران لە شانۆدا نییە

**شانۆگەری مەملەکەتی عیللەت ئەو شانۆگەرییەی زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژ نمایشکرا و بووە جێی سەرنجی زۆربەی بینەران و هونەرمەندان، ئەم شانۆگەرییەش لە ئامادەکردن و دەرهێنانی هونەرمەند بەکر مستەفایە، ئەو هونەرمەندە جگە لەکاری دەرهێنان، لە سێ چوار ڕۆژی نمایشیشدا خۆی وەکو ئەکتەر نواندنی کردووە، ئەویش بەهۆی نەساغی ئەکتەرەکان بووە، بە پێویستمان زانی بیدوێنین...**

## ئا: تیمی بەدرخان - سلێمانی

*** چۆن بڕیارتدا کار لەسەر ئەو دەقە بکەی و ئاوا بیکوردێنی؟**

– بۆیە دەقەکەم هەڵبژارد، چونکە لە ئێستای ئێمەدا زۆر زۆر نزیکە، وەکو تاقیکردنەوەیەکی دیموکراتییانە، بەڵام چۆن هاتە وڵاتەکەی ئێمە؟ ئێمە بۆ دەستنیشان کراین بۆ ئەوەی ببینە نموونەی دیموکراسییەت لە ناوچەکە، بەڵام کە هاتۆتە ناویشمان نازانین چۆن بەرجەستەی ئەو دیموکراتییە بکەین، نەزانینەکەشمان لەچیدایە؟ ئێمەی کورد کە دەوڵەتمان نییە، بەڵام تاقیکردنەوەی حکومی هەیە لەوەوپێش، لە پاشای گەورەو شێخ مەحمود و قازی محەمەدەوە، خۆی دەوڵەتی بۆ خۆی دروستکردووە، ئەگەر ئیمارەتەکان لەسەر ئیمارەت بووبێ، هەرچییەک بێ بابانییەکان بەهەمان شێوە، نیمچە دەوڵەتێکیان دروستکردووە، ئێمە دەوڵەتمان ئیقتباس نەکردووە، یان ئینتیدابی هیچ شوێنێک نەبووینە، چۆن وەکو عەرەب دەوڵەتی هەبێ، بۆی دروستکرابێ، من زیاتر لەسەر ئەوە هەستم بەوە کرد کەموکورتییەک هەیە لەو سیستەمەی کە هاتۆتە ئێرە، هەنگاوێکی زۆر گەورەیە، کە ئێمە بەپێ و بەدارەدارە بۆی نەچووین لەسەر ئەوە ئەو کارەم هەڵبژاردووە، دەقەکەش وەکو میسرییەکان ئەگەر سەیریان بکەی دەقەکانیان هەمووی هەڵێنجراوی شتە جیهانییەکانە دەیهێنن دەیکەنە عەرەبی و بە شێوازێکی وا دایدەنێن لەگەڵ بارودۆخەکە بگونجێ، منیش ئەو ڕێچکەیە بە ڕێچکەیەکی ڕاست دەزانم و دەزانم کە بەرهەمێکی باشی لێ دەردەچێ.

*** وێڕای ئەوەی مەملەکەتی عیللەت زیاد لە ١٠٠ ڕۆژ نمایشکراوە، بەڵام بەوە تۆمەتبار دەکرێ، قسەی بازاڕی زۆر تێدایە، وەڵامی تۆ وەکو دەرهێنەرێک چییە؟**

– من لەگەڵ ئەوە نیم، قسەی سادە و ساکار بە دەربڕینێکی کۆمیدی ئەمە سادە و ساکارترە و نزیککردنەوەی خەڵکە و سادە و ساکار قسەکردنە بۆ ئەوەی تۆ بتوانی لەگەڵ خەڵک تێکەڵاوبی، ئەگینا ئەوە لادان نییە لەو قسانە، ڕەنگە لە شانۆگەرییەکانی دەوڵەتانی کەنداو زیاتر و شتی لەوە زیاتریش دەگوترێ و لای خەڵکیش قبوڵ دەکرێ، بەڵام من لەگەڵ ئەوەنیم بڵێن قسەی بازاڕی بەکارهاتووە.

*** لە چەند ڕۆژێکی نمایشدا، بەهۆی ناساغی و کێشەی هونەرمەندان خۆت لە شوێنی چەند هونەرمەندێک ڕۆڵت بینیوە، ئەوە چۆنە؟**

– من بەردەوام قەناعەتم بەوە هەیە، کە مەرجە دەرهێنەر ئەکتەر بێ، بەڵام مەرج نییە ئەکتەر دەرهێنەر بێ، دەشتوانم ئەوەت پێبڵێم دەقەکە وەکو نووسینی خۆمە، ڕەنگە بڵێم ڕۆڵی هەموو کاراکتەرەکانم لەبەرە، ئەو خۆشەویستییەش لەگەڵ ئەو ستافە و لەگەڵ ئەو تیپە وای لەمن کردووە، کە زۆرتر نزیک ببمەوە و زیاتر لەناو کەسایەتییەکانیان بژیم، ڕەنگە بۆ من کارێکی زۆر قورس نەبێ، کە نەمهێشتووە ئەو جەماوەرە شیرینەی ئێرە بێبەش بن لە بینینی شانۆییەکە بەهۆی تێکچوونی دەنگی کاک ئەحمەد جۆلا.

*** پێتوایە چ دەفعێک لەپشت ئەوەیە مەملەکەتی عیللەت زیاد لە ١٠٠ ڕۆژ نمایشبکرێ، لە کاتێکدا هەندێ هونەرمەندی کورد باس لە قەیرانی شانۆ دەکەن؟**

– من دەڵێم ئەو کارە ئەوەی سەلماندووە، کە قەیران لە شانۆدا نییە، قەیران لە هونەرمەند هەیە، هونەرمەند ناچێتەوە ناو خەڵک و بزانێ ئەو جەماوەرە چی پێویستە و چی دەوێ، بەدوای چی دەگەڕێ، چی پێ قبووڵ دەکرێ، ناکرێ تۆ دوای ئەو هەموو جەنگانەی لەم وڵاتەی ئێمە ڕوویانداوە، جارێکی دیکە بێی تراژیدیایەک دروست بکەی و خەڵک لێی بێزاربی، من ئامانجێکم هەیە کە پێتی بڵێم، بەڵام بە شێوازە کۆمیدییەکە، کۆمیدیاش باڵێکی هونەرە و هونەریشە.

*** لەو شانۆگەرییەدا ڕەخنەیەکی زۆر لە حزب و حکومەت و دەسەڵات گیراوە، وەڵامی ئەوان چی بووە؟**

–زۆربەیان دەستخۆشیان لێکردووین و پێیان خۆش بووە، چونکە من تەنها دەسەڵات بە کەمتەرخەم نازانم، خەڵکیش بە کەمتەرخەم دەزانم، هەردوولایەنەکەشم هێناوە و دەڵێم ئەوە دەسەڵات کەمتەرخەمی هەیە، بەڵام ئەو دەسەڵاتەش کوڕی ئەو میللەتەیە، ئەوانیش بە شێوازێ لە شێوازەکان بە ئەرک تێی ناگەن، کە خاوەنی ئەو وڵاتەن و پێویستە پێشی بخەن، یانی چۆن مافی هەیە، ئاوا ئەرکیشی هەیە.

*** پێتوانییە مەملەکەتی عیللەت ڕێگایە بۆ بە پیشەسازی کردنی شانۆ؟**

– لەو بڕوایەدام لەو سیستەمەی کە ئێستا لە هەموو شوێنێک پەیڕەو دەکرێ، ئەگەر شت نەچێتە ئەو لایەنی بازرگانی کردنە سەرکەوتوو نابێ، لەبەرئەوەی خۆی خۆی پەروەردە و دروستکا، ناشکرێتە بازرگانی، چونکە من کاڵایەکم نەخستۆتە بازاڕەوە، من شتێکم پێیە ناوی هونەرە، خەڵکێک دێ و لە پلیتی ئەو نووسراوە بەشداریکردنت باوی ئەوەندەیە، یانی من وەکو بەشداربوویەک دەیهێنمە هۆڵەکە، ئەو داهاتەی کە هەشە لای ئێمە زۆربەی زۆری کۆدەکرێتەوە و دادەنرێ بۆ ئەوەی کاری هونەری دیکەی پێ بکەین، بەڕای من قسەکەی تۆ زۆر حەکیمانەیە، کە پێویست ناکا ئێمە چیتر دەست پانبکەینەوە لەوەی ئێمە ئیشێکمان لێ قبووڵ بکرێ یا نەکرێ، چونکە من دڵنیام پێش لەدایکبوونی ئەوە لەبارچوونێکە بۆ خۆی.

*** دوای مەملەکەتی عیللەت بەنیازی بەردەوامبی لەسەر ئەو جۆرە کارانە؟**

– بێگومان من بڵێم هەر ئەو شێوە کارانە نا، بەڵام وەکو کەسێک دەمەوێ لە خەڵکەوە نزیک بم و شتەکانم لەناو خەڵکەوە هەڵێنجێ، هەر شتێک لەو ڕۆژانە کە بزانم ئامانجی خۆمی پێ دەپێکم، بێگومان دەیکەم، ڕەنگە بەو شێوازە نا، بە شێوازێکی دیکە، گرنگ ئەوەیە جەماوەرەکەی خۆم هەنگاو هەنگاو بە دەوری خۆم دەهێنم تاکو کوێم دەباو بۆ کوێم دەبا کێشە نییە، گرنگ ئەوەیە من بتوانم سەرکەوتوو بم.

*** بیرت لەوە نەکردۆتەوە کارێکی لەو جۆرەش وەکو دراما بە ئەنجام بگەیەنی و بیفرۆشیتە تەلەفزیۆنەکان؟**

– من ٣ پرۆژەم لەبەردەستدایە، ئەویش هەر بە شێوازێکی کۆمیدی، دەربڕینەکەی کۆمیدیایە، بەڵام زۆر شتی لە پشتەوەیە و موعاناتی خەڵکە، بەڵام خەڵکی زۆرتر ئەوەت لێ قبوڵ دەکا، من ئەوەندەی تەجروبەم هەبێ لەو ساڵانەی دواییدا ئەو کارانەی کە کۆمیدین زۆر نمایشکراون و لە کەناڵەکان گرنگی زیاتریان پێدراوە و زۆرتر بەردەوام بووە، زیاتر لە فکری خەڵکدا ماوەتەوە و داوایانکردووە نمایشبکرێ، ئێمە سندوقەچاڵ لە دەرهێنانی لوقمان غەریب و سیناریۆکەی هی من بوو، کە لەگەڵ کاک ماهیروان ڕۆڵی سەرەکیم بینی، تا ئێستا لە کەناڵەکان ٥٨-٦٠ جار نمایشکراوە، تا ئێستاش خەڵک تامەزرۆی بینینیتی، مانای وایە بێگومان بەردەوام دەبین.

*** یانی دەتەوێ بڵێی دوای ئەو هەموو تراژیدیایە ئیتر کورد پێویستی بە کۆمیدیای تراژیدی ئامێز هەیە؟**

– بەڵێ ڕاستە، چونکە تاڵترین دەرمان کە بۆ نەخۆشێکی دەبەی تێکەڵکراوە بە هەنگوین یان تامێکی شیرین، کە بتوانێ چارەسەری نەخۆشییەکەی پێ بکا، ئێمەش هەر شێوازێکین لەو شتە، ئێمەش تاڵترین دەرمانمان پێیە، بەڵام بەو شێوەیە شیرینی دەکەین، کە خەڵک بۆی بخورێ، ئەوە ئامانجی ئێمەیە.

*** چیتر دەڵێی..**

– ئەوەی ئێمە خۆشحاڵ دەکا ڕۆژنامەنووسان بەشێکی گەورەن لە ئێمە، بەسەرکردنەوەی کارە هونەرییەکان بەو شێوازە مانای وایە هەردوولامان یەکتری تەواو دەکەین، ئێمە ئێوە و ئێوەش ئێمە.



دەرهێنەر بەکر مستەفا ٢٠٠٨/١٢/٣٠

# بەهادین عەبدوڵڵا: کۆمەڵێ کەناڵی ئاسمانیمان هەیە وەکو پێویست بایەخ بە دراما نادەن

**هونەرمەندی شانۆکار بەهادین عەبدوڵڵا دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانییە و لە ساڵی ١٩٨٦ بە شانۆیی پەکاسپیکە دەستی بەکاری هونەری کردووە، هەروەها بەشداری لە چوار کورتە فیلم کردووە، ئەوانیش: (کۆتاییەکان، دواهەناسە، حەسرەت، بەیانییەکی زوو) جگە لەوەی خاوەنی دوو خەڵاتی نواندنە، ئێستاش لە درامای سەمفۆنیای مەرگ بەشداری کردووە، لە نزیکەوە دواندمان..**

## ئا: تیمی بەدرخان- سلێمانی

*** ڕۆڵت لە درامای سەمفۆنیای مەرگ چییە؟**

– لە درامای سەمفۆنیای مەرگ ڕۆڵی سەربازێک دەبینم، کە تووشی کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، هیوادارم بەجوانی بەرجەستەی ئەو کاراکتەرەم کردبێ.

*** تا چەند لەو ڕۆڵە ڕازی کە لەو درامایە بەرجەستەی دەکەی؟**

– ئەکتەر بۆ هەموو کارێک بە بەردەوامی پێویستی بە هەوڵدانە، تا ئەو کەسایەتییەی کە ڕۆڵی دەبینێ بیدۆزێتەوە کاری بۆ بکات و بتوانێ ڕۆڵی ئەو کەسایەتییە بە جوانی بەرجەستە بکات، من ناتوانم بڕیار لەسەر کاری خۆم بدەم، چونکە بینەر دەبێت لە کارەکەت ڕازی بێت، ئەوەندەی من هەوڵمداوە کارێکی باش بکەم ئەوەندە بەلامەوە گرنگ نییە لە خۆڕازی بوون، هونەرمەند دەبێت جەماوەرەکەی لێی ڕازی بێت.

*** بە بڕوای تۆ لەمڕۆدا هەڵبژاردنی ئەکتەر لای دەرهێنەرانی کورد لەسەر چ بنەمایەکە؟**

– بۆ هەموو کارێک دەرهێنەر ڕۆڵی ئەکتەر دیاری دەکات، ئەویش لەسەر بنەمای کەسایەتییەکە، کە ئەو ئەکتەرە بەرجەستەی ئەو ڕۆڵە دەکا، ئەوەش لەسەر بنەمای تەمەن و لێهاتوویی کاراکتەر لەسەر بنەمای جەستە و دەنگ و زیرەکی، کە سێ بنەمای زۆر سەرەکین بۆ ئەکتەر، بەڵام بۆ دیاریکردنی ئەکتەر بەڕاستی دەرهێنەرەکان دەتوانن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە، لەوانەیە کەموکوڕی لە لایەن دەرهێنەران هەبێت لە هەڵبژاردنی ئەکتەر، بەڵام ئەوانیش وەڵامی خۆیان هەیە.

*** ئەمڕۆی درامای کوردی چۆن دەبینی؟**

– دەتوانم بڵێم کاری دراما لە کوردستاندا باشە، چونکە بەڕاستی بە توانایەکی زۆر کەمەوە کاری باش کراوە، دەتوانم بڵێم کارکردنی درامای ئەزموونی، چونکە زۆرجار گوێمان لە ڕەخنە و توانجی بینەر و هونەرمەندان دەبێت، بەڵام بەڕاستی هیچ کارێک بێ کەموکوڕی نابێت، گرنگ ئەوەیە ئێمە بەردەوام بین و کاری باش بکەین و خزمەت بە هونەری کوردی بکەین، هەوڵبدەین لە درامادا ئەزموونی نوێ بەرجەستە بکەین ئەو هەڵانەی دەیکەین سوودیان لێوەرگرین و هەوڵدەین کاری چاک و سەرکەوتوو ئەنجام بدەین.

*** قسەت لەسەر دەرهێنەرە کوردەکان چییە؟**

– بەڕاستی ئەم پرسیارە قورسە، چونکە ئێمە لە کوردستان توانایەکی زۆرمان هەیە، دەتوانین کاری زۆرباش ئەنجام بدەین. ئەویش لە ڕوانگەی ئەوەی کۆمەڵێ کاری درامی باشکراوە، نەک بە تایبەتی دراما لەبەر کاری فیلمسازی زۆر کاری سەرکەوتوو کراوە، هەوڵی زۆر جوان دراوە و بەردەوامیش کاری جوان دەبینین، لەڕووی دراماوە کەم و کورتی هەیە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دابینکردنی پێداویستی ئەو دەرهێنەرانەی ئێرە، بەڕاستی زۆر خۆیان ماندوو دەکەن و کاری زۆر باشیان ئەنجامداوە، ناشکرێ بڵێی بێ کەم و کورتییە، بەس دڵنیام کاری زۆر سەرکەوتووتر دەکەن، چونکە توانای باشیان لێ بەدی دەکرێ.

*** بۆچی تا ئێستا بینەری کورد سەیری کاری غەیری کوردی دەکا؟**

– ئێمە کۆمەڵێ tv ئاسمانیمان هەیە، بەڵام زۆر گرنگی بە کاری درامی نادرێ، کەمی کاری دراما هۆیەکە لە ساڵێکدا دوو بەرهەم یان ئەوپەڕی سێ بەرهەم هەیە. ئەمەش وا لە بینەر دەکات بچێت بەدوای بەدیلدا بگەڕێ، تەنها بەدیلیش ئەوەیە سەیری دراما بیانییەکان بکات، هەر لە عەرەبی و تورکی و فارسی. زۆر کەسیش دەیگەڕێننەوە بۆ ئاستی نزمی درامای کوردی، بەڵام بەڕاستییەکەی بینەری کوردی زۆر بە باشی سەیری ئەو کارانەش دەکات، چونکە حەزدەکات درامای کوردی ببینێ، ئەگەر نەبوو چی بکات.

*** ڕات لەسەر بەدرخان چییە؟**

– دەتوانم بڵێم بەدرخان هەفتەنامەیەکە زۆر خزمەت بە بواری ڕۆژنامەگەری کوردی دەکات، زۆر پڕە لە هەموو بوارەکان، خوێنەری زۆری هەیە هەر ئەمەشە دەتوانم بڵێم هەفتەنامەیەکی سەرکەوتووە، هیوادارم هەر سەرکەوتووبن و بەردەوام کاری جوانتان لێ ببینین.



بەهادین عەبدوڵڵاو کانی حەمە عەلی

arsivakurdi.org

## لە قسە خۆشەكانی مەلا محەممەدی عەلیاوەیی

# پیاو لە كردنی سێ شت پەشیمانە

ئا: د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی

شاخە پیسكە گوندێكە لە دەشتی كۆیێ نزیكەی ٨٠ ماڵ دەبێ، كێخوا حەوێز، كە رەئیسی هەموو كوردەرەشكە بوو، لە شاخەپیسكە دائەنیشت پیاوێكی رەشید و سەخی و عاقڵ بوو، دەیگۆت: پیاو لەسێ شت لە پاش كردنی زۆر پەشیمان دەبێتەوەو هەست بە شەرمەزاری و سەرشۆڕی دەكات، بەخۆی بۆ خۆین لەوانە:

١– لە هێنانی قەرد بۆ سەرفیاتی بەفیڕۆ و هەوا، جا لە پاشان دڵ كزدەبێت و زۆر عاجز دەبێت.

٢– كە لە بووك هێنان زۆر شەك داوێ، یا خۆ لە گرتنی نیشانە.

٣– بیلامانێ كە هەوەسی هەردەستێ و نەفەس تەنگاوی دەكات و دەچێ كەرێك دەگێ، لە پاشان تف لە خۆی دەكاو هەرخۆی بەخۆی دەرێ! قەت شەرمت نەكرد كەرگێ.



مەلا عەبدوڵڵا عەلیاوەیی

# سنوورەكەی خورماڵی لە یادەوەری مندا



**سابیر رەشید**

ئیسماعیل خورماڵی شاعیرێكی هەمیشە گەنجە، چونكە شاعیری عاشق و شەیدا هەرگیز پیر نابێت، ئەویش لە شیعرەكانیدا ئەو وزەو توانا گەنجانەیەی پێوە دیارە، ئەو سۆز و هەست و چێژە رۆمانسییەی پێوە دیارە، ئەو كێشمە كێشەی پێوە دیارە، كە لەنێو بۆتەی شیعرە دراميیەكانيدا بوونەتە دەربڕی ئێش و ئازاری مرۆڤێكی ئازاردراو و دووره وڵات، وەک دەربڕینیش دوو عەشقی هاوتای یەكتر لە شیعرەكانیدا دەخوێندرێتەوە، یەكێكیان سۆزو ئەڤینی وڵاتە و ئەوەی دیكەش سۆزی ئەو كۆترە ژنەی، كە هەمیشە لە هزرو خەیاڵی شاعیراندایە، وێنایان دەكات و دەیانخاتە ناو چوارچێوەی شیعرێكی لیریک ئامێزی جوانەوە، خۆ شیعرە لیریكییەكانیشی كە كراون بە گۆرانی، ئاوێتەن لە دراماو سۆزی ئەڤینداری و شیعرە دراماییەكانیشی پڕن لە سۆزی ئەوینێكی راستەقینە بۆ نیشتیمان و دولبەر، ئیسماعیل دەفتەری شیعری پڕ لە وشە و رستەی شیعری جوان چنراوە، لێوان لێوە لە ریتم و مۆسیقای شیعری، ناسک و سادە و پڕمانان، پڕە لە وێنەی شیعری و گوزارشتی جوان، پڕە لە ماناو مەبەست و دەربڕین، پڕە لە سەلیقەی شیعری، پڕە لە ماناو مەدلول، هەمیشە مەبەستییەتی بە كورتترین دەربڕین گوزارشت لە ئێش و ئازاری خۆی بكات، دەیەوێ بە جوانترین دەربڕین و بە زمانێكی ساكار و سانا و سادەی شاعیرانە و بەوشەی رازاوەی جوانەوە شیعرەكانی خۆی بخاتە دڵی خوێنەر، من لەوەتەی ئەوشیعرەی كە ئێستاكە بڵاوی دەكەمەوە و یادگاریم لەگەڵیدا هەیە، كە ئەویش ئەو شیعرە دراميیە جوانەیەتی، شیعرەكانی دیكەیشی كە بینیوم و خوێندومەتەوە و ئاگاداری بوویمە، هەست دەكەم ئەو شاعیرە جوانە، دەنگی سۆزدارو ئەوین بەخشە، دەنگی شاعیرێكی پڕ لە خۆشەویستی نیشتمانەكەیەتی و بۆی دەسووتێ، دەنگی شاعیرێكی كوشتەی دەستی نۆستالیژیایە و هەموو دەم بۆ دووری وڵاتەكەی دەتلێتەوە، كوشتەی دەستی هەردوو عیشقە، هی وڵات و كۆترە ژنەكانی كە توانیویەتی بەم هەموو عیشقەوە بەردەوام بێت لە شیعرە جەربەزەییەكانی و بتوانێ برەو بەخۆی بدات و وردە وردە بێت بەو دەنگە جوانەی، كە لە دنیای شیعر و لە نێو رۆژنامەگەری كوردیدا وەک ناوێكی جوان بناسرێ و خوێنەریش بە خۆشەویستییەوە بەدوای بەرهەمەكانیدا بگەڕێ، ئەو شیعرەی خورماڵی، كە مخابن كاتی بۆ گۆڤاری (مەم)ی ناردبوو، ئەوكات ئێمەی نووسەرانی شەقڵاوە دەرمان دەركرد، بڕیاربوو لە ژمارە (٣)ی گۆڤارەكە بڵاوبێتەوە، بەڵام دیسان مخابن ئەو شیعرەو بەرهەمەكانی دیكەشی كە ئامادە كرابوون و ئەوكات لەبەر باری دارایی نەمانتوانی لە دوو ژمارەكە زیاتری لێدەركەین، وا ئێستاكە وەک خوێنەرێكی ئەو شاعیرە و دۆستێكی شیعری كوردی بەهۆی گۆڤاری (بەدرخان)ەوە حەزدەكەم بیخەمەبەر چاوی خوێنەران، خۆ ئەگەر شیعرەكە بڵاویش كرابێتەوە، ئەوا باشتریش، خۆ منیش بەو هۆیەوە توانیومە باسی گەنجێكی شاعیری عاشق بكەم، كە ئاسۆیەكی فراوانتری لە پێشە.

(**سنوور بە چزووی خۆی ئەمرێ**)

**پێشكەشە بە "ژووان"**

لێرە لەنێوان هەنسكی دارستان و
بارانی خوا...
هەر هەنگاوێ هەر بستەڕێیەک
كە دەڕۆی
ملیۆن پرسیار رێژنە دەكا
ملیۆن كوانوو .. پف لەچاوی
باران دەكا
ملیۆن مناڵی بێ كەوش و نقوم
بووی ناو قوڕو لیتە
سەر دەخەنە سەر باسكی دەوەنی
سەوز و
رەهێڵە بەخۆدا ئەدەن
هەر یەكەشیان،
بە تەرزە خەونێ رێژەیەک نان
ماچ ئەكەن
لێرە لە نێوان بەری پێی منداڵێكی
پێخاوس و
تەلەزەمە بەردێكی ژێر پێستی
بارانا
ملیۆن تنۆكە خوێن دەڕژێ
هەر هەنگاوێ، هەر بستە
رێیەک كە دەڕۆی
گوێت لە گریانێكی دوورە
كاتێ ئاوەر ئەخۆیتەوە و
خەڵتەی رێگات ئەشۆیتەوە
هەر تنۆكێ لەو گریانە
مێخەكێكەو
بە دووی مناڵیدا ئەگری
لێرە لە نێوان رەشێنەی چاوی
من و
رەشێنەی ناسكە چەمێكدا
شەنگە رۆژێ لەسەر رێتا
باوێشك ئەدا
سەر پوشێک سوور وەكو چاوم
عەبایەكی رەش وەک هەناوم
بەخۆت نییە، ئا لێرەدا..
خەونی بەر باران، گریانێ،
ركاتی شیعرێكت پێ دا ئەدا
نێوە شەوە...باران نانوێ و
هەنگاویش تابێ لە ماچی
ئەم تولە رێیە تێر نابێ
كچم مەگری .. هێند گریاوی ..
رەنگە بڵێم،
تاوێكی تر چاوەكانت هەڵوەرین و
بكەونە ناو لەپی دەستم
هێندە گریاوی ..
نە گەڵای زەرد ..
نە دارستان
نە هەوری رەش
ئەوەندەی تۆ نەگریاون
دەی كچەكەم .. هەنسک بەسە..
بووكە شووشەی ورک فڕێ دە
رۆڵە هەرچییەكت دەوێ
دەبم بەوەی تۆ دەتەوێ ..
نانت دەوێ .. ئەوە گیرفانم هەر
نانە
ئاوت دەوێ.. وەرە بین بە
كانیلەی چاومەوە بنێ
گەر سەرماشتە
ئەوا تەنیا كوانوەكەی دڵم شک
دەبەم
كچم مەگری .. هێند گریاوی
خواش ئەوەندەی ئەم تۆفەڕێت
بۆ محەمەد نەگریاوە
من بە تەنیا...
دووڕیانێ
ئەم دڵەمی نەكرۆشتووە
ئیدی بابە لەچی بدوێم ..؟
بەلای ڕاستا رێگە دەگرم
ئەوا لای چەپ، ملەی گلەییم
لێ دەگرێ
بەلای چەپدا مل دەنێم و
رێگە دەگرم
ئەمجارە راست ملەی گلەییم لێ
دەگرێ
دە لێم گەڕێ .. بابە
با بەم هەنسكەوە سەرخەوێک
بەم
بابە دەڵێن :
خەونی كۆچ و خەونی باران
ئەم ئێوارە
وەكو سەرپۆشەكەی دایكم
ڕەنگاوڕەنگە
بابە دەڵێن :
خەونی كۆچ و خەونی باران
ئەم سەحەرە
وەكوو پەڵەی گریانی تۆ
وەكوو دووڕیانی سەرەڕێی من
و تۆ
قۆزاخەیە



ئیسماعیل خورماڵی

ڕوبارە .. قیژەیە .. دەنگە
نیوە شەوێ ..
مەگەزی وەنەوز چاوەكانمی
خواردبوو
گریان لە پەڵەی خۆیدا بوو
كیشوەری راست و چەپ سنگیان
لێ دەكوترا
رۆڵە باوكت لەوساتەدا
تەواری شیعری
رەوزی
نەدەناسی
سەرسام مەبە
رقی باوكت
كرێوەیە
رقی باوكت گۆرانییە
ئای لە كۆچ،
ئای ئای لە گۆرانی
رۆڵە قوربانی شەكەتی و
قوربانی بێ نازیتان بم
ئێستا ئێواران بیر منت ناباتەوە
رەشە گیای ئەم تەنكاییە
ئاونگ ئاسا بمخواتەوە و
چیرۆكەكەت بۆ باس نەكەم
ئای رۆڵە گیان
كاشكا ئەمشەو
ئەبوویتە تۆفانێكی خۆر نشینان و
تەنیا تاوێ
دارستانی زەردی ئەم
هەراسانیەمت ڕادەوەشان
كاشكا ئەمشەو ..
لەجێی قوزاخە هەورێكی
ئاڵ و كەم رەنگ
سڕو بێ رەنگ
دەهاتیت و
ئارنگ ئارنگ
لاشەی تۆزاوی ئەم باوكەتت
دەشتەوە
ئەهاتیت و
لە پەنجەرەی ویژدانتەوە
دوا كلافەی
دەریا رەشەكانت سپی ئەكردەوە
ئای چەند تینووی دیدارێكم
ئێوارانێ
غەریبایەتیم گۆڕە و شار با و
لە تولەڕێی گۆڕستانی
حەزەكانم
دوورخاتەوە
ئای چەند تینووی ئاسمانێكم
ئێوارانێ
مەدالیای گەواڵەیەكم لە بەرۆک
با و
خەمی سەوزی
دووڕیانم بیرباتەوە
من لێرەوە
هەر گۆرانییەک بڵێم ناگاتە گوێی
تۆ
ئەمەش ئەوە ناگەینێ
بڵێ بابە دڵی بەردە
نا كچەكەم
من ئێستا كە دێڕی شیعرم
لەسەر پشتی زرێبارێک
ئەنووسمەوە
دڵنیام چاک رۆژێک ئەبێ
تۆش بەو دەستە وردیلانەت
لە گلێنەی تانجەرۆوە
ئەم شیعرە غەریبەی باوكت
بنووسییەوە
من دڵنیام چاک رۆژێ دەبێ
بڵێی باوكم سمكۆیەک بوو
لە شەوانی بێ جێیمدا
بۆ چاوی بستێ وشكایی
بەرووی هەزار شەوە باراندا
هەڵدەزنا
بۆ خەندەی رێژەیەک نان
بە گژە هەوراز و دەوەنی خواشدا
هەڵدەچوو
من دڵنیام چاک رۆژێک دەبێ
بڵێی باوكم سمكۆ یەک بوو
لە سەراب و هێڵنجی هیچ
رووبارێ وەڕس نەدەبوو
نە دووڕیانی خۆش ئەویست و
نە حەزیشی بە كۆچ ئەكرد
لای من نەبا
باران ئاسا، لە كەناری ئێوارەی
هیچ وڵاتێكدا
شین نەدەبوو، شین نەدەبوو
رۆژانێكە رێژنە یادێ
سنەوبەری چاوەكانم
دێنێ و دەبا
لەگەڵ سەمای هەرجارێكدا
بەسەر گەڵای ئەندێشەمدا
بەسەر كێڵی (نیوە چڵ)مدا
مشتێ دوو مشت
تا هێندەی قووڵایی چاوی
پەنجەرەكەم
بەفرێ لە چاوی خۆی سپیتر
دائەكا
عەسرانێكە
بۆ هەر لایەک چاو هەڵدەخەم
تارماییەک بەدی ناكەم
تیا راماوم
لە نێوان تارمایی تۆ و تارمایی
خودا دا
ئاخۆ ئەم ئێوارەیە بە كامێكتان
دەگەم؟
خۆشت وون كەی
دڵگیر نابم
چونكە رۆڵە
بێڵ لە شانێ
بێ ئەستێڵ و ئاوەڕێیەک
داناساكێ
بۆیە شیعریش ئەم ئێوارە
ئەگەر تاوێ، وەكو بازێ
كلک و باڵی لە دەرگاكەتان
هەڵنەسوێ
ئارام ناگرێ و نابێ و نابێ
خۆشت وون كەی دڵگیر نابم
چونكە رۆڵە
من كۆتایی چیرۆكەكە
دەخوێنمەوە و
دڵنیام چاک ڕۆژێک دادێ
نەک دڵی ئەو، سنوور
سنوور بە چزووی خۆی
دەمرێ.!!!

## نۆڤلێت

# خەرەندەكانی سنوور

بیرم كردەوە ئەگەر ئەو هاورێیەم، هەموو شتێكی وتبێ، باوەڕ بە هیچ قسەیەكی من ناكەن، تازە یا ئەوەتە دەبێ هەموو شتێكیان پێ بڵێم یان دەبێ لێرە بزێمەوە، ئەگەر ئەو نامەیان لێ نەگرتبام فرسەتی دەرچوونم نزیكتر دەبوو، بەڵام ئێستا زۆر زەحمەتە، ئەوانە خۆیان هەر لە بنەڕەتەوە، دوژمنی كەسانی وەک منن، ئەو هاورێیەی وەک من بیناسم قەت بەرگەی ئەشكەنجەدان ناگرێ، دڵنیام زۆر شتی وتووە، من كە بینیم سواری ئۆتومبێلەكە بوو، رەنگی زەرد هەڵگەڕا، بەر لەوەش دەرگای پیكابەكە بكرێتەوە، لەسەرخۆ پێمی وت: تووش بووین، قورمان بەسەرا!، من تەنیا بۆ ئەوەی هێندێک هێزی پێ ببەخشم، پێم وت: هیچ نییە مەترسێ، كەچی ئەو بەچاوە پڕ لە ترس و بێ ئۆقرەكانی تێمی گەیاند، كە بەرگەی هیچ فشارێک ناگرێ. ئەوكاتەی لێكۆڵەرەوەكە پێمی وت: هاورێیەكەت هەموو شتێكی وتووە. ترسێک رۆچووە گیانم، هەستمكرد هەردوو دەستەكانم وەک ئەوەی بزمارڕێژ كرابن، بەتەواوی دەتەزین. كەمێک هەناسەم سواربوو، ژانێک نێوە راستی سینگمی گرت، پێدەچوو، ئەوانەی لەوێ بوون "نەمدەزانی چەند كەس بوون" هەستیان بە شڵەژان و تێكچوونی تەندروستیم كردبێ، چاوەڕێ بوون وەڵامێكی لێكۆڵەرەوەكە بدەمەوە، دڵم هێندێک بەوە خۆشبوو بەزمانی كوردی قسەیان لەگەڵ دەكردم، ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەبوو دەمتوانی بە ئاسانی وەڵامەكان بدەمەوە، من دەمویست بڵێم: ئەگەر هەموو شتێک دەربارەی ئەو كوڕە دەزانن، ئەی چ پێویستییەكتان بەمنە؟، كەچی كە زارم كردەوە بۆ خۆشم نازانم بۆ وتم:

من بۆ چارەسەری نەخۆشییەكانم هاتووم، دەمەوێ ئێستا بمگەڕێننەوە...

لێكۆڵەرەوەكە لە قاقای پێكەنینیدا، هەستم كرد دوو جاریش بەدەورمدا سوڕایەوە، ئەوجارەیان وەک سێرەی لە سینگم گرتبێتەوە، نوكە دارێكی لەو شوێنە گیركرد، كە بەر لە ئێستا ئێشێكی تێكەوتبوو، زەبری نووكە دارەكە هیچ ئازارێكی نەبوو، بەڵام ترسێكی زۆری خزاندە جەستەم، پێدەچوو بیەوێ لە یەک وەختدا پرسیارەكان و ترسهێنانەكە تێكەڵ بكاو وەڵامێكی چاكی دەست كەوێ. پرسیارەكەی بەدەر نەبوو لە نەبرەكانی كینە ئامێزیش، وتی: چییە بە گێلمان دەزانی، كوڕەكە ناوی (سەرۆ) بوو، یا (سیروان)؟ لێرە دەژی یان لە شاخ؟

هەركە ناوی (سەرۆ)ی هێنا زانیم هاوڕێیە گیراوەكەم زانیاری دیكەشی بەوان داوە، بەڵام بێ ئەوەی دوودڵی لە قسەكانم نیشان بدەم، یەكسەر وتم: من بە (سیروان) ناسیومە... لەوێ پێیان دەوت (سیروان). چەند جار ناوی (سیروان)ی لەسەرخۆ و بەرقەوە دووبارە دەكردەوە، دوای كەمێک بێدەنگی لەناكاو لەبن گوێم هاواری كرد:

* كێ ئەو مۆڵەتەی پێدای؟

– برادەرێک لە حزبێكی ئیسلامییە!

جارێكی دیكە قاقا بەروومدا پێكەنی، گوێچكەیەكیشی راكێشام و وتی:

* تۆ و ئیسلامی، لە كوێوە یەكتر دەگرنەوە؟!.

هەستم كرد پرسیارەكەی زۆر ئاسانەو دەتوانم بە خێرایی وەڵامی بدەمەوە:

– لەو شوێنەی كە هەردووكمان دژی (سەدام)ین!

لەوە دەچوو وەڵامەكەم رقی ئەستورتر كردبێ، شەپازللەیەک بە پشتی ملم كەوت و وتی:

– تۆ كێیت، كۆمۆنست و ئیسلامییەک چۆن یەكتر دەگرنەوە؟

من لەگەڵ زەبری شەپازللەكە، خۆم وا لێكرد كە گوێم لە پرسیارەكەی نەبووە، زانیم قۆناغی ئەشكەنجەدان لە ئێستاوە دەستی پێكرد، ماوەیەک، كە بەئەنقەست خۆم بێدەنگ كرد، دیاربوو لێكۆڵەرەوەكە زیاتر لێم دەهری ببوو، گوێم لێبوو، بە فارسی پستە پستێكی لەگەڵ كەسێكی دیكەدا دەكرد، تێگەیشتم كە پێی دەڵێ، باشترە فڕێیدەینە زیندانی ئینفرادی، لەوێ چاوەڕێ بكەین بەڵكو شتێكمان دەستكەوێ. كەسێک لێم نزیک بووەوەو دەستمی گرت و بەدوای خۆیدا بردم، زانیم بەرەو ئەو شوێنەم دەبا، كە پێش ئێستا گوێم لێبوو، من كە هەردوو چاوم بە پەڕۆیەک بەسترابوونەوە، لە تاریكی زیاتر هەستم بە هیچ شتێكی دیكە نەدەكرد، خۆشم هەروام دەزانی پارچەیەكم لە جەستەیەكی تاریک، بۆ نێو تاریكیش هەنگاو دەنێم، هەنگاوەكانم وەک ئەوەی لەنێو بۆشاییدا رێبكەن، جۆرێک لە فڕینیان پێوە دیاربوو، كە گوێم لە هاژەی ئۆتۆمبێلێكیش بوو، وا هاتە بەرچاوم، كە ئۆتۆمبێلەكە لەنێو فەزایەک لەتاریكیدا رەتدەبێ، كە ئۆتۆمبێلەكەش وەستا، هەر لەوەی دەكرد لە بۆشاییدا وەستابێ، كۆمەڵێک مرۆڤم لەنێو چڕی تاریكییەدا بەدی دەكردن، كە لە یەک خاڵەوە سەریان دەردەهێنا، هەرچەند لێم نزیک دەبوونەوە پانتر و درێژتر و زیاتر دەبوون، هەموویان بە تەنیشتمدا تێدەپەڕین، هیچ یەک بەر من نەدەكەوتن، دەنگێكی ترسناكیش لە دەمیانەوە دەردەچوو، هەر لە دەنگی كوندەبەبۆی دەكرد، كوندەبەبۆ شەوانی تاریكی پێشمەرگایەتی هێناوە بیرم، ئەو شەوانەی كە لەسەربانی بارەگەكەمان، لەو كاتەی نۆرەی پاسەوانیم دەهات، گوێم لەدەنگی كوندەبەبۆكان دەبوو، دەنگەكان لە دوورەوە كش و ماتی شەوە تاریک و نووتەكەكانیان دەبڕی و بەسەر سەری ئێمەدا رەت دەبوون، دەتوت لە گەڵ خۆیان پەیامێكی ترسناكیان هەڵگرتبوو، من قەت كەیفم بەو دەنگانە نەدەهات، بەڵام بە ناچاری دەبوایە هەر گوێشیان لێبگرم، لە یەكێ لە شەوە تاریكەكانی ئەو دۆڵەی كە بنكەكەمانی لێبوو، من و (تارا)، كە هەردووكمان نۆرەی پاسەوانیمان پێكەوە دانرابوو، لە سەربانەكە پیاسەمان دەكرد، لە پڕ گوێمان لێبوو، لە دوورەوە دەنگی كوندەبەبۆكان دەگەیشتە لامان، بۆ ماوەیەک دڵتەنگی كردین، دەتووت شمشێر بە رۆحماندا دەبەنە خوارێ، تارا لێمی پرسی: * سەران، بۆچی كوندەبەبۆكان تەنیا بەشەو دەخوێنن؟



كاروان عەبدوڵڵا

نەمدەزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە، راستییەكەی هۆیەكەیم نەدەزانی، بەڵام بۆ ئەوەی كەمێک ترسەكەی بڕەوێنمەوە، لەخۆمەوە وتم:

– ئاخر بەو دەنگە شوێنەكانی خۆیان بۆ یەكتر نیشان دەكەن.

ئەویش وەک بڕوای بە قسەكەی من كردبێ، هەر زوو وتی:

* رێی تێدەچێ قسەكەت راستبێ.

من ئەو شەوە هەستم دەكرد، سەرما فشاری زۆری بۆ هێناوم، جاروبار تەزوویەكی سارد بە گیانم هەڵدەگەڕا، تارا كە بە ملپێچێک گەردەن و ملی داپۆشیبوو، هەستی بە سەرمابوونی جەستەم كردبوو، هەر زوو ملپێچەكەی بە دەستی خۆی لە ملی خۆی كردەوە، دای بە من و وتی:

* دەزانم سەرماتە! هەر چەندە رەتمكردەوە، كە ملپێچەكەی وەربگرم، بەڵام كەڵكی نەبوو، دوایین جار بە دەستی خۆی لە ملمی ئاڵاند، لەو شەوە ساردەدا هەستم بە گەرمایی دەست و پەنجەكانی دەكرد، ئەو گەرماییەش كە لەناو ملپێچەكە خۆی مەڵاس دابوو، ئەو بۆنەش كە لەنێو گەرماییەكەدا ئاوێتە ببوو، تێكەڵ بە جەستەی من دەبوون، خودایە بەو شەوە تاریكە ئەوە روناكی چ گەردەنێک بوو، چاوەكانی گەش كردمەوە، ئەوە هێزی چ سیحرێک بوو، پڕی كردم لە گەرمی، دەنگی كوندەبەبۆكانی لە نێو كپی ئەوشەوەدا خنكاند، كە باوەشی پڕ مهرەبانی تێوەرهێنام، دەتوت هێزێكی موگناتیسی بوو لێكی گرێداین، ئێمە هەناسەمان لە یەكتر دەدزی، تاریكیمان لەنێو لێوەكانمانەوە راو دەنا، گەردەنمان تێک دەئاڵاند، تاكە شتێک ئەوەی بیرمان لێ نەكردباوە، زەمەن بوو، تاكە شتێک كە ئێمەی داپۆشیبوو، تاریكی بوو، حەزماندەكرد شەوەكە هێندە تاریک بێ، لاییتی دەستی پێشمەرگەكانیش هێزی بڕین و راونانی تاریكیان نەبێ، ئێمە لەو لەحزەیە، نەماندەزانی یان بەلامانەوە گرینگ نەبوو، كە چ لەدەرەوەی جەستەماندا دەگوزرێ، ئێمە ئەوكاتە پەنجەكانمان وەها بەیەكەوە گرێدرابوون، نەتەنیا تاریكی، بەڵكو سەرماش بەرگەی هاڵاوی گەرمای ئێمەی نەدەگرت، هەموو شتێک لەدەوری ئێمەدا دووردەكەوتەوە، ئەگەر دەنگی لەناكاوی ئەو هاوڕێیە نەبوا، كە بەدوای ئێمەوە نۆرەی پاسەوانی هاتبوو، رەنگ بوو تا بەیانی من و تارا لە باوەشی یەكتر بمابایەنەوە و روناكی گوناحەكانی ئاشكرا كردبایەن! دەنگی ئەو هاوڕێیە، هەر لە دارمانی پارچە شاخێک دەچوو، كە لە تەنیشتمانەوە غلۆربێتەوە، ئەگەر چڕی تاریكەكە نەبوایە نەماندەتوانی لەزەتەكانی ئەو شەوە بشارینەوە. ئەو رۆژەش كە هەردوو چاومیان بە پەڕۆیەک بەستبوو، كەسێكیش پەلكێشی شوێنێكی نادیاری دەكردم، دەنگی هەمان ئەو كوندەبەبۆیانەم دەبیست، كە بەنێو تاریكیدا تێدەپەڕی، كاتێک لە شوێنی خۆم راچەنیم، ئەوكەسەی دەستی گرتبووم، هەستی بە شتێک كرد، لەوانەش بێ ئەو راچەنینەی بە ترسنۆكی دانابێ، بۆیە بەفارسی پێی وتم:

* نەترس...هیچی نیست!

چونكە لەناكاو ئەو قسەیەی كرد، زانیم ئێستا دەمباتە ژوورێک، بەتایبەتی ئەوكاتەی گوێم لە كردنەوەی دەرگایەک بوو، كەسەكە پەڕۆكەكەی لەبەر چاوم لابرد، داوای لێكردم بەهیچ شێوەیەک ئاوڕ نەدەمەوە، پاڵێكی پێوەنام و فڕێی دامە ژوورێكی تەسک و تروسک، كە درێژیەكەی لە بەژنی من كەمتر بوو.

کردنی پێداویستییەکانی قۆناغی یەکەمی بەرنامەی جیاکردنەوەی حزب لەحکومەت، پێویستە لەسەر ئەم لیژنەیە مانگانە راپۆرت لەم بارەیەوە بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمو سەرۆکایەتیی حکومەتو سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەرز بکاتەوە.

**قۆناغی دووەم:**

١-رێکخستنی بودجەی حزبەکان بەپێی ژمارەی ئەندامانی هەر حزبێک لەپەرلەمانداو راگەیاندنی بڕی بودجەکە بەشێوەیەکی ئاشکرا لەدەزگاکانی راگەیاندنی خوێندراوو بیستراوو بینراو.

٢-کردنی زانکۆو ئامۆژگا حکومییەکان بەدەزگای سەربەخۆ، هەم لەڕووی داراییەوە هەم لەڕووی بەڕێوەبردنەوەو ملکەچ کردنیان بۆ چاودێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانو رێکخستنی کاروباریان بەیاسا. حکومەتیش بودجەی پێویستیان بۆ دابین بکات. هەر زانکۆو ئامۆژگاییەکیش ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراو هەڵی بسوڕێنێ، کە لەنێو ئەندامەکانی خۆی سەرۆکێک بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێریو دەتوانێ بۆی تازە بکاتەوەو ئەم سەرۆکە لەبەردەم ئەنجومەندا بەرپرسیار دەبێ.

ئەندامانی ئەنجومەنەکانی زانکۆو ئامۆژگاکانو دەستەکانی وانەوتنەوە، کە لەوێ یان لەهەر رێکخراوو کۆمەڵەیەکی سەر بەو زانکۆو ئامۆژگایانە کار دەکەن، بەهیچ شێوەیەک بۆیان نییە لەناو زانکۆو ئامۆژگاکاندا چالاکیی سیاسی بنوێنن. ئەم قەدەغەکردنە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

ا-باسکردنی هەر بابەتێکی حزبی لەهەر کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنەکاندا.

ب-بەستنی هەر کۆبونەوەیەکی حزبی لەناو زانکۆو ئامۆژگاکاندا یان لەناو هەر رێکخراوو کۆمەڵەیەکی سەر بەو زانکۆو ئامۆژگایانەو ئەم قەدەغەکردنە هەمو ئەو ئەوانە دەگرێتەوە، کە لەزانکۆو ئامۆژگاکاندا کار دەکەن.

ج-ئەنجامدانی بانگەشەی هەڵبژاردن بەقازانجی کاندیدەکانی حزبێکی دیاریکراو لەکاتی هەڵبژاردنداو ئەم قەدەغەکردنە مافی دەنگدان ناگرێتەوە.

د-بانگەشەکردن بۆ سیاسەتی حزبێکی دیاریکراو لەکاتی کارکردن لەناو زانکۆو ئامۆژگاکاندا.

ە-بڵاوکردنەوەی وێنە یان پۆستەر یان بڵاوکراوە یان لافیتە بەمەبەستی بانگەشەکردن بۆ حزبێکی سیاسیی دیاریکراو.

و-رێکخستنی ئاهەنگی حزبی لەناو زانکۆو ئامۆژگاکاندا.

ز-لێدوان لەناو زانکۆو ئامۆژگاکاندا بۆ بانگەشەکردن بۆ چالاکیی سیاسیی حزبێکی دیاریکراو.

هەروەها خوێندکارانی زانکۆو ئامۆژگا حکومییەکان بۆیان نییە لەناو زانکۆو ئامۆژگاکاندا هیچ هەڵسوڕانێکی حزبی ئەنجام بدەن. ئەم قەدەغەکردنە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

ا-بەکارهێنانی بینای زانکۆو ئامۆژگاکان یان بینای هەر رێکخراوو کۆمەڵەیەکی سەر بەزانکۆو ئامۆژگاکان بۆ بەستنی کۆبونەوەی حزبی یاخود بۆ رێکخستنی ئاهەنگی حزبی.

ب-پەخش کردنی وێنە، پۆستەر، بڵاوکراوەو لافیتەی حزبێکی دیاریکراو.

ج-لێدوان لەناو زانکۆو ئامۆژگاکاندا بەمەبەستی پڕوپاگەندەکردن بۆ چالاکیی سیاسیی حزبێکی دیاریکراو یان بەشداری کردن لەبانگەشەی هەڵبژاردن بەقازانجی کاندیدەکانی حزبێکی دیاریکراو. لەکاتێکدا ئەمە مافی دەنگدان ناگرێتەوە، خوێندکاران ئەو مافەیان هەیە، کە لەهەڵبژاردنێکی گشتیدا کەئەنجومەنی زانکۆ یان ئامۆژگا سەرپەرشتیی دەکا، نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن.

٣-پێکهێنانی دادگای باڵای دەستووری بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی سەبارەت بەڕاڤەکردنی ماددەکانی دەستووری هەرێمو رادەربڕین سەبارەت بەو بابەتانەی، کە داوای لێ دەکرێ رای خۆی لەبارەیەوە دەرببڕێو چاودێری کردنی دروستیی یاساو سیستمە پەیڕەوکراوەکان. یاسا مافی تانەگرتن لەلای ئەم دادگایە بۆ دامودەزگاکانی حکومەتو هاووڵاتییان دەسەلمێنێو ئەم دادگایە وەک دەزگایەکی سەربەخۆ لەڕوی داراییو بەڕێوەبردنەوە کار دەکا.

٤-کاراکردنی ئەنجومەنی دادوەریی باڵای هەرێم بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروباری دادوەری لە هەرێمداو پاڵاوتنی سەرۆکو ئەندامانی دادگای تێهەڵچوونەوەو سەرۆکی داواکاریی گشتیو سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیی دادوەریو پێشنیازکردنی ناوەکانیان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ نیشاندانی رەزامەندی لەسەر دامەزراندنیان.

٥-قەدەغەکردنی بوونی دادوەرانو ئەندامانی داواکاریی گشتیو ئەندامانی دادگای دەستووری بەئەندام لەحزبەکاندا یان نیشاندانی هەر هەڵسوڕانێکی سیاسی.

**قۆناغی سێیەم:**

١-هەڵوەشاندنەوەی هەموو هێزە چەکدارەکانی سەر بەدوو حزبە سەرەکییەکەو پێکهێنانی هێزەکانی پاراستنی هەرێم لەسەر بنەمای پیشەییو دوور لەحزبایەتی.

٢-قەدەغەکردنی کاری سیاسی لەناو هێزەکانی پاراستنی هەرێمو رێ نەدان بەو هێزانە بۆ دەستوەردان لەکاروباری سیاسی یان گێڕانی هەر رۆڵێک لەدەستاودەست کردنی دەسەڵاتدا. قەدەغەکردنەکە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

ا-بوون بەئەندام لەحزبێکی دیاریکراودا یان لەرێکخراوێکی سەر بەحزبێکی دیاریکراودا.

ب-خۆپاڵاوتن لەهەڵبژاردندا بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سیاسی یان رێکخستنی بانگەشەی هەڵبژاردن بەقازانجی کاندیدەکانی حزبێکی دیاریکراو. ئەم قەدەغەکردنە مافی دەنگدان ناگرێتەوە.

ج-لێدوان بەشێوەیەک کە ببێ بەدەستوەردان لەکاروباری سیاسەت یان بۆ پشتگیری کردنی سیاسەتی حزبێکی دیاریکراو یان سەرکردەی حزبێکی دیاریکراو.

٢-دانانی سەرکردایەتییەکی مەدەنیی ناحزبی بۆ هێزەکانی پاراستنی هەرێمو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو ئەمە هەردوو وەزارەتی پێشمەرگەو ناوخۆ دەگرێتەوە.

٣-قەدەغەکردنی چالاکیی سیاسی لەناو دەزگای ئاسایشو رێ نەدان بەئەنجامدانی بانگەشەی هەڵبژاردن بەقازانجی کاندیدەکانی حزبێکی دیاریکراو لەلایەن ئەم دەزگایەو کارمەندەکانییەوەو قەدەغەکردنی بەشداربوونی لەهەر هەڵسوڕانێکی حزبی. ئەم قەدەغەکردنە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە لەم دەزگایەدا کار دەکەن.

٤-دانانی سەرکردایەتییەکی مەدەنیی ناحزبی بۆ دەزگای ئاسایش، کە ئەویش دەبێ ملکەچی چاودێریی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بێ.

٥-کۆتایی هێنان بەقۆرخکردنی بازاڕ لەلایەن هەردوو حزبی سەرەکییەوە. ئەمەش ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

ا-دەرکردنی یاسای قەدەغەکردنی قۆرخکاری لەبوارەکانی بەرهەم هێنانو هاوردنو ناردنە دەرەوەو خزمەتگوزاری. ئەویش بۆ دەستەبەرکردنی فراوانترین ئازادی بۆ بازاڕ.

ب-پێکهێنانی لیژنەیەک لەژێر چاودێریی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ تاوتوێ کردنی دیاردەی بوونی حزبەکان بەشەریک لەقازانجدا بەرامبەر بەدانی مۆڵەتی سەرمایەگوزاری یان بەرهەم هێنان یان هاوردن یان ناردنە دەرەوە، یان پێشێلکردنی مافی هاووڵاتییان لەوەبەرهێنانی سەرمایەکانیان یان قەدەغەکردنی گواستنەوەی کاڵاکانیان لەنێوان پارێزگاکانی هەرێم بەبێ هیچ هۆیەکی یاسایی، یان تەگەرەدان لەپڕۆژەکانی بەرهەم هێنان یان وەبەرهێنان یان خزمەتگوزاری بەقازانجی کەسانێکی سوودمەندی سەر بەحزبێکی دیاریکراو. لیژنەکە بەئاشکرا کار دەکاو راپۆرتەکانی بەرێکوپێکی لەهۆکانی راگەیاندندا بڵاو دەکاتەوە.

ج-رێ نەدان بەلێپرسراوانی حکومەت لەبەڕێوەبەری گشتییەوە سەر بەرەو ژوور بۆ ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی بازرگانی یان هەر چالاکییەک بەمەبەستی قازانج کردن بەدرێژایی ماوەی دەستبەکاربوونیان لەپۆستە حکومییەکاندا.

د-هەڵوەشاندنەوەی سیستمی ناوچە داخراوەکان، کە تەنها رێ بەهاووڵاتییانی سەر بەحزبێکی دیاریکراو یان سەر بەخێڵێکی دیاریکراو دەدا لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بن یاخود سوود لەداهاتەکەی وەربگرن یان چالاکیی سیاسیو ئابووریی تێدا بنوێنن. ئەم سیستمە چوار ناوچە دەگرێتەوە، یەکێکیان سەر بەیەکێتی نیشتمانی کوردستانە (قەڵاچوالان لەپارێزگای سلێمانی)و سێ ناوچەکەی تر سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستانن (سەری رەش، هاوینەهەواری سەلاحەددینو بارزان لەپارێزگای هەولێر).

لەم بوارەدا پێویستە لەسەر حکومەت مافی نیشتەجێبون لەم ناوچانەداو ئازادیی گواستنەوەی سەرمایەو دەستی کرێکار بۆ ئەم ناوچانەو مافی کڕینی خانووبەرەو زەوی تێیداو مافی سوود وەرگرتن لەداهاتی سرووشتییان بۆ هەموو هاووڵاتییەکان بەبێ جیاوازی دەستەبەر بکات.

**سێیەم: دەستووری هەرێم**

هەرێم لەساڵی ٢٠٠٥ەوە بەبێ دەستوورە، ئەگەرچی ماددەی ١٢٠ی دەستووری عێراق ماف دەداتە هەرێم دەستوورێک بۆ خۆی دابنێو بەپێی ئەم دەستوورە هەیکەلو دەسەڵاتو میکانیزمەکانی دەزگاکان دیاری بکا.

ئاشکراشە کەپڕۆژەی دەستووری هەرێم لەمێژە ئامادەیە. ئەوەی ئەمەش ساغ دەکاتەوە ئەوەیە، کەپارتی دیموکراتی کوردستان پاش روخانی رژێمی پێشوو بەماوەیەکی کەم پڕۆژەی دەستوورێکی پێشنیازکراوی بۆ هەرێم بڵاوکردەوە کەیەکێتی نیشتمانیی کوردستانیش رەزامەندیی لەسەر نیشاندا. ئاشکراشە کە پڕۆژەی دەستووورە پێشنیازکراوەکە پێش دەنگدان بەدەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقو پێش پێکهێنانی حکومەتی عێراقیش راگەیەنراوە. دوا بەدوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٥دا، پڕۆژەکە رادەستی ئەنجومەنەکە کرا، ئەویش لیژنەی بۆ هەموارکردنی پێکهێناو پاشان لەهۆکانی راگەیاندندا بڵاوی کردەوە. سەرکردایەتیی کورد وا پاکانەی بۆ هەڵپەساردنی پڕۆژەی دەستوورەکە هێناوەتەوە کەپاش جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق دەیخاتە دەنگدانەوە، لەکاتێکدا ماددەی ١٤٠ تەگەرەیەکی زۆری هاتۆتە بەر رێ. بەستنەوەی دەستووری هەرێم بەماددەی ١٤٠ەوە شتێکی پەسند نییەو لەگەڵ هەوڵەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی دامەزراوەکان وێک نایەتەوە. بەم واتایە، بەردەوامبوون لەسەر حوکمڕانی کردنی هەرێم بەبێ دەستوور، دەشێ ببێ بەمایەی تەگەرەدان لەرێکخستنی دامودەزگاکان لەسەر بنچینەی یاساو دەرفەتێکی زۆریش بۆ پێشێلکردنی یاسا دەرەخسێنێ.

ئاشکراشە کە هەردوو حزبی سەرەکی لەسەر چەردەیەک بابەت ناکۆکییان هەیەو گومان لەوەدا نییە کە ئەم ناکۆکییە تەگەرە لەڕایی کردنی دەستوورەکە دەدا. مایەی سەرنجە کە پڕۆژەی ئەو دەستوورەی کە لەهۆکانی راگەیاندندا بڵاوکرایەوە، شتێکی وای لێ هەڵدەکرێنرێ، کە هەرێم ئەوەندەی بەلای ناوەندێتیدا دەڕوا ئەوەندە بەلای ناناوەندێتیدا ناڕوا. ئەو دەسەڵاتە زۆرەش، کە پڕۆژەی دەستوورەکە بەسەرۆکی هەرێمی دەبەخشێ، لەگەڵ پەرلەمانیبوونی رژێمی حوکمڕانیی هەرێم دا ناگونجێ، وەک ماددەی یەکی پڕۆژەکەو وەک دەستووری عێراق بڕیاریان لێداوە، جگە لەوەی گومان لەڕادەی پابەندبوونی پڕۆژەکە بەلێک جیاکردنەوەیەکی لێبڕاوانەی دەسەڵاتەکان هەیە، سەرباری کەموکوڕییەکی زۆر لەچەندین بابەتی گرنگی وەک ئازادیی رادەربڕینو مافی کەمینەکان.

**راسپاردەکان:**

١-نەبەستنەوەی مەسەلەی دەرکردنی دەستوور بەمەسەلەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ەوە، چونکە کەس ناتوانێ گەرەنتیی ئەوە بدا، کە ناتەبایی سەبارەت بەماددەی ١٤٠ بۆ چەند ساڵێکی تر درێژە ناکێشێ. دەبێ مەسەلەی دەستوور بەبابەتێکی سەربەخۆ دابندرێو بەهیچ بابەتێکی ترەوە نەبەسترێتەوە. هەر چۆنێکیش بێ، دەکرێ پەراوێزێک لەدەستوورەکەدا بدۆزرێتەوە مەسەلەی ماددەی ١٤٠ی بەچەشنێک پێ چارەسەر بکرێ، کە نەبێتە رێگر لەبەردەم دابینکردنی دەستوور بۆ هەرێم.

٢-پێویستیی رێککەوتن لەسەر پڕۆژەی دەستوورێکی تەوافوقی بەپێی پێداویستیی حزبەکانو گروپە ئاینییەکانو کەمینەکان تاکو زۆرترین پشتگیریی بۆ دەستەبەر بکرێ.

٣-پێداگرتن لەسەر کردنی شێوەی حوکمڕانیی هەرێم بەشێوەیەکی پەرلەمانی، بەو جۆرەی، کە دەستووری عێراقو پڕۆژەی پێشنیازکراوی دەستووری هەرێم باسیان کردووەو وازهێنان لەهەر شتێک ببێ بەهۆی بەدی هێنانی گۆڕانێکی ریشەیی لەو شێوە حوکمڕانییەی، کە پڕۆژەکە بڕیاری لێداوە.

٤-پێویستی پابەندبون لەدەستووردا بەزۆرترین بڕی بیروباوەڕی دیموکراسیو ئازادیی رادەربڕینو مافی کەمینەکانو ئازادییە ئاینییەکانو زاڵ کردنی رێوشوێنە ناسەنتراڵییەکانی بەڕێوەبردن بەسەر رێوشوێنە ناوەندییەکاندا.

چوارەم: سیستمی سیاسی

دیارترین تایبەتمەندییەکانی بیری سیاسیی ئێستای کورد پێداگرتنی دەستەبژێرە دەسەڵاتدارەکانە لەسەر رەواییەک هێزەکەی لەسەروەرییەکانی رابردووی تێکۆشەرانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم بیرۆکەیەش لەسەردەمی خۆی دواکەوتووترەو چیتریش ناتوانێ کۆدەنگییەک لەسەر چەمکی دەسەڵاتێکی پشت بەستوو بەڕەوایی رابردووی تێکۆشەرانە پێک بێنێ.

لاوازیی ئەزموونی حوکمڕانیی کورد پاکانە بۆ لاوازیی هەڵسوکەوتی دامەزراوەییو خراپیی رەوشی بەڕێوەبردنو خراپیی خزمەتگوزاری بەهۆی گەندەڵییەوە، ناکا. لەڕووی تیۆرییەوە، ئەو نەهامەتییە سەختو دژوارەی، کە گەلی کورد لەناوەڕاستی حەفتاکانەوە تێیدا دەژی، وا دەکا کورد شایستەی حکومەتێکی مشورخۆرو خزمەتکار بێ. لەم سەروبەندەدا پێویستە لەسەر دەستەبژێرە دەسەڵاتدارەکان کار بۆ گۆڕینی چەمکی دەسەڵات بکەن، بەجۆرێک دەسەڵات خەڵاتی ساڵانی تێکۆشانی نەتەوەیی یاخود مافێکی بەدەستهێنراو نەبێ. پێویستە لەسەر ئەم دەستەبژێرانە هەوڵ بدەن تێڕوانینێک بێننە کایەوە، کە دەسەڵات بەئامرازی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی داهاتو چاککردنی گوزەرانی گەلو هێنانە دیی دەوڵەتی یاساو دادی کۆمەڵایەتی دابنێت.

**راسپاردەکان:**

**١-دانانی دەستوور بۆ هەرێمو پەلەکردن لەیەکخستنی سێ وەزارەتەکەی داراییو پێشمەرگەو ناوخۆ، کە تائێستا هەر یەکێکیان وەک دوو وەزارەت کار دەکا، یەکێکیان سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانەو ئەوی تر سەر بەیەکێتی نیشتمانیی کوردستانە. پێویستیشە ئەم دوو ئەرکە پێش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، کە نیاز وایە ئەمساڵ ئەنجام بدرێ، بێنە دی.**

**٢-کردنی پۆستی سەرۆکی هەرێم بە پۆستێکی پرۆتۆکۆلیو دانانی مەرجی سەربەخۆبون بۆ هەر کەسێک، کە بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم هەڵدەبژێردرێ ئەگەر ئەو کەسە پەیوەندیی بەحزبێکەوە هەبوو، دەبێ پاش هەڵبژاردنی بەسەرۆکی هەرێم، لەو حزبە دەست لەکار بکێشێتەوە.**

**٣-هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەڕێی پەرلەمانەوە نەک لەڕێی هەڵبژاردنی راستەوخۆوە، چونکە هەڵبژاردنی راستەوخۆ کاریگەریی بنەڕەتی لەسەر کرۆکی سیستمی پەرلەمانی بەجێ دێڵێ.**

**٤-کردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بەلێپرسراوی راستەوخۆی دەسەڵاتی راپەڕاندنی سیاسەتی گشتیی هەرێمو بەخشینی هەموو دەسەڵاتێکی پێویست بەو بۆ بەڕێوەبردنی هەرێم.**

**٥-دانانی دوو جێگر بۆ هەر یەک لەسەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، کە یەکێکیان لەکەمینەکان بێو چەسپاندنی ئەم خاڵە لەدەستووری هەرێمدا.**

**٦-گۆڕینی ئاڵاو سروودی نیشتمانیی هەرێم بەئاڵاو سروودێکی دیکە، کە هێمای بۆ هەموو پێکهاتەکانی گەلی هەرێم تێدا بێو چەمکی مرۆڤانەو مەدەنیی دوور لەئەنگێزەی نەتەوایەتیی توندڕەو لەخۆ بگرێ.**

**٧-تەرخانکردنی بودجەیەک لەدارایی گشتی بۆ دروستکردنی کۆشکی سەرۆکایەتیی هەرێمو ئەمە شوێنی نیشتەجێبونی سەرۆکی هەرێمو خێزانەکەی دەگرێتەوە دەبێ کارمەندە هەمیشەییەکانی کۆشکی سەرۆکایەتی لەسەر بنچینەیی پیشەیی نەک حزبایەتی دابمەزرێن.**

**٨-دانانی هەر دیارییەک کە لێپرسراوانی حکومەت لەڕووی پیشەییەوە لەبەڕێوەبەری گشتییەوە سەر بەرەو ژوور وەری دەگرن، بەبەشێک لەموڵکی گشتی.**

**٩-دەرکردنی یاسایەک مافی پێشنیازکردنی پێکهێنانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی تایبەت بەکەمینەکان بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان بسەلمێنێو ئەم ناوچانە لەڕووی داراییو کارگێڕییەوە سەر بەسەنتەری پارێزگاکە بن.**

**١٠-دەرکردنی یاسایەک ژمارەی پاسەوانانی هێزی پاراستنی هەر یەک لەسەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانو جێگرەکانیانو وەزیرەکانو شێوەی دامەزراندنو مەرجەکانی دامەزراندنیان دیاری بکا.**

**١١-پێکهێنانی دەستەی دەستپاکیی گشتی وەک دەزگایەکی سەربەخۆ هەم لەڕووی داراییو هەم لەڕووی بەڕێوەبردنەوە لەژێر چاودێریی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، کە ئەرکەکەی تاوتوێ کردنی کێشەکانی گەندەڵیی ناو دامودەزگاکانی حکومەت دەبێ.**

**١٢-پێکهێنانی دەستەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشێلکردنی یاسا لەدامودەزگا حکومییەکان، کە وەک دەزگایەکی سەربەخۆ لەڕووی داراییو بەڕێوەبردنەوە کار دەکاو لەژێر چاودێریی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستاندا دەبێ.**

**١٣-دەرکردنی یاسایەک بۆ بەرپەرچدانەوەی گەندەڵی، کە ماف بداتە دەستەی دەستپاکیی گشتی بۆ دانانی نوێنەر بۆ خۆی لەهەموو فەرمانگەو دەزگا حکومییەکانداو دانانی ستراتیجێکی نیشتمانی لەدژی گەندەڵی، کە هۆیە بینراوو بیستراوو خوێندراوەکانی راگەیاندنو سیاسەتمەدارانو رۆشنبیرانو پیاوانی ئایین بەشداریی تێدا دەکەن.**

**١٤-دەرکردنی یاسای پاراستنی بەکاربەر بۆ دانانی میکانیزمی پێویست بۆ پاراستنی مافەکانی بەکاربەر.**

**١٥-دەرکردنی یاسایەک بۆ دامەزراندنی دەستەیەکی گشتی بۆ چاودێریکردنی شێوەی دیاریکردنی بودجە بۆ پارێزگاکان، کە لەکەسانی شارەزاو نوێنەرانی پارێزگاکان پێکدێو ئەرکەکەی ساغکردنەوەی دابەشکردنی بودجەیە بەشێوەیەکی داد پەروەرانە بەسەر پارێزگاکانداو دەستەبەرکردنی شەفافیەت لەسەرفکردنی بودجەو لەبەرچاوگرتنی پێویستیی ناوچە هەرە زیانلێکەوتووەکان.**

**١٦-یەکخستنی دیوانی چاودێریی دارایی، کە تا ئێستا وەک دوو دەزگای لێک جیا کار دەکاو یەکێکیان سەر بەهەولێرو ئەوی تر سەر بەسلێمانییەو گرێدانی ئەم دەزگایە بەئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە.**

**١٧-دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بەرێکخستنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن، کە نیاز وایە ئەمساڵ ئەنجام بدرێ.**

**تێبینی: هەرچەندە ئەو پرۆژەیە بەناکامڵی لە رۆژنامەکانی چاودێرو هاوڵاتی و زۆرێک لە بڵاوکراوەکان و سایتەکان بڵاوبۆتەوە، بەڵام بەدرخان بە پێویستی زانی لەبەر گرنگی پرۆژەکە، دووبارە بڵاوی بکاتەوە.**

**بەدرخان**




**ن: مارگرێت سوێڤان - وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: پێشڕەوی سەید برایمی**

## پلاندانانی رووداو

داوا لە نووسینگەی رۆژنامەنووسی میری دەکرێ سەودا لەگەڵ هەموو جۆرە رووداوە گشتییەکان بکەن. " رووداوی راگەیاندن" هەیە – رۆژنامەنووسی بۆ بانگهێشت دەکرێ– رووداوی دیکەش هەیە، هەندێ لە نوێنەرانی رۆژنامەنووسی ئامادە دەبن و هەندێکی دیکەیان ئامادە نابن. پێویستە لەسەر گوتەبێژی فەرمی توانادار بێ لە کارگێڕی هاوبەش بوون لە هەر رووداوێکدا، جا راگەیاندن بێ یان نا، تۆ میوانداری دەکەی یان تۆ وەک میوان ئامادە دەبیت.

بیر لەو رووداوانە بکەوە، هەر وەک نمایشێکی شانۆگەری یان ئاهەنگێکی سەمایی باڵا. دەبێ هەموو شتێک پلان داندراوو نووسراو بێ.دەبێ هەموو شتێک پێوەندی بە بە بابەتی گشتی شانۆگەری یان بالێیەکەوە بێ. دەبێ بەڕێوەبەرێک – لەدەستەی فەرمانبەران– لە شوێنەکە هەبێ، بۆ دڵنیابوون لەوەی کاروبارەکان بەپێی رەوتی پلان داندراو بەجێ دەگەیەنن.

پلاندانانی رووداوی ناوەخۆ

پێویست بە پلانێکی وردی هەر رووداوێک دەکا، کە گوتەبێژی فەرمی رۆژنامەنووسی بەشداری تێدا دەکا، بەڵام بە تایبەت ئەو رووداوانەی وەک سەردانی سەرۆکی دەوڵەت یان کۆبونەوەی ژمارەیەک لە وەزیرانی دەرەوە.

* وەک هەنگاوی یەکەم بەڕێوەبەرێک دابنێ تا سەرپەشتی هەموو رووداوەکە بکا. لەوانەیە هەموو شتێک بەڕێوە ببا، یان سەرپەرشتی چەند کەسانێکی دی بکا، کە سەودا لەگەڵ ئەرکی جیاجیا دەکەن.

* دوایی بڕیار لە بابەتی رووداوەکە بدە.

* مەبەست چییە؟

* ئەو ئامانجانە چین، کە دەبێ بێنە دی؟

* ئەو شوێنکارە چییە، کە دە بێ بێتە دی؟

* دوا مۆڵەتەکانی توخمە جیاجیاکانی رووداو دیاری بکە.

?What impact do you want to have

* بە هاتنی رۆژ و رێکەوتێک دەبێ گوتارەکە تەواو بووبێ؟

* بە هاتنی رێکەوتێک"کات" دەبێ داواکاری کەرستەکانی سەکۆ و کورسی و رەشماڵ و کابڵی کارەبا و تەلەفۆنەکان پێشکێش کرابێ؟

* بە هاتنی رێکەوتێک"کات" پێویستیت بە وەرگرتنی رەزامەندییەکان هەیە؟

* بەهاتنی رێکەوتێک"کات" دەبێ بانگهێشەکان بنێردرێن؟

* کۆبوونەوەی بەردەوام لەگەڵ کەسانی بەشداربوو لە رووداوەکە بکە، بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەرکەکان لە جێبەجێکردن دان.

* لە کەمترین حاڵەتدا رۆژانە جارێک سەردانی شوێنەکە بکە، بۆ ئەوەی ئاگات لە رێکخستنی کارەکان بێ. رووداوی گەورە پێویستی بە سەردانی زوو هەیە– لەوانەیە چەند هەفتەیەک پێشتر سەبارەت بە سەردانی فەرمی. بەڵام سەبارەت بە کۆبوونەوەی نیو سەعاتی نێوان دوو وەزیر، سەعاتێک پێش کاتەکە بەسە. لا دەبێ هەمیشە لە بوونی یەکێ لە فەرمانبەرەکان لە شوێنەکە دڵنیا بیت، پێش چەند سعاتێک لە رووداوەکە، بۆ ئەوەی بتوانی هەر گۆڕانکارییەکی لە دوا ساتەکان دێتە پێش ئەنجام بدا.

* کتێبێکی راگەیاندن بۆ رووداوەکە ئامادە بکە، کە خشتەو لیستی بەشداربووان و خاڵەکانی باس یان گوتارو ژیننامەی کەسە گرنگەکانی رووداوەکە لە خۆ دەگرێ، هەروەها کورتەیەکی مەسەلە سیاسی و سەرەکییەکانی دی و ئەو راپۆرتە رۆژنامەگەرییانەی، کە پێوەندی بە مەسەلەکانەوە هەیە.

* دوای رووداوەکە سوپاسنامە بۆ بەشداربووان بنێرە، وەک گەورە بەشداربووان و فەرمانبەرەکان.

* کۆبوونەوەی بەدواداچوون لەگەڵ دەستەی فەرمانبەرانت ساز بدە و راپۆرتێکی کورتیش دەربارەی رەوتی چاک و خراپی رووداوەکە بنووسە، بۆ چاککردنی رووداوەکانی ئایندە.

لە تیۆرییە گشتییەکانی وڵاتە یەکگرتوەکاندا ٥ تا ١٠ سعات پێویستە بۆ پلاندانانی هەر سعاتێکی کە رووداوەکە دەیخایەنێ.

پلاندانانی رووداوی دەرەکی

گەر رووداوەکە پێوەندی بە خەڵکی دیکەشەوە هەبوو، بەڵام بەرپرسە میرییەکەت بانگهێشت دەکرێ بۆ دووان لەسەر رووداوەکە، بۆیە پێویستە پێداچوونەوەی گشت شتەکان بکەی، کە پێوەندی بە بەشداربوونی بەرپرسەکەوە هەیە، وەک بانگهێشتەکەو ئەو کەرستە رۆژنامەگەرییانەی، کە باسی بەرپرسی تێدایە.

جەخت لەسەر بوونی یەکێک لە فەرمانبەرەکانت بکە لە شوێنی رووداوەکە پێش روودانی. بەمەش دەتوانێ نوێنەرایەتیت بکاو لە گۆڕانکارییەکانی بەرنامەکە بزانێ و ئاگاداری بەرپرسەکەت بکاتەوە لە کارەکە. بێ ئەمە هیچ دەسەڵاتێکت نابێ بۆ بەشدارکردنی بەرپرسەکە.

لەبەشە گرنگەکانی پلاندانانی رووداوە دەرەکییەکان، هەڵسەنگاندنی بانگهێشەکەیە. ئەمەی خوارەوە لەبەر چاو بگرە: بەرپرسێکی میری گەشتێکی بۆ ماوەی چەند سعاتێک کرد، بۆ ئەوەی گوتارێک بدا بەرامبەر جەماوەرێک وای دەزانی لە لایەنگرانییەتی، بەڵام کاتێ گەیشتە سەر شانۆ بینی لە بەرهەڵستکارانیەتی. وا چاوەڕوان کرا بەرامبەر جەماوەرێکی نادۆست بدوێ. چونکە هیچ کام لە فەرمانبەرەکانی پێشەکی رێکخستنەکەیان بەسەر نەکردبۆوە، لەبەر ئەوە کەس نەیدەزانی رووداوە راستەقینەکە، وەک لە بانگهێشە زارەکییەکە ئاڕاستە کراوە هاتووە، لە رێڕەوی خۆی لای داوە.

بۆ رێگەگرتن لەروودانی لەناکاوەکان، زۆر لەسیاسەتمەدارەکان داوا دەکەن گشت بانگهێشە ئاڕاستە کراوەکانیان بە نووسراو بێ. بەم رێگایە بە تەواوی ئەوەی پێویستە دەزانن و دەتوانن گفتۆگۆ دەربارەی بەشداربوونیان بکەن لە سەر بنەمای ئەوەی نووسراوە. زۆریان لەوانە بە نووسراو سروشتی بەشداربوونیان روون دەکەنەوە.

**بەشی حەڤەهەم**

## حیکایەتی شار

# پەتای گەندەڵی



**محەمەد کەریم نانەوا**

– مرۆڤ ئەگەر بەچاوی گەشبین و خۆشەویستی سەیری کاروکردەوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، بێگومان حەقە رەش و سپی لێک جیا بکاتەوە، ئێستاکێ کوردستان نەک ئەو کوردستانە وێرانەی ژێر دەستی داگیرکەرانە، کوردستان وەک نەمامێک رۆژ لە دوای رۆژ باڵا دەکات، بێگومان لە سایەی سێبەری دا دەحەسێینەوە، بەلێ لە گەشت بوارەکاندا کارو پرۆژەی نایاب و جدوان ئەنجام دراوە، شایانی دەست خۆشییە.

بەڵام لەپشتی ئەم هەموو جوانکاریانەوە، گەندەڵکاریش لەئاردایە، ئەمگەندەڵکاریانە بوونەتە تارماییەکی بۆری چڵکن بە رووخسارو سیمای کار پوخت وجوانەکانی حکومەت، جوانییەکەی داپۆشیوە.

– گەندەڵە بریتی نییە لە دزی و قاچاندنەوەی پارە لە رێگای لێژنەی کرین لە فەرمانگاکان، بە پڕکرنەوەی (وەسڵ)ی بەتاڵ و حەپەلوشکردنی پارەی پێشینەی مانگانەی فەرمانگەکان و کاکە و برالەی نێوان بەرپرسانی باڵادەست بە لێندەرانی جێبەجێ کردنی پرۆژەکان، ئەم رێچکۆلانەو بەدەیان کۆرەرێ و شارێی دیکە هەن، کە بەرۆژی رووناک سەروەت و سامانی گەل پێیدا تیرۆر دەکرێت، بۆ نمونە وەکو ئەو فەرمانبەرانەی کە لە سایەی سێبەری مەسئولان دەوام ناکەن، وەکو ئەو مەسئولانەی کەبەچەندان حیمایەی وەهمیان هەیە، وەکو ئەوانەی بەناوی عەشیرەتانەو دیوەخانانەو پیاو ماقوڵان و نازانم چیوچی، بە دەفتەر دۆلار لە خەزێنەی گەڵ حەپەلوش دەکەن.

– لە هەمووی سەیرتر لەم ولتەی کوردەوارییەدا، پارەی پیاو ماقوڵانەیە وادیارە غەیری ئەو ماقوڵانە، خەڵکێکی دیکە بە گشت دەرۆزەکەر و سواڵکەر و خازوکی و گەجەر و گوجەرن.

– هەروەها گەندەڵی ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتەوە، کە بەزەبری دەستەو قەڵەم و لێهاتووی خۆیان پلە و پایەی وەزیفیان وەرنەگرتووە، هەروەها وەکو ئەوانەی هەجارەی بەناوێک، یان بەناوی (شت) زەویان وەرگرتووە، لە هەمووی سەیرتر ئەوانەی وەکو گوێزی ساغ ساغن، بەڵام بەناوی نەخۆشی و بە هۆی پەیوەندی، جا هەرجۆرە پەویەندیەکی هەبێت، بە دەفتەر دۆلار وەردەگرن و و تیاترۆخانەکانی ئەوروپا خۆت بگرە مشتەری چەورهات، گەندەڵی بریتییە لەوانەی لە ژیانیاندا رۆژێک نە خەباتی سیاسی و نە چەکی پێشمەرگایەتیان هەڵگرتووە، کەچی دە پانزە ساڵ خزمەتی پێشمەرگایەتیان بۆ دەنووسن، کاکم ئیمتیازاتی پلە و پایەی وەزیفی و زەوی پێ وەردەگرێ، کاری گەندەڵی گەڵێک کون و قوژبن دەگرێتەوە، بگرە دەیان ریئچگەی دیکە هەن بۆ گەندەڵکاری، ئەسڵەن پیاو شەرم دەکات تەنانەت ناویان بهێنێ، لێی حەیف و مخابن دەبوایە ئێمە وەکو میللەتی کورد بۆ رێزگرتن لە خوێنی شەهیدانی رزگاریخوازی کورد و کوردستان و گیانی بەرزەفڕی ئەنفالکراون و رۆحی بەسووتماکبوونی کیمیا بارانکراوان هەرگیز خۆمان لە قەرەی گەندەڵکاری نەدەین، چونکی گەندەڵی پەتایەکی کوشندەیە، تێکەڵ بە شادمار و هەست و هۆش و بیرکردنەوەی مرۆڤ بێت، کە بەو هۆیەوە هەرچی رەوشتی بەرزی مرۆڤایەتی و ئیلاهییە، هەر هەمووی دەخاتە ژێر پێی خۆی، بۆیە واچاکە لە پێناو بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان، دوور لە هەموو ئیعتباراتێکی سیاسی، حزبی، عەشیرەتگەری، پێویستە گەندەڵی لە رەگ و ریشەوەڕا هەڵبکێشین، بۆ ئەوەی چیتر جەماوەر بە چاوی لێل سەیری ئەم کاروپرۆژە جوانانەی حکومەت نەکات، کە لە راستیدا حکومەت لە بواری ئاوەدانکردنەوەی دێهات و شارەکانی کوردستاندا، کەمتەرخەم نەبووە، ئێمەوەکو میللەت چاوەڕوانی هەنگاوی گەورەترین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

# بێ قەناعەتی دوای گومان

**خالید عوسمان تەها**

هەمیشە پێمان دەگوترێ قانیع بین، ئەمە فەلسەفەی بە کۆمەڵی خەڵکە، کە دیاردەیەکی نامۆ نییە، بەو پێیەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی ترادسیۆنی گەوهەریی خوازی بەکار بەرین، لە هەمان کاتیشدا کەلەپوورێکی مێژوویی دەقگرتووی فێندەمینتالی بیرکردنەوە و رێگەی ژیانمان دیاری دەکات، کە هەر لادانێک لێی بە نامۆ و سەیرو نەگونجاو دادەنرێ. لە راستیدا ئەم دۆخە تەنها تایبەت نییە بە کۆمەڵگەی ئێمە، بەڵکو دیاردەیەکە لە ئەوروپای سەدە ناوەنجییەکان و تا سەدەی نۆزدەی سەدەی تیۆرو قوتابخانە زانستییەکانیشەوە هەر هەبووە، هەروەها لە کۆمەڵگە داخراوەکانی سعودیە و هەندێ وڵاتی ئەفریقی و لە نێو چەندین گەلی دیکەی کاتی ئێستاشدا بوونی هەیە.

بەڵام ئاخۆ دیاردەکە لە رووی لۆژیکی و مەدەنی و پێشکەوتنەوە بە دیاردەیەکی دروست دادەنرێ؟

بێگومان بۆ وەڵامی پرسیارێکی ئەوها نابێ بە تەنها بە (ئا) یاخود تەنها بە (نا) وەڵام بدرێتەوە، چونکە دیاردەکە بۆ خۆی لە رووی بابەتییەوە دروستە، بەڵام لە رووی خودییەوە جۆرێک لە نادروستی تێدایە، سەبارەت بە رووی بابەتییەوە دەکرێ بە دیاردەیەکی تا رادەیەک دروستی دابنێین، بەو پێیەی هەلومەرجە نا ئاسایی و دواکەوتوو و گۆران بە سەردانەهاتووەکان هۆکاری سەرەکین لە فۆرمۆڵەکردنی ئەم راستییە بابەتییە نەگۆڕاوەی، کە تەنانەت پیرۆزو رەواشکراوە، وەک راستییەکی دروست مامەڵەی پێ دەکرێ. هەر ئەو هۆکارە بابەتیانەش، دەبن بە هاندەرو ئاراستەکەری هۆکارە دەروونی و هزرییە خودییەکان، کەواتە لە دۆخی ئەوهادا تاکەکان خودەکانیان بە تەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا نییە، هەر لەبەر ئەوەشە بە هۆکارێکی نیمچە دروستیشی نەزانم، ئەوا بە هۆکارێکی نیمچە دروستی دەزانم، بەو پێیەی مرۆڤ و کەسایەتی مرۆڤ زادەی ژینگەی خۆیەتی، کەوایە دەکرێ بڵێین مرۆڤەکان دروست بیر دەکەنەوە و دروستیش رەفتار دەکەن؟

وەڵامی پرسیارێکی لەم جۆرە کارێکی ئاسان نییە.

دەکرێ بڵێین (ئا) و دەشکرێ بڵێین (نا)، بۆ (ئا)یەکە پاساو ئەوەیە هۆشیاری تاکەکان، لە هۆشیاریی مێژووییەوەیە مێژووش کولتوورێکی تێکەڵ و کار لەسەر نەکراوو رەخنە لێ نەگیراو و پیرۆزکراو و تێکەڵ بە هۆشیاری ئایینی و لە چوارچێوەی زانیاری سنووردارو رەهاش دەرنەچووە، بە پرۆسەی رەخنەو بە عەقلانیکردنیش تێپەڕنەبووە و بەبێ فلتەریش وەکو عورفێک ناسێنراون و لادانیش لێیان گوناه و لەرێ دەرچوونە، لە بارێکی ئەوهاشدا، کە راستییەکی پێچەوانەی ئەمە هەڵقوڵاوی ئەم کۆمەڵگەیە نییە، کەواتە پرۆسەی بەراوردکردنی دوو راستی دژیەک، یاخود پێک نەگونجاو بەپێی پێویست و لە ناوخۆدا بە ئاکام نەگەیشتووە، لەبەر ئەم هۆیانەوە لەبەر چەندین هۆی دیکەش، کە لەم وتارەدا دەرفەتی باسکردنیان نییە، ئەم حاڵەتە بە دروست و لەهەمان کاتیشدا بە نادروست دەزانم، دروستییەکەم لە دێرەکانی سەرەوە باسکرد، بەڵام لە دێرەکانی تردا کە دەیاننوسم باس لە نادروستییەکە دەکەم لە رووی خودییەوەو بەو پرسیار دەستی پێدەکەم، کە ئایا ئەمانەی، کە ئاماژەم پێکردن پاساوی رەهان و گومان لای کەسانی نووسەرو هۆشیار دروست ناکات، کە ئاخۆ مادەم واقیعەکە ئەوهایە، کەواتە بە هۆی بوونی پەیوەندی هۆکاریی لە نێوان هۆکاری بابەتی و خودییەوە، راستییەکە هەردەبێ وابێ و شیاوی گۆڕان نەبێ؟

بێگومان دەبێ گومان لە راستییەکی وەها بکەین و قەناعەت بە یاسایی کراوەکەش بخەینە بەر نەشتەری بەراوردو رەخنەوە، ناکرێ بڵێین بۆمان نییە گومان بکەین و قەناعەت بە هەموو نەگۆڕاوەکان نەکەین و نەشتوانین رەتدان بکەین. بەڵێ ئەمرۆ ئامرازو بابەتەکانی بەراوردکردن و گۆڕان هەن و دەکرێ هۆشیاری تاکەکانیش بگۆڕین و تاک ببێتە سەنتەری بیرکردنەوە و گۆڕان، قەناعەتی رەها، کە لە دەرەوەی خودی مرۆڤەکانەوە هاتووە و تەڵەزگەیەکی زەمەنی بکوژ و ئازاربەخشە و ئازادی لە مرۆڤ زەوت دەکات. مرۆڤ ئەو بوونەوەرە بیرکەرەوەیە، کە خاوەن ویست و توانایەکی زۆرەو دەتوانێ ئاراستەی ژیان بەرەو رێگەی سەرکەوتن و باڵایی ببات، کارێکی نەشیاو نییەو دروستە گەر ئێمە سوود لە ئەزموونی تاک و کۆمەڵگەکانی تر وەربگرین بۆئەوەی سەرچاوەی دروست و پتەو بۆ هەنگاوەکانمان بدۆزینەوە و بنیادی بنێین و هەمیشە نۆژەنی بکەینەوە، ئەمەشیان بەردەوامی بە زیندوویێتی و کارایی‌یەکی دروست و پڕ بەخشش بە کۆمەڵگەکەمان دەبەخشێت، کە سەرچاوەکەی عەقڵ و هۆش و رۆشنبیرییێکی واقیعی و پۆزێتیڤی دەوڵەمەندکراو بە تیۆرو فەلسەفە و ئەزموونی گۆڕاوی ژیانە.

راستە هەر کۆمەڵگەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام هیچ تایبەتمەندیێک نییە شیاوی گۆڕان بەلای پۆزێتیڤەوە نەبێ، بەو پێیەی تایبەتمەندی دەبێ ژیانێکی شیاوو پێشکەوتوو و باڵا بۆ تاکەکان برەخسێنێ، نەک ببێتە هۆی ئیفلیجکردنیان.

ئاخۆ شتێکی سەیر نییە وشکەساڵی بۆ خراپەکاری مرۆڤەکان بە گشتی بگەڕێنرێتەوە بەبێ باسکردنی هۆکارە سەرەکییەکان، تەنانەت گەر مرۆڤیش بن، بەڵام خۆ هەموو مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی نین. پارچەنەکردن و وردنەکردنەوەی خراپەکاری و ئاماژە پێکردنی بە شێوەیەکی رەها لەگەڵ لۆژیکی زانستی و راستییە تایبەتەکان یەک ناگرێتەوە و هیچ چارەسەرێکی کردەییشی بەدوادا نایەت، بەڵکو حوکمێکی رەهایە بە مردن بەسەرجەم مرۆڤایەتیدا بە هێزو لایەن و دەزگا چاکەخواز و زانستخواز و مرۆڤخوازەکانیشەوە بەبێ ئاماژەکردنی بەجۆرێ خراپەکارییەکان، یاخود ئاماژەکردن بە خراپەکاریی لە روانگەی رەفتاری ئاسایی و تاکەسی تاکەکان، کە هیچ پەیوەندییەکی هۆکاری لە نێوانیان و لەگەڵ دیاردە سروشتییەکانەوە نییە وەک ئەوەی هۆکارەکان بە جل و بەرگی ئاڵاو واڵا مۆدەی ئافرەتان و گۆرانی سۆزداری و کلیپ و جۆرێک لە فیلم و نووسراوی نووسەران و رۆشنبیران، یاخوود بەرەو بە علمانیەت چوون و بە زانستیبوونی کۆمەڵگە دەگەڕێننەوە، کەچی هۆکارەکانی وشکە ساڵی و باران نەبارین و گرانیی روون و ئاشکران و دەکرێ هەر تاکێکی کۆمەڵگە لە رێگەی خوێندنەوە و هۆیەکانی راگەیاندنەوە زانیاری لە بارەیانەوە بزانێ.

بێگومان هۆشیارییێکی ساختە لای ئەو تاکانە هەیە، کە بەم شێوەیە بیردەکەنەوە، کە لە دەرکپێکردنێکی ناعەقڵانی درووستبووە، ئاخۆ ئەمە سڕینەوەی عەقڵ، یاخود کوشتنی عەقڵ، یاخوود سادەیی و هەژاری مەعریفەت نییە؟

ئاخۆ دەکرێ مرۆڤ هێلێکی راست و چەپ بەسەر دۆزینەوەی داهێنانە گەورەو بەردەوامەکاندا بهێنێت، ئەگەر بشکرێ ئاخۆ چ مەعریفەتێکی سادە لەپشتەوەیەتی.

ئاخۆ باشتر و راستر و گونجاوتر نییە، مرۆڤی هاوچەرخ و نوێخواز خۆی بە مەعریفەتی عەقڵانی و ئەزموونگەری دەوڵەمەند بکات، کە دوو هۆکاری هەرە گرنگن بۆ هۆشیارکردنەوە و دروستکردنی هەبوون، واتە کەینوونەی مرۆڤ، بۆچی دەبێ مرۆڤی ئێمە ئاگاداری کارەکانی ناسا و مەڵبەندەکانی دیکەی زانستی نەبێ، کە کاری یەکجار مەزنی زانستیان ئەنجام داوە، کە بەهۆیەوە دەتوانن وەڵامی راست و دروست بۆ دیاردە نا ئاساییە سروشتییەکان بدەنەوە، لەوانەش دیاردەی وشکە ساڵی و بێ بارانی و گۆڕانی کەش و هەواو چەندین دیاردەی دیکەی سروشتی، کە هەندێکیان بۆ هۆکاری سروشتی دەگەڕێنەوەو هەندێکی تر بۆ هۆکاری دەستی مرۆڤە نابەرپرسەکان دەگەڕێنەوە، کە زانست و سیاسەت و ئابووری بۆ مەبەستی تایبەت یاخود بۆ بەرژەوەندی چەند کۆمەڵە کەسێک بە خراپی بەکاردەهێنن، لە راستیدا کەم کەس هەیە راگیربوونی کەمی، یاخوود تێکچوونی چینی ئۆزۆنی نەبیستبێ، کە وشکە ساڵیش بۆئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە.

نکۆڵی لەوە ناکرێ خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەربازی و مەدەنی وەک پاشماوەی ئەتۆمی زیادبوونی پیسبوونی ژینگە لە کردەی مرۆڤی هاوچەرخن؟

لەگەڵ ئەوەشدا راستییەکی مێژوویی هەیە، کە ناکرێ مرۆڤ فەرامۆشی بکات، ئەوەی لە دنیای پێشکەوتوودا هاتۆتە کایەوە کەم نییە، بە هیچ شێوەیەک کەم و کەمبەها نییە و مرۆڤ دەحەپەسێنێ، ئەویش ئەو دەسکەوتە زانستی و کلتوورییە زەبەلاحەیە، کە لەسەر دەستی زانایان و هزرڤانان و ئەدیبان و هونەرمەندە عەقڵخوازەکان هاتۆتەوە، ئەویش لە ئەنجامی ململانێیەکی درێژخایەن و پڕ نەبەردی لەگەڵ کلێسا بە مەبەستی سەلماندنی توانا عەقڵییەکانی مرۆڤ و بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی رۆشنبیری عەقڵانی گومانکارو کەم قەناعەت، کە لە گومانکردن لە کەلەپووری مێژوویی و ئایینی مەسیحدا خۆی دەنوێنێ.

بانگەوازەکانی هزرڤانەکان و زانایانی وەک دیکارت و گالیلۆ و چەندانی دیکە بە باوەڕنەکردن بە هەموو ئەوانەی کە لە کەلەپووردا دەگوترێن بە کەلەپووری مەسیحیشەوە، سەرەتایەکی راست و دروست بوو، بۆ راپەڕاندن و هەژاندنی ئەوروپای فێندەمینتالیستی و گەیاندنی بە مەدەنیەت و دیموکراسی و ئازادیی و باڵایی لە میانی خوێندنەوە و هەڵوەشاندنەوەی هەموو رابردوو و شارستانێتی و ژیاری ئەوروپا بە کەلەپووری ئاینیشەوە.

هەروەک دەشزانین بەبێ گومانکردن و بەبێ قەناعەتی رەها ئەو پرۆسە گەورەیە ئەستەم بوو، کە هەنگاوی دیکەی بەدوا داهات، ئەویش شیکردنەوەی هۆکارناسینی و لۆژیکی هۆکاریی شت و دیاردەکان بوو، لە رێگەی تیۆرو ئەزموونێکی زنجیرەیی تەواوکارییەوە، بێگۆمان ئیفلیجکردنی چالاکی عەقلی دەرکپێکردن لەلایەن دژە گۆڕانەکانەوە، گەلە هەوڵێکی نائاسایین بۆ بێبەشکردنی مرۆڤ لە ئامادەبوونە ماتریالی و دەرونییەکەی، ئاخۆ ئەمە لێستاندنی ویستی ئازادانەی دوور لە کاریگەرییە نەرسکاوەکانی مرۆڤ نییە، ئەو کاریگەرییە نازانستی و ناعەقڵانیانەی، کە بەرهەمی زەمەنی هەژاریی زانستی و دەرکپێکردنی عەقڵی و هۆشیاریی سەدە دوورەکانی مێژوون، واتە زەمەنی منداڵێتی چەمک و مەعریفە، کە مرۆڤ بەرەو خۆونکردن و بەفیڕۆدانی وزەکانی دەبەن، کە ئەمەشیان نادروستەو راستییەکی تاڵ و ئازاربەخشە.

# جۆباری شاعیر بناسە!

**باوکی لێزان**

لە مێژوودا زۆر پیاوی بلیمەت و هەڵکەوتوو تێکۆشەرو شاعیری بەناوبانگمان هەبووە بە داخەوە کاتێ لە ژیاندابوون وەک پێویست بە دوو دەنگیان نەچووین و هەقی خۆیان نەدراوەتێ تا ئەم کاتەی ژیانئاوایی دەکەن کەس بەلایاندا گوزەر ناکات بۆ ئەوەی لە دەرگایان بچنە ژوورەوە بۆ ئەوەی لە زمانی خۆیان گوێ بیستی راستییەکان بن.. بۆ ئەوەی لە دوا رۆژدا بخرێتە بەرچاوی نەوەکانی داهاتوو .

بۆ ئەم مەبەستە سەردانی شاری کۆیەم کرد و لە نزیکەوە لەناو دوکانە پڕ کەل و پەلەکەی لە نزیک مزگەوتی گەورەی کۆیە چاوم بە کەسایەتی ناسراوو خۆشەویستی شاری حاجی (جەلال سەعید عەبدوڵڵا) ی ناسراو بە (جەلال جۆبار ) ی شاعیر کەوت.

شاعیری ناوبراو لەدایک بووی ساڵی (١٩٢٩)ی شارە خنجیلانەکەی کۆیەیە، لەگەڕەکی بایز ئاغا . برادەرو هاوڕێی خۆشەویستی سەرۆک (مام جەلال تاڵەبانی)یە ماڵی ئەم بەڕێزە چەند مەترێک لە تەکیەی تاڵەبانی دوور بووە، جگە لەمە پێکەوەش لە قوتابخانەی (اولی) خوێندویانە، ئەوکات بەڕێوەبەری قوتابخانە مامۆستا (جەلال خەوێز) و دواتر مامۆستا (سابیر ئیسماعیل) بووە، رۆژانەو شەوانە لە حەوشەی تەکیە لەگەڵ سەرجەم منداڵانی گەڕەکی بایز ئاغا پەلیکانێ و مەزراحانێ و نان نانێ و رگانێ و جیغزانێ و کەلاموشێمان دەکرد.

مام جەلال ئەوکاتیش لەناو خەڵکی گەڕەک خۆشەویست بوو، چونکە لەلایەک تاقانە بوو، لەلایەکی دیکە زۆر زیرەک و بلیمەت بوو، لە ناو شار بە زیرەکی ناوی دەرکردبوو.

بەیانیان قوتابی کاتێ ریز دەکران ئەو یەکێک بوو لەم قوتابییە بەتوانایانەی شیعری نیشتمانی بۆ قوتابیان دەخوێندەوە، یەکێک لەم شیعرانە :

کوردە تاکەی بێ خەبەری

نووستن بێ عارییە

واستەی دواکەوتنت هەر

بێکاربیە

شاعیر دەڵێت لەبیرمە جارێکیان (مستەفا خۆشناو ) سەردانی قوتابخانەکەی کردین و بە پۆلەکاندا گەڕا داوای لێکردین بخوێنین، چونکە تەنها بە خوێندن دەگەینە ئامانجەکانمان .

شاعیر وەک خۆی دەڵێت زۆر دۆستی دەنگ خۆشان و گۆرانیبێژانی ئەم شارە بووە، لە وانە (مەلا ئەسعەد) و (فەقێ ئەحمەد)، ناسراو بە (مەلا کۆرەی مەولودخوێن) و (حەمەد ئەمین عەباس ).

شاعیر زۆر جار هۆنراوەی داوە بەم دەنگ خۆشانە و پێی دەگوتن ناوم نەهێنن، بڵێن (جۆبار) شاعیرێکە لە ناوچەی سلێمانی، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، چونکە لەسەرەتا باوەڕم نەبوو لە هۆنراوە هۆنینەوە سەرکەوتوو دەبم، هەر بۆیە شاعیر رووداوێکی زۆر سەیری بۆ گێڕامەوە و گوتی: رۆژێک یەکێک لە دەنگخۆشەکان بەناوی (مەلا ئەسعەد ) هات بۆ لام، پێم گووت: مەلا ئەسعەد لەگەڵ گۆرانی و غەزەل گوتن چۆنی، لە وەڵامدا گوتی جەلال چیت لێ بشارمەوە، ئێستا رەواجی غەزەلەکانمان زۆر لاوازە، لەو کاتەوە کە دەنگ خۆشەکان هۆنراوەی (شاعیرێکی ناوچەی سلێمانی بە ناوی جەلال جۆبار) دەڵێن.



جەلال جۆباری شاعیر

جەلال جۆبار خۆی ئاشکرا ناکات، کە ئەم هۆنراوە هی ئەوە، بەڵام شەوێک لەگەل (مەلا ئەحمەد) مەولود دەخوێننەوە بە قسەی خۆش و بەسیاسەت ناوی جۆباری پێ ئاشکرا دەکات . بۆبە بەیانی هات بۆ لام، داوای لێبوردنی لێ کردم و پێی گوتم ئەوە فیلم لێدەکەی، ئەوسا خۆم لێ ئاشکرا کرد .

شاعیر لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی ئەم شارە بەشداری کردووە، لەتیپی باواجی کۆیە لەساڵی (١٩٥٩) تا ساڵی (١٩٦١)، ئەم کەسایەتیانەش خوالێخۆش بوو دکتۆر (خالید سەعید ) مامۆستا (کەریم شارەزا) و مامۆستا (ئەحمەد دڵزار) بوون .

تیپی باواجی لەساڵی (١٩٥٧) لەلایەنمامۆستا(ئەندۆئیسرائیل)، کە بە مامۆستا (باکوری) هونەرمەند ناسراوە لەسەر دەستی ئەم بەڕێزە خەڵکی کۆیە فێری مۆسیقا بوون، بە تایبەتی مامۆستا (سەردار ئەحمەد) .

لەساڵی (١٩٦٣) ئەم تیپە تێکچوو، شاعیر دەڵێت: لە ساڵانی (١٩٥٤) و (١٩٥٧) گیراوم، لەساڵی (١٩٦١) دوورخرامەوە بۆ شامیە، دوای کودەتاکەی عەبدولسەلام بە لێبووردن گەڕامەوە کۆیە، لە ئاهانگی جەژنی نەورۆز هەمیشە بەشداریم کردووە. لەساڵانی (١٩٤٥) بە دواوە جەژنی نەورۆز لە (تاتۆکان، شاخەپیسکە، کانی بسکان) و گردی (قازی محەمەد) دەگێڕدرا.

شاعیر دەڵێت: جوولەکەکانی کۆیە کوردایەتییەکی باشیان دەکرد، من لێپرسراوی شانەیەکی رێکخستن بووم، ئەوکات چەند ئەندامێکی جوولەکەم هەبوو بەم ناوانە: (سابیر فەرەجی، ئیسماعیل نزری، سریقی لاولاو). ساڵی (١٩٤٨) کە رۆیشتن لە حەوشەی سەرا بەرێکران، هاواریان دەکرد (خودایە هەتا هەتایە ئاوا بێت شاری کۆیە).

شاعیر دەڵێت: تا ئێستا هیچ دیوانێکی نووسراوم نییە. دیوانێکی گەورەی چاپ نەکراوم هەبوو، لە ساڵی (١٩٦٣) لە ناو چرووی کەپری (ئەحمەدی مام عەلی) شاردبوومەوە، حەرەس قەومی رۆژێک ئاگریان لەهەموو کەپرەکانی ناو رەزەکانی کۆیە بەردا، ئەم کەپرەش یەکێک بوو لەمانە، دیوانەکەشم لەناو چوو. ئێستا (کۆمەڵێک) هۆنراوەم هەن ئامادەیە بۆ چاپکردن .

شاعیر رووداوێکی مێژوویی لەسەر هەڵبژاردنەکەی ساڵی (١٩٥٢) بۆ گێڕامەوە، گوتی: ساڵی (١٩٥٢) هەڵبژاردن دەکرا، دوو سندووق دانرا بوو، یەکێکیان لە مزگەوتی بایز ئاغا و ئەوی دیکەیان لە مزگەوتی گەورەی کۆیە بوو .ئەوکات دوو پالێورا و دەست نیشان کرابوون، یەکێکیان خوالێخۆشبوو (مەسعود محەمەد) و ئەوی تریان خوا لێخۆشبوو( مەلا حەوێز ئاغا) بوو خەڵکی پێی خۆشبوو(مەسعود) دەربچێت هەر بۆیە برادەرانی حیزبی شیوعی لەگەڵ پیاوێک بە ناوی مام (ئەسعەد حەمە ئاغا) کفنی سپی لەبەر کردبوو پەلاماری سندووقەکەی هەڵبژاردنیان لە مزگەوتی بایز ئاغا دا، لە ئەنجامدا کاغەزەکان پەرش و بڵاو بوو هەڵبژاردنەکە تێک چوو، ئەم رۆژە ئێستا بووە بەرۆژێکی مێژوویی لەم شارە بە رۆژی (کفن لەبەر) ناو دەبردرێت.

شاعیر شیعرەکانی هەمەچەشنەن ( کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی و غەزەل و خۆشەویستی و وەسف ) ە.

ئەوەی پاڵی پێوەنام هۆنراوەی ئاینی بهۆنمەوە، بەیانیان لە مزگەوتەکان کەباریان بە عەرەبی و بە فارسی دەگوت، بۆیە بڕیارم دا هۆنراوەی ئاینی دابنێم بۆ ئەوەی مەلاکان کەبار بە کوردی بڵێن، ئەم هۆنراوەیە وای لێهات لە هەموو مزگەوتەکان دەگوترا پێش بانگی بەیانیان .

زەمانەو چەرخی گەردوون چۆن دەسۆڕێ، سەیری کەن ئێوە، کە چەند دەورو دوکان تێک چوو و بزر بوو، چەندەها هەزارشێوە، بۆ رەمەزانان ئەم هۆنراوەیەم دانا، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی کەرکوک دەگوترا.

ئەی خودا هاتوومە قاپی تۆ بەدەم پاڕانەوە

تۆ بە بەخشین و منیش بە کۆمەڵێ تاوانەوە

دوا جار شاعیر لەساڵی (١٩٧٤) دەربەدەربووە و پەیوەندی بەشۆڕشەوە کردووە. لە دوای نسکۆی ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە کۆیە تا ئێستا لەم شارە ژیان بەسەر دەبات بە دوکانداری و ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی کۆیەیە.

# بەهرە موفتی و شانەڵەی شیعر



بەهرە موفتی

**دیداری: مەحمود زامدار**

١٨ساڵە لەنێو زەریای قووڵی شیعردا شانەڵە دەکات. تائێستا"٣"دیوانە شیعری بەچاپ گەیاندووە"دەرگاکانی ئەم دیو، بارانەکان بەدەم شەپۆلەوە دەڕۆن، ئەو پیاوەی بەلامەوە ڕەتبوو"دەستنووسێکی دیکەی بەناوی"باڵندەکانی ژن"ئامادەی چاپە. "٤" خەڵاتی وەرگرتووە:"فێستیڤاڵی ئەنوەر مەسیفی، یەکیەتی ژنان، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، یەکێتی نووسەرانی دهۆک". جگەر سووتاوی"٤"برای شەهیدیشە. دەی بابزانین چۆن بیردەکاتەوە چی لەمێشک و ناخدا هەیە.

***بۆ شیعر؟ شیعر لەلای تۆدا، چۆن لێکی دەدەیەوە؟ لەبەرچی؟**

– شیعر ناسکترین دەربڕینێکە، منیش هەر لەسەرەتاوە هەستم زۆر ناسک بوو، دەوروبەرم زۆر دژوارو پڕ لەزام و کول و کوڤان بوو، باری نالەباری خێزانەکەشم ئاڵۆز بوو. هەرچەندە بچووکیش بووم، بەڵام هەستم زوو و رووژاو کانییەکانی ناو دڵم تەقییەوە. شیعر بۆ منماڵێکی ئەبەدیمە، ئەوەندەی بوونی خۆم لەشیعر دەدۆزمەوە، تەنانەت لەئامێزی گەرمی دایکیشم نادۆزمەوە، رێگاکان زۆر سەخت بوون، نازانم نێوان من و شیعر چی بوو، سنوورێک بوو نەدەشکا، هەرگیزیش ناشکێ..!

*** ئافرەتی شاعیر و پیاوی شاعیر، چ جیاوازییەکیان تێدا دەبینی؟**

–ئەو سێوەی حەوا خواردی ئادەمیش خواردی، بەڵام بۆ حەوا هەڵخەڵەتاو ئادەمیشی هەڵخەڵەتاند، تاوەکو ئێستاش ئادەمەکانی ژن دەکەونە ناو خەتاوە، دیوار و روانینیان جیایە، ئەدەبەکەشمان لەم ژوورەوەیە، کە پەنجەرەی لێ دەبێتەوە.. جارێکیان (ع.ع. شێخ) ناوێ ناوی چەند دەنگێکی ژنی هێنابوو، بەراستی هیچ ئاستێکی هونەری نەبوو.. رۆشنبیری وا هەیە نایەوێ ژن بجووڵێ، یا شتی جوان بڵێ، دنیای ئافرەتی شاعیر بە تەواوی لەهی پیاو جیایە، دیارە دیواری جیاوازییەکانیش جۆرە دوژمنکارییەکی تێدایە.

*** ئەی ئەدەبێک هەیە بەناوی (ئەدەبی ئافرەتان)بێ؟ چۆن؟**

– جارێ ژن هەرخۆی شیعرە، کە هەگبەی خامەی لە کۆڵنا، دووجار دەبێ بە شیعر. ئێمە دوو دنیایـن بەیەکەوە گرێدراوین، من دیوانی سێیەمم ناونا (ئەو پیاوەی بەلامەوە رەت بوو) رەنگە ئەمە دەلالەت لە ئەدەبی پیاوان بکا، دەشکرێ هەر بەم ناونیشانە دیواری نێوان ئەم دوو ئەدەبەی یەک ئەدەبە بڕوخێ، ئەگەر نیازەکان پاک بن.

*** لە شاعیرانی کلاسیک کێ دەخوێنیتەوە؟**

– من خۆم بە کەمتەرخەم دەزانم، بەڵام دەبێ لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبەکەمان هەڵدەمەوە تا باشتر بزانم یەکێکی وەک نالی و مەحوی و حاجی و خانی و گۆران، چ گەنجینەیەکیان بۆ بەجێهێشتووین.

*** ئەی لە شاعیرانی هاوچەرخ و ئێستامان؟ بۆ؟**

– شێرکۆ بێکەس و بەختیار عەلی، چونکە لەناو داهێنان دان و دڵی زۆرترین جەماوەریان بۆلای خۆیان راکێشاوە.

*** ئەی شاعیرە ئافرەتەکانمان؟**

– کەژاڵ ئەحمەد، کە بەراستی بۆ شیعر ژیا، بەڵام بەداخەوە دەوروبەری ناهەموار لە شیعری چواند، بە لێبووردنەوەش دەڵێم: کەژاڵ خۆیشی نەیزانی جوان لەرێگا بڕوات، تا سەری لە شیعریش شێواند.

*** بۆ خوێندنەوە چیت لەبەر دەستە؟**

– بەڕاستی مێشکم زۆر ماندووە. بەڵام خەریکی رێکوپێک کردنی کتێبی دیکەم بەناوی"باڵندەکانی ژن". خەریکی خوێندنەوەی رۆمان و کورتە چیرۆکم. جارێ حەوسەلەم لەگەڵ شیعر نەماوە.

*** لەشیعردا"جوانی و خۆشەویستی و نامۆیی"چۆن خۆیان دەنوێنن؟**

– هەموویان بەیەکەوە کزە بایەکن و دەبنە گەواڵە هەوری سەر دەریا تا دەبروسکێنن، من خۆم لەشیعردا دنیایەک جوانی و خۆشەویستیم هەیە، غوربەت و نامۆییەکانم بەشیعر نەبێ دەرنایەن، داهێنانیش بێ ئەم سێ چەمکە وشک و برنگە..!

*** وەک بیزانم جار جارە کورتە چیرۆکیش دەنووسی؟**

– جارێ شیعرەکانم نزیکن لە دنیاو کەش و هەوای چیرۆک، لەبارەی چیرۆکیشەوە زۆر شتم بڵاوکردۆتەوە، سەرباری پەخشانە شیعریش.

*** ئەی چیرۆکی چ چیرۆکنووسێکی کورد و بیانی لەبەرچاوتە؟**

– ئەم چیرۆکنووسانەم خوێندۆتەوە: حوسێن عارف، رەئوف بێگەرد، نەجیبە ئەحمەد، موکری، یەشار کەمال، بەختیار عەلی و زۆری دیکە.

*** چ کتێبێکی دەروونی یا زانستی سەرنجی راکێشاوی؟**

– بێ خۆ هەڵکێشان من خۆم کتێبێکم لە دەروون و دەروونناسی. زۆریش حەزم لەخوێندنەوەی زانستی و دەروونناسییە، بابەتەکانی ئەژی چەتۆ زۆر سەرنجم رادەکێشێ.

*** ئەی سەیری چ دراماو فیلمێک دەکەی؟**

–فیلم زۆر کەم تەماشا دەکەم، رقم لە فیلمی شەڕ و کوشتارەو لێناگەڕێم منداڵەکانیشم ئەوجۆرە فیلمانە سەیر بکەن، زۆریش حەزم لە فیلمی رۆمانسییە، لە دراماشدا"گەردەلوول"زۆر سەرنجی راکێشام، چونکە خۆشم بوونێک بووم لەنێو ئەو کارەساتە.

*** لە سروشتدا چیت پێ جوانە؟**

–سروشت لەمن لەدایکبووە، عەشقی من و سروشت زۆر قووڵە، ئەگەر لەشیعردا ناوم"بەهرە"نەبا دەمکردە"سروشت"..!

*** گوێ لە دەنگی کام گۆرانیبێژ دەگری؟**

– گۆرانیبێژی باشمان هەن، بەڵام من زیاتر گوێ لە مۆسیقا دەگرم، چونکە مۆسیقا ماڵی شیعرە، ئەگەر شیعر لەباوەشی مۆسیقادا بخەوێ بارگاویتر دەبێ..!

*** ئەی غەم و کارەسات لەژیانت؟**

– کارەساتەکەم منی کردە مۆم، توانەوەکانیشم بەردەوام لەدەرگام دەدەن، ناشتوانم لەوەندە زیاتر بدوێم.

***ئەمانە بە نیو یان یەک دێڕ:**

باران : شووشتنەوەی رووحمە.
لوتکەی چیا : کە مرۆڤ دەگاتە مەبەستی خۆی.
ئاسمان : کڵاوی زەوییە.
روبار : دڵنەوایی.
شەو : حەسانەوەیە.
چاو : بینینە، بینینی جوانی.
سەما : تابلۆیە.
کانیاو : ژیانە.
خامە : بەهرەیە.
پەچە : دەمامکە.
سەمفۆنیا : عەشقمە.
هەیبە سوڵتان : منم.
تاڤگە : ئاواتێکە بۆت شۆڕ دەبێتەوە.
ساز : ماچە.
فەروغزاد : باڵندەیەک بوو باڵەکانی هەڵوەری، بەڵام نەمرد.
سەفەر : نۆژەنبوونەوەی مێشکە.
پایز : هەگبەی شیعرە.
هاوسەرەکەت : جوانترین دیاری و یەکەمین عەشقی ژیانمە، هاندەرمە.

# لەیادی "٣٩"ساڵەی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر رێزی لە ٢٥ نووسەر گرت



نووسەرە خەڵاتکراوەکانی یادی ٣٩ ساڵەی یەکێتی نووسەرانی کورد

**ئا: نێردراوی بەدرخان**

ئێوارەی رۆژی (٢٠٠٩/٢/١٠) لە ژێر چاودێری فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری و بە ئامادەبوونی هەریەک لە فەلەکەدین کاکەیی و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و مامۆستا بەکر بەرپرسی مەڵبەندی ٣ی (ی.ن.ک) و سەرۆ قادر بەرپرسی راگەیاندنی (پ.د.ک) و حاکم سەمەد بەرپرسی راگەیاندنی مەڵبەندی (٣)ی هەولێری (ی.ن.ک) و چەندین نووسەر و هونەرمەندی کورد، لەناو هۆڵی (شەهید مەهدی خۆشناو) لە بارەگاکەی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی



گەورە نووسەرانی هەولێر مەحمود زامدارو مەدحەت بێخەو ٣٩ـەمین مۆمی یادەکە دادەگیرسێنن



وەزیری رۆشنبیری لەکاتی بەخشینی خەڵات بە عوسمان مستەفا خۆشناو



وەزیری رۆشنبیری لەکاتی بەخشینی خەڵات بە فەرید زامداری شاعیر

کورد، بە بۆنەی "٣٩"یەمین ساڵرۆژی دامەزراندنییەوە رێزی لە ٢٥ نووسەرنا و میدالیای رێزلێنانیان لەمل کرا.

سەرەتای یادەکەش بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی شەهیدانی نووسەر دەستپێکرد و دواتریش مۆمی ٣٩مین ساڵیاد لەلایەن ئامادەبووانەوە هەڵگیرسێنرا و هیوای بەردەوامیان بۆ یەکێتی نووسەرانی کورد خواست.

دوا بەدوای ئەوانەش سەعدوڵڵا پەرۆش سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتییەکە وتارێکی پێشکەشکرد و تێیدا باسی لە چالاکییەکانی خۆیان کرد و رایگەیاند، کەوا ئەوان چوار ساڵە رێز لە نووسەرانی کورد دەنێن و لە سێ ساڵی رابردوودا (٢٤) نووسەریان خەڵات کردووە و ئەمساڵیش (٢٥) نووسەری دیکە خەڵات دەکەن و رێزیان لێ دەنێن، ئەوە جگە لەوەی باسی لە رۆڵی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری و پێشخستنی زمان و ئەدەب و رۆشنبیری کوردی کرد لە لایەن ئەندامانی یەکێتی نووسەرانی کوردەوە، لەوانەش گرنگتر باسی لەوە کرد کە بەهۆی هەر هەلومەرجێکی سیاسی نەتوانراوە یەکێتییەکە دوو لەت بێ و هەر بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە و ئێستاش لقەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەر چوار پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکووک) هەیە.

دواتریش نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر وتەیەکی پێشکەشکرد و ئەویش بە هەموو جۆرێک پشتگیری خۆی و حکومەتی هەرێمی بۆ یەکێتی نووسەرانی کورد و نووسەران و رۆشنبیرانی کورد دەربڕی و باسی لە هەوڵ و هەڵوێستەکانی نووسەرانی کورد کرد و گوتی: نووسەرانی کورد شانبشەشانی بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە رۆژانی سەختدا و لە هەر قۆناغێکدا رۆڵی سەرەکی خۆیان هەبووە.

هەر لە درێژەی ئەو ئێوارە یادەدا فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری وتەیەکی پێشکەشکرد و باسی لە گرنگی بەستنی کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کورد کرد و ئەوەشی نەشاردەوە، کە ماوەیەک لەمەوپێش لە سەردانی دکتۆر عزەدین مستەفا رەسوڵدا باسی لە نەبەستنی کۆنگرەی یەکێتی نووسەران کردووە و ئەوەشی پێگوتووە، کە هەرچییەکیان بوێ بۆ ئەو کۆنگرەیە با داوا لە حکومەت بکەن بۆ هاوکاریکردنیان، ئەوە جگە لەوەی کاکەیی رەخنەی لە ژنانی نووسەر کرد و گوتی دەبووا ئێستا نیوەی ئەو هۆڵە ژن بێ، نەک تەنیا ژنێکمان لەناوبێ، ئەویش دکتۆرە شوکریە رەسول بێ.

هەروەها فەلەکەدین کاکەیی باسی لە سەرەتای دروستبوونی یەکێتی نووسەران کرد و گوتی: (یەکێتی نووسەران لە کاتێک دروست بوو کە ئازادی بیروڕا نەبوو، نووسەران ژیانیان باش نەبوو، هەرچەندە ناڵێم ژیانی نووسەران باش بووە، بەڵام دامودەزگاکانی چاپکردن شەڕیانە لەسەر ئەوەی کتێب بۆ نووسەران چاپ بکەن، ئەوەش شتێکی دڵخۆشکەرە.

کاکەیی ئەوەشی گوت بەستنی کۆنگرە بۆ یەکێتی نووسەران زۆر گرنگە و گوتی من وەک ئەندامێکی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد قسە دەکەم، جگە لەوەی وەک وەزیر، دەنگم دەخەمە پاڵ هەموو ئەوانەی داوای بەستنی کۆنگرە دەکەن، چونکە بەڕاستی کۆنگرەی ساڵی ١٩٩٢ کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بوو، هەر هیچ نەبێ لەبەرئەوەی لەدوای راپەڕین یەکەمین رێکخراوی پیشەیی بوو کۆنگرەی بەست، بۆیە زۆر بایەخی پێدرا لە هەموو لایەکەوە، ئەوکاتیش من بە جێگری سەرۆکی یەکێتی نووسەران هەڵبژێردرام، بەڵام دواتر لەبەر کاروباری حزبی دەستم لەکار کێشاوە، چونکە من ئەوکات دەسەڵاتی حزبی و چالاکی سیاسیم هەبوو، بۆیە بە پەسندم زانی و خۆم کێشایەوە، بەڵام نەمزانی ١٨ ساڵ رەتدەبێ ئەوجا کۆنگرەیەکی دیکە دەبەسترێ، کە هێشتا نەبەستراوە.

کاکەیی باسی لەوەکرد ساڵی ١٩٩٥ گەر ئەو نەبا یەکێتی نووسەرانی کورد وەکو رێکخراوەکانی دیکە دوو لەت دەبوو، بەڵام دوایی بە کۆبوونەوەیەک راگەیشتم و نەمهێشت یەکێتی نووسەرانێکی دیکە لە هەولێر دابمەزرێ لە بەرامبەر یەکێتی نووسەرانێکی دیکە، کە نەبوو یان لە سلێمانی هەبوو.

لە کۆتایی وتەکانیدا وەزیری رۆشنبیری باسی لە گرنگی و پێویستی بەستنی کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کورد کرد و چەندین یادەوەری خۆشی لەگەڵ ئەو یەکێتییە گێڕایەوە.

دوا بەدوای ئەوانەش ٢٥ نووسەری کورد خەڵاتکران و رێزیان لێنرا و لەگەڵ ئەوەشدا بەکورتی باس لە ژیاننامەی هەریەک لە نووسەرانە کرا، کە بریتی بوون لە: (عوسمان مستەفا خۆشناو، جەوهەر کرمانج، بەدران ئەحمەد حەبیب، فەرید زامدار، د. عەبدوڵڵا خدر مەولود، عەبدوڵڵا قادر گۆران، خالید جووتیار، موحسین ئاوارە، کەریم سۆفی، جەبار جەمال غەریب، دلشاد



دیمەنێک لە مەراسیمی خەڵاتکردنی نووسەران - هەولێر - ٢٠٠٩/٢/١٠

عەبدوڵڵا، هاشم سەراج، ئەبوبەکر خۆشناو، د. هیمدادی حوسێن، مەوجود سامان، سابیر رەشید، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا، مەسعود پەرێشان، حەمە سەعید حەسەن، پیرداود مەخمووری، خوالێخۆشبوو عەبدولخالق سەرسام، ئەحمەد حەیران، کەریم کاکە، فەیسەڵ دێهاتی، ئاسۆ حەسەن).

لە کۆتاییشدا بە چەپڵەرێزان و دەستخۆشی کردن لە نووسەران و گرتنی چەند وێنەیەکی یادگاری و خواردن و خواردنەوەی شیرنەمەنی و ساردەمەنی کۆتایی بەو یادە هات.

جێی ئاماژەیە ئەو جۆرە کارانە جێی دڵخۆشییە و مایەی رێز و سوپاسە و نەریتێکی جوان و جوامێرانەیە و دەکرێ دەستخۆشی لە یەکێتی نووسەرانی کورد بکرێ و وەک چۆن ئەو یەکێتییە ماڵی نووسەران بووە ئاوا بەردەوام بن و کاری جوانتر و باشتر بە ئەنجام بگەیەنن.

جێی خۆیەتیشی بگوترێ ئەو یادە لە لایەن زیرەک کەمالەوە بەڕێوەبردرا و وەک بێژەری کارەکە کاری کرد.



Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
The Prime Minister

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکی وەزیران

No: 6
Date: [illegible]

بەڕێز کاک حمید ابوبکر
بەرپرسی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان

سڵاوێکی گەرم

[illegible]

هەر شاد و سەرکەوتوو بن

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران
شوباتی ٢٠٠٩

**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بەسوپاسێکی زۆرەوە، نامەی سوپاسگوزاری بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رێزدار نێچیرڤان بارزانی بەدەست گەیشت، لە روانگەی ئەوەی کە بەڕێزیان پەرۆشی نووسین و نووسەران و ئەو دەزگایانەن، کە چاپکراوەکانیان بەشێوەیەکی جوان و پرۆفیشناڵ لەچاپ دەدەن.**

# وەڵامێک بۆ ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان

**پوشۆ خدر قەساب**

من ئەمڕۆ کوڕی خاک و وڵاتم، کوڕی قەڵاو ئەم شارەم، پێویستە ئەم شارەش لانەو شوێنم بۆ دابین بکات، بۆ ئەوەی بتوانم زیاتر خزمەت بکەم، هەر کارو نووسینێک پێویستی بە دەست خۆشی و ئافەرین هەیە، بۆ ئەوەی مرۆڤ زیاتر لە هەوڵ و تێکۆشاندا بێت، پێویستی بە پاڵ پشت و یارمەتی دەروونی هەیە، بۆ ئەوەی لە ڕۆژانی دڵتەنگی و گرفتەکان، ماڵێکی بەختەوەری هەبێ، ماڵێک بکاتە شوێن و حەسانەوەی جەستەی ماندووی. ئەمڕۆش سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، دەستەی هەڵسوڕاندنی ئەم سەندیکایە ماڵ و پەناگەی هەموو ڕۆژنامەنووسێکە، بۆیە دەستخۆشی لە هەوڵ و ماندووبوونیان دەکەم، کە توانیان زیاتر لە ٢٠٠ ڕۆژنامەنووس و نووسەر ببن بە خاوەن شووناس و ئەندام، بۆ زیاتر خزمەت بە ڕەوشی ئەمڕۆی ڕۆژنامەگەری کوردی، بەڵام جێگای داخە پاش ماندووبوون و کارکردنم لە دەزگای (بەدرخان) و پشگیریم لە برای بەڕێزم کاک (حەمید ئەبوبەکر بەدرخان) خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری دەزگاو چاپ و بڵاوکردنەوەی (بەدرخان) وەرگرت. هەروەها ئامادەکردن و پڕکردنەوەی فۆڕم و کۆپی کردنی چەند دانەیەک لە نووسینەکانم، هەروەها کۆپی کردنی بەرهەمەکانی پێش ڕاپەڕینم، بەڵام بەداخەوە من ناوم لە ڕەتکراوەکان بوو، بۆیە جێگای داخە من هەتا ئێستا لە دەزگای (بەدرخان) شت دەنووسم و خۆم بە ڕۆژنامەنووسێکی دڵسۆزی ئەم دەزگایەو وشەی کوردی دەزانم، پاداشتم بە تەنها ژمارەیەکی هەفتەنامەی بەدرخان نەبووەو وەرم نەگرتووە، کەواتە بە ئەندام بوونم لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بۆمن خەڵات و پاداشتێکی گەورە بوو، کە ئەم ماڵە بۆ منیش دەرگای واڵا و کراوەیە، چونکە تەنها مەبەستم خزمەتکردنی ئەمڕۆی ڕۆژنامەگەری کوردییە، هەرچەندە ڕەت کردنەوەی بە ئەندام بوونم لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دەبێ چی بێت چ کەموکورتییەک لە فایلەکەم هەبێ، کە ناوەکەیان ڕەتکردمەوە مەگەر تەنها هەر ئەوەندەبێ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی"بەیان و هاوکاری" کە بە بابەتی فۆلکلۆر و هۆنراوە سەرەتاییەکانم دەستم بە نووسین کردووە، وەک هەموو ڕۆژنامەنووسێک و شاعیرێک کە ئێستا بەرپرس و وەزیر و کار بەدەستە، بۆیە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان موو لەچاوم دەبینن، بەڵام سووژن لەچاوی خۆیان نابینن.

# پاشاکانیش جاسووس بوون!

**ئا: مەحمود ئەلوەردانی**

**و: شێرزاد هەینی**

**فائیقە:**

هەموو دەزگاکانی موخابەرات و پەیداکردنی جاسووس بۆ کارکردن لەبەرژەوەندی وڵاتەکەیان بە چەندین سەرچاوەو هۆکار خەڵکانێک دەکڕن و دەستەمۆیان دەکەن، سێکس و مادەی بێهۆشەرەکان دوو سەرچاوەی سەرەکی و فاکتەری هەرە زیندوون بۆ پەیداکردنی کەسی جاسووس، یەکێک لە جاسووسەکانی میسر (فارس مصراتی)و فائیقەی کچی بوو، کە لە هەموو دۆسیەکانی تر ناودارتربوو، لە ساڵی ١٩٩٢ چواردە ساڵ پاش ڕێکەوتنە ئاشتییەکەی نێوان میسرو ئیسرائیل، پۆلیسی میسری لە گەڕەکی (النزهة) لە (مصر الجدیدة)و لەماڵی ژمارە ٥ی شەقامی ئەحمەد مخیمر، لەبەرەبەری بەیانی ڕۆژێکی مانگی فبرایری ساڵی ١٩٩٢، لە قاهیرە جاسووسێکی ئیسرائیلیان بە کیژەکەیەوە دەستگیرکردبوو، کە پیاوانی ئاسایش هەڵیانکوتاوەتە سەر شووقەکە، سەرەتا دەرگایان لێنەکراوەتەوە، بۆیە دەرگای ماڵەکەیان شکاندووەو لێیان چوونەتە ژوورەوە، کیژەکەیان لەگەڵ گەنجێک لە ڕەوشێکی نائاسایی گرتووە، سەرەتا کیژەکە شوێنی باوکی پێنەوتوون، بەڵام کە هەستیان کردووە پەنجەرەکە شکاوە، سەیری دەرەوەیان کردووە، باوکی کیژەکەیان بە قاچی شکاوی لە دەرەوە هەڵگرتووتەوە، دیارە بۆ دەربازبوونی خۆی لە پەنجەرەکە فڕێداوەتە خوارەوە، بەڵام لەبەر ئازاری شکانی قاچی نەیتوانیوە چیتر بڕوات و دەربازی ببێت.

هەموویان بۆ لێکۆڵینەوە بانگکران، پیاوە ئیسرائیلییە بەنەژاد لیبییەکە فارس مصراتی دانی بەوە ناوە، کەوا لەسەر داواو ڕێنمایی مۆساد بەناوی گەشتیاری هاتووتە قاهیرە، لەو سەردانانەیدا زانیاری بۆ مۆساد کۆکردیتەوە، زوو و بێ شەرمکردنیش پیاوەکە دانی بەوە داناوە کەوا کیژەکەی بۆ ڕاوکردنی کەسایەتییەکان و گەنجەکانی ناو قاهیرەی بەکارهێناوەو کاری بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵدا کردووەو شەوانەی سوورو نازداریان سازکردووە، کیژەکە دانی بەوەداناوە کەوا زۆر سەرکەوتووانە کارەکەو دەورەکەی جێبەجێکردووە، بەڵام بە پۆلیسی وتووە لەبەرئەوەی ئەوانەی هاتوچۆی منیان کردووە ژمارەیان زۆربووە، بۆیە بۆم ناکرێ ناوەکانیان ڕیزبکەم، ئەو کوڕەش کە لەکاتی گرتنەکەی لە باوەشیدا بووە مەعمیلێکی ئاسایی بووە، کە هەواڵەکە بڵاوکرایەوەو سەربردەی ڕووداوەکان زۆری لەسەر نووسرا، ئاشکرابووە کەوا کیژەکە ڤایرۆسی ئایدزی هەبووە، لە جووتبوونەکانی لەگەڵ گەنجانی میسری، زۆری تووشی ئەو نەخۆشییە ترسناکە کردووە، بۆیەش هەموولایەک بۆ ناسینەوەی گەنجەکان و دەستنیشانکردنیان کەوتنەخۆ، کە ژمارەیان زۆربووە، تا هەموویان لە کۆمەڵ داببڕن و ڤایرۆسی نەخۆشییەکە زۆرتر بڵاونەکەنەوە.

**سمحان مطیر**

لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٧ دەزگا ئەمنییەکانی میسری جاسووسێکی تری مۆسادیان بەناوی (سمحان مطیر)گرتبوو، کە لەلایەن پارێزگاری سیناوە وەک ڕاوێژکار دامەزرێندرابوو، ئەو پیاوە لەساڵی ١٩٨٠ وەک پاسەوانێک لەیەکێک لەکۆمپانیاکانی پترۆڵ کاریکردووە، سێ ساڵ بۆ بەرژەوەندی مۆساد کاریکردووە، لەو ماوەیەدا چەندین باری مادەی بێهۆشکەری لە ئیسرائیلەوە بەرێگای سیناوە بۆ هاتووە، لەبەرامبەر ئەوەش زانیاری ڕەوانەکردووە، بابەتی باشی بە مۆساد گەیاندووە، بەوەش سەرمایەکەی گەیشتووتە ٤ ملیۆن پاوەندی میسری، لەبەر لێهاتوویی لە سیاسەت پارێزگاری خوارووی سینا، پۆستی ڕاوێژکاری پێڕەوا بینیوە.

لەسەردەمی سەرۆک السادات بەڕێز سمحان مطیر لەئەنجامی نەبەردییەکانی لەشەڕی ئۆکتۆبەردا مەدالیای ڕێزگرتنی چینی یەکەمی وەرگرتووە، بەپێی ڕاپۆرتێکی ئەمنی، کە لە ڕۆژنامەی الاهرامی ڕۆژی ١٩٩٧/١٢/١١ بڵاوکراوەتەوە ئەو پیاوە ڕۆڵی شکۆداری لەپێش شەڕەکەو لەپاش شەڕەکە بۆ وڵاتەکەی هەبووە. ئەو پیاوە، کە سامانێکی زۆری هەبووە، نەک هەر هەموو باجەکانی سەر سامانەکەی بەرێکوپێکی داوە، هەموو مانگی ڕەمەزانان خوانی ڕۆژوو شکاندنی گەورەی بۆ موسڵمانی بەڕۆژووبوو سازو ئامادەکردووە، بەو خوانە ڕەحمانیانە ناوداربببوو، بۆ کاری خۆشی زیرەک و دانابووە زۆر بەچاکی پارەکانی خۆی ڕەوانەی بانکەکانی ئەوروپاو ئەمریکا کردووە، هەرچەندی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردووە هیچیان لەسەری نەکردووتە ماڵ، بۆیە دادگا تەنها ئەوەی بۆ کراوە کە دەستبەسەری بکات و پاسەوانی لەسەر دابنرێت.!

**شێرەکەی دەریا:**

شێرەکەی دەریاش ناوی ڕاستی خۆی (مورخای لیفی)یە، پۆلیسی دەریاوانی میسری ئەو پیاوەیان لەناو ئاوی دەریاو بە مەلەوانی گرتووە، لە ئیلاتەوە بە مەلەوانی هاتووتە بەندەری تابا، واتە دەیان کیلۆمەتری بە مەلەوانی بڕیوە، کە هاتووتە میسر داوای مافی پەنابەری لە میسرکردووە، وتوویەتی من دەمەوێ لە میسر بمێنێمەوەو لێرە بژیم. کە گیراوە دوو دشداشەی میسری جلبابی لەبەردابوو، یەکیان ڕەنگی کلی بووە، دووەمیان سپی بووە، لەژێر هەردوو جلبابەکەش پانتۆڵێکی جینزو قەمیسێکی لەبەردابووە، کیسەیەکی گەورەی پلاستیکی لە ناوقەدی ئاڵاندووە، لەناو کیسەکە سێ دانە تەوراتی تێدابووە! کە گیراوە وتوویەتی من لە ڕژێمی ئیسرائیلی بێزارو هەراسان بووم، بۆیەش ڕامکردووە، کە گیراوە بە تاوانی سنووربەزاندن ١٥ ڕۆژ بەندکراوەو سزای ١٥٠٠ دۆلاریشیان بۆ بڕیوەتەوە، پاشان سەفارەتی ئیسرائیلی لە قاهیرە پارەکەی لەجیاتی ئەو داوەو پاشان گەڕاندراوەتەوە ئیسرائیل.

نۆ مانگ پێش ئەو ڕووداوە جاسووسێکی تر بە جلی مەلەوانی بنئاو گیرابوو، ناوی (سمیر عثمان احمد)بوو، ئەو مەلەوانە بنئاوە لەو ڕاهاتبوو، بەردەوام دەریای نێوان میسرو ئیسرائیلی بەو حاڵەتە بڕیوەو زانیاری زۆری کۆکردیتەوەو گەڕاوەتەوە ئیسرائیل، ئەوەی لەسەر ئەو جاسووسە لە ڕۆژنامە میسرییەکان بڵاوکراوەتەوە کەم و دەگمەن بووە، ئەو لە ساڵی ١٩٨٨ەوە لەلایەن مۆسادی ئیسرائیلییەوە کراوەو زووتر لە دەزگایەکی گرینگی میسری کاریکردووە، بۆیە لایەنە ئەمنییەکان نەیانویستووە ناوی شوێنەکەی بۆ هاووڵاتیان ئاشکرابکەن، ئەو پیاوە زۆر گەڕاوەو سەردانی زۆری وڵاتانی عەرەبی کردووە، چوار پاسپۆرتی هەبووە، سەردانی عێراقی کردووە، لەناو سوپای عێراقیدا مەشقی بنئاوی بە سەربازانی دەریاوانی عێراقی کردووە، وەک بۆقە بنیادەمییەکان کاریکردووە، لەکاتی ئەوەی بەنیازبووە لە دەریاوە بگەڕێتەوە ئیسرائیل، بەرێکەوت و لەناکاو ئاشکرابووەو گیراوە.

**بەسەرهاتی بەڕێز ئاکۆکا:**

ساڵی پار دەزگا ئەمنییەکان ئاکۆکای ئیسرائیلیان گرتبوو، ئەو پیاوە ئیسرائیلییە لەگەڵ ژنەکەی بە ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی خۆیەوە سنووری بڕیبوو، لەناو ئۆتۆمبێلەکەی سێ ئیستگەی لاسلکی گەورەو ٩ ئامێری لاسلکی و ٧ ئامێری شەحنی تایبەتی و کیسەیەک تەقەمەنی عیار ٩ ملیم و ١٨ گەنجینەی عیاری هەمەجۆرو گەنجینەیەکی ڕەشاشی ئۆتۆماتیکیان پێبووە! پارێزەرەکەی وتبووی:

ئەو پیاوە شارەزای یاسای میسری نەبووە، ئەویش خۆی لە دەزگایەکی ئەمنی گەورە کارمەندەو ئەو کەلوپەلانەشی بۆ کاری ڕۆژانەی خۆی پێویست بووە، بۆیەش لەناو ئوتومبێلەکەی ئەو شتانەی هەڵگرتووە، بەڵام جێگای سەرسوڕمان بوو لە داوای بەرگرییەکەی لەو زوڵمەی لێکراوە وتوویەتی:

منیش وەک عمیر ئالونی ئازاد بکەن، ئەویش ئەو دەزگاو کەرەستانەی پێبووە، هەمان ئامێری لاسلکی پێگیرابوو، (هەمووکەس دەزانێت کەوا ئامێری لاسلکی بۆ جاسووسی بەکاردێت، نەک بۆ بازرگانی بە قازو مراوی). پاش گیرانەکەی دوو مانگی تری بۆ نوێ کراوەتەوەو بە زەمانەتی بڕە پارەیەک و دەستبەسەرداگرتنی هەموو کەلوپەلەکانی ئازادکرابوو.

**عزام عزام:**

سەرۆکی ئیسرائیلی داوای لە سەرۆکی میسری حوسنی موبارەک کردبوو، کە لەبەرامبەر ئازادکردنی "عزام عزام" جاسووسی گیراو لە میسر، هەموو شتێکی بۆ بکات، نەتەنیاهۆش داواکەی سەرۆکی دووپاتکردیتەوە، بەڵام حکومەتی میسر عزامیان نەداوەتەوە ئیسرائیل، دیارە کەوا ئەو جاسووسەیان سەرۆکێکی کاریگەربووە لە دەزگای مۆسادی ئیسرائیل، گوایە ئەو دەستی هەبوو لە ماڵکردنی هەزارەها گەنجی میسری بۆ کارکردن لە ئیسرائیل.

عزام کە گیرا بەڵگەی بەدەستەوەبوو، دەستەیەک جلی ژێرەوەی ژنانەی پێبوو، لەناو جلەکان جۆرێک حیبری نهێنی بۆ نامەگۆڕینەوەو کاری پۆستی بۆ جاسووسێک بەناوی (عیماد) دەبرد، کە لە خزمەتی مۆساد کاریکردووە، لەگەڵ ژنێکی دیکە پەیوەندی سێکسیان هەبووە، بەناوی (زهرە جرجیس)ی ئەفسەر لە مۆساد، لەو پەیوەندییەوە ئاشکرابووە، زۆربەیان بەو کاڵایە سێکسە کاردەکەن و دەگیرێن، کە جاسووسی میسری (عیماد) بۆ کارکردن دەچێتە ئیسرائیل، چەندین ژنە ئەفسەری جاسووس لە موخابەراتی ئیسرائیل بۆ نووستن لەگەڵیدا پێشبڕکێیان دەبێت، هەر بۆ کارکردنیش چەندین ژنە ئەفسەریش دەچنە پاڵی، بۆ نووستن و پەیوەندی سێکسیش چەندین ژنە ڕووسەکانیش ئامادەن هاوسەرینی بن، بۆیەش وێنەی لە ڕەوشی ناشیرین دەگیرێت، ئەوەش وەک ئوسلوبێکی تەقلیدی وێنەی دەگیرێت و وێنەکەش فشاری دەکاتە سەر، بەبیانۆی بەشدار لە کارگەیەکی دروستکردنی جلوبەرگ لەنێوان میسرو ئیسرائیل هاتوچۆی دەبێت، وەک پسپۆڕێکی شارەزا لە جلی ژنانە، دەچێتە شبرا الخیمە.

لەکاتی خۆییدا (فایتسمان) بە سەرۆک موبارەکی وتبوو، عزاممان بۆ ئازاد بکەن ئێمە ١١ هەزارو ٥٨١ گیراوی عەرەبتان بۆ بەردەدەین، دیارە ئەو کەسە لەلای مۆساد چەند بایەخدارو گرینگ بووە، بەڵام سەرۆک حوسنی موبارەک، بە نەخێر وەڵامی داوەتەوەو وتوویەتی ئەوەیان کاری دادگایەو ئەوان دوا بڕیار دەدەن، نەک من.!

گۆڤاری میسری ڕۆزیوسف لە ژمارەی ڕۆژی ٠٦ ٠٨ ١٩٩٧دا ئاشکرای کردووە، کەوا حکومەتی میسری چەندین کەسی ئیسرائیلی بە تاوانی جۆراوجۆری وەک جاسووسی و موخەدرات و تەزویرو ساختەکاری گرتووە، لەوانە ژمارەیەکیان ئازادکراون، لەوانە نەفەری ناو کەشتییەکی قوماری ئیسرائیلی بوون، کەواتە بەردەوام کەسانی وا وەک لێشاو لەو وڵاتە دەگیرێن. لە مایوی ساڵی ١٩٩٧دا هەریەک لە (نوریا بتشون)و (جانێت جادیا)و (فابیرا عوفادیا) کە بەتاوانی بەدرەوشتی لە ئیسماعیلیە گیرابوون، بە کەسانی تری میسری گۆڕاونەتەوە.

لە پۆرسەعید کەسێک بەناوی (یوسی ملکا) بە دۆلاری ساختەوە گیراوە، کە گەڕاوەتەوە ئیسرائیل لەوێ لەسەرئەوەی دۆلاری قەڵپی لە بانکی نەتەوەیی ئیسرائیلی وەرگرتووە داوای لە دادگا لەسەر بانکەکە تۆمارکردووە. کەسێک بەناوی (داڤید بارزانی)یش لەسەر گومان لەسەر پەیوەندی بە کەسانی مادەی بێهۆشکەر لە (دهب)ی سینا گیراوە. یەکێکی تر بەهەمان مادەوە گیرابوو، کە (مووشی باسیمۆف)ی دایکی بۆ سەردانی بەردەوام هاتوچۆی زیندانی (زقازیق)ی کردووە.

کەواتە لە ڕۆژانی ئاشتی و لەکاتی شەڕەکاندا، سەدان دۆسیە بەناوی جاسووسی و بازرگانی ناشەرعییەوە لە میسر بەرامبەر بە ئیسرائیلییەکان هەبووە، ئیسرائیل لە میسرو لەهەموو وڵاتانی عەرەبیدا لە چاندن و ناردنی جاسووس درێغی نەکردووەو بۆ یەک چرکەش لەو کارانە وەستانی نەبووە.

**خاوەن شکۆ:**

ئەوانەی لەبەرژەوەندی دەوڵەتی ئیسرائیل کاریانکردووە، تەنها کەسانی داماوو پێویست نەبوون، تەنها کوڕی پیاوانی دەستڕۆیشتوو نەبوون و بەس، بەڵکو ئەوان کەسانی وەک پاشایان لەگەڵدا بووەو کاری جاسووسیان بۆ کردوون، جاسووسی پاشایان هەبووە.!

لە کتێبی (کلام في السیاسە)ی "محمد حسنین هیکل" کە ئیمساڵ لە دەزگای میسری بۆ بڵاوکردنەوەی عەرەبی و دەوڵی چاپکراوە، تێدا ئاماژەی بەچەند بەڵگەو زانیاری دروستداوە، کەوا پاشای ئوردن (شا حوسێن) خوای لێخۆشبێت، پەیوەندی پتەوو باشی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەبووە، کاری جاسووسی بۆ ئیسرائیل کردووە، ئەو پەیوەندییەیان، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەلیک فەیسڵی باپیری، کە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل چاوی بە سەرۆکی وەکالەتی جوولەکە دکتۆر (حاییم وایزمان) کەوتوە، کە بڕیاری دابەشکردنی فەڵەستین لەساڵی ١٩٤٧ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچووە، لە ساڵی ١٩٦٥ (جۆلیان ئایمەر)ی مێردی کیژی سەرۆک وەزیرانی بریتانی (ماکلیلان) دیمانەیەک لەنێوان پاشای ئوردن مەلیک حوسێن و ژەنراڵ (مۆشی دایان) سازدەکات، پاش ئەو دیمانەیە لە ٢٦ ی مایۆی ساڵی ١٩٦٧ واتە چەند ڕۆژێک پێش زەبرە ئیسرائیلییەکەی ساڵی ١٩٦٧و لە ڕۆژی ٢٥ ی سێپتمبەری ساڵی ١٩٧٣، پێش چەند ڕۆژێک لە شەڕەکەی ئۆکتۆبەر، مەلیک حوسێن سەردانی (گولدا مائیر)ی کردووە، بەنهێنی دیمانەیان بووە، لەوێ ئیسرائیلی ئاگادارکردیتەوە، کەوا وڵاتانی میسرو سوریا بەنیازن گورزێکی سەربازیتان لێبەوەشێنن و هێرشتان بکەنەسەر، بۆیە وا چاکە خۆتان توندو ئاگادارکەن.

ڕەنگە لەبەر شەڕەکان و ڕەوشی ناڵەباری ناو ئوردن و هەڵکەوتەی وڵاتەکە مەلیک حوسێن کارێکی وای کردبێت، گەرچی هەر مەقبوول نییە، بەڵام مەلیکی مەغریب خوالێخۆشبوو (حەسەنی دووەم) دەستی لەگەڵ مۆساد هەبووە، بۆیە سیستەمە هەواڵگرییەکەی پشتی بە مۆساد بەستاوە، بۆ پاراستنی ژیانی تایبەتی خۆشی داوەتە دەست ئەو دەزگایە ئیسرائیلییە. بۆیەش کە مەلیک حەسەن کۆچی دوایی کردووە، ئیسرائیلییەکان زۆر بەخەمەوەو بەپەلە ڕەحمەتیان بۆ ناردووەو باسی چاکەو دەستی خێرییان کردووە. جەلالەتی مەلیک لە کۆنگرەی عەرەبی لە "رباط" لە ساڵی ١٩٦٥ کە بابەتی سەرەکی کۆنگرەکە بەرنامەو پلانی یەکگرتووی عەرەبی بوو دژ بە دەوڵەتی ئیسرائیل، لەو ڕۆژەو بە قسەی (جۆزیف ئالفرو)، کە یەکێکە لە کەسایەتییە ناودارەکانی مۆساد وتوویەتی:

دەزگاکەی ئێمە قەڵغانی پاراستنی ڕژێمەکەی بووە، بەهۆی ئەو ڕژێمەو مەلیک حەسەنەوە ئێمە هەموو وردەکارییەکانی بەرنامەی عەرەبمان زانیوە، ڕژێمەکەی کلاورۆژنەی ئێمەبووە بۆ دیتنی هەموو بابەتەکان و زانین و تێگەیشتن لە ناخی هەموو عەرەب، هەتا لەسەر ئاستی بەرزی دەوڵەتانیشەوە، کە سەرچاوەی بڕیاری سیاسی بوون.

مەلیک حەسەن لەنێوان ساڵانی ١٩٦٥ تا ١٩٩٤ لە وڵاتەکەی ئەوو بەسەرپەرشتی ئەو ١٥ کۆنگرەی عەرەبی و ئیسلامی گیراوە، بۆیەش دەکرێ ڕێزو بایەخی ئەو پاشایە بزانین لە تۆمارو ئاگادارکردنەوەی ناوەڕۆکی کۆنگرەکان و بڕیارە نهێنییەکان، بەهۆی ئەوەو لەهەموو بەرنامەو پلانی سەرکردەو پێشەوایەکانی عەرەب ئاگاداربووین. کە عەرەب لەو چەندین ساڵە شکست لەدوای شکست بەدەستی ئیسرائیلی چێشتووە بەخۆڕایی نەبووە. چونکە سەرکردەکانیان خائین بوون، بۆیەش دەڵێن پاش هەموو بڕیارێک دەگەڕێنەوەو پشت بەخودا دەبەستین، لەو زیاتر هیچ پشتیوان و پەنامان نییە، هەموو هێزێکمان لەخوداوە دەوێت، ئەو کردگاری مەزنەو چاوەڕوانی ئەو دەبین.

لەگۆڤاری (اخبار الادب)ی میسری دیسمبەری ساڵی ٢٠٠٠ وەرگیراوە.

**بەشی دووەم و کۆتایی**



مەلیکی مەغریب لە پێشوازی سەرۆکی فەرەنسیدا

# پیرو خەڕۆ

## ئەم هەفتەیەش (ژن)ێک شەهید کرا

هەواڵێکی دڵتەزێنی دیکە بەناو ناخی ویژدانمەوە گینگڵی خواردو هەموو ناخی گریاندم و بەتەواوی لە بێئومێدی ژیانی خۆم و هەموو ژنە ئاشقەکانی دڵنیا کردمەوە. کە شەهید بوونی خاتوو(شەوکەت محەمەد عەزیز) بەم شێواوییەی جەستەی ئەوەوە ئیعلان دەکرێ.. دەبێ چ چاوەڕوانییەکی دیکەی پڕ لە تاوان لە دەست و پەنجەی ئەم بکوژە چاوەڕوان بکرێ. خەمێکی گەورەیە. هەموو ڕۆژێ ڕۆژنامەکان کە هەواڵی کوشتنی ژنێک بڵاودەکەنەوە خەمێکی گەورەتر دەیانگرێ، چونکە ئەمانە لە شەڕێکی دەستە و یەخە و لە داگیرکردنی وڵاتێکی دیکە و لە شکاندنی سنوورێکی نایاساییدا و لە سەربڕینی مرۆڤێکی پڕ لە بەرائەت بەشدارییان نەکردووە.. هەموو تاوانەکەیان بەرائەتی خۆیان بووە و تەنها ساتێ لە ساتەکان دەنگیان بۆ ڕەوابوونی بیرکردنەوەکانی خۆیان داوە و وەڵامی شعور ژەنگاوییەکانیش بە فیشەکێکی ژەنگاویتر بووە بۆ ئەم جەستە ناسکەی ئەوان و بۆ زڕاندنی خەونە سەوزەکانی ئەوان

لێرەوە ناحەقییەکان ڕیسوا دەکرێن.. لێرەوە بکوژەکان شەرمەزار دەکرێن و شەقامە پاکەکان بە خۆیان هەڵناگرێ و یاسا پیرۆزەکان مامەڵەی بکوژێکی بەئەنقەستیان لەگەڵ دەکەن و لە قەفەزی تاوانکارییەوە دانپیانانەکان بۆ هەموو دنیا دەگێڕنەوە، کە چەند تاوانبارن. کەواتە دەستتان بشکێ. ئەم دەروونە نەخۆشەتان گڕ بگرێ. ئەم بیرکردنەوە بکوژیانەتان بەسەروبەندی لە سێدارەدانی خۆتانەوە بچێ، تۆزقاڵێک بیرتان لەوە نەکردەوە، ئەگەر سیمای قەشەنگی (ژن)ێک بشێوێنن، سیمای تەڵخاوی هەموو ژیانی خۆتان دەشێوێنن.

خاتوونە جوانکیلەکە...

من لێرەوە بۆ بەدبەختی مەرگی تۆ دەگریێم..

من لێرەوە بۆ مەوداکانی ژیانی هەموومان هەنگاوەکانم توندتر دەکەم بۆ شەرمەزارکردنی پیاوسالارییە بکوژەکانی جوانی (ژن)...



حەسیبە بابۆلی

مێژووییەکیان شێواند.. دەسەڵاتێکیان خستە بەردەم پرسینەوەی کوشتنی. کە تۆیان کوشت.. هەموو شتە بە ئاگاکان ساتەوەختێک لە حزوری مەرگی تۆدا بە هێمنییەوە سوژدەی خودایان بردو لە ناخێکی پڕ حەسرەتەوە سووتانی خۆیان ڕاگەیاند : ( هەموو ڕۆژ و هەموو هەفتەیەک ژنێک دەکوژن و لە پەراوێزی درۆزنانەی شەرەفەوە دەینێژن. هەموو ئەمانە ڕاستییەکان بەلادەدەن و هەوەسبازی پیاوسالاری دەکەنە پەردەیەکی وێرانکاری و ئەنجامەکەشی وێرانترکردنی ڕۆحێکی سپی فریشتەیی دیکەیە.. دەک نەفرەتتان لێ بێت).

دیسانەوە ئەم دەنگەی من. ئەم هەستە ژنانەی من، کە زۆر لە هەستی بکوژی (ژن) گەورەتر و بە ویژدانتر و ئازاترە، دەیخەمە سەر مێزە باقوبریقەکانی ( دەسەڵات ) و بانگڕادەدێرم و دەڵێم :

( ئێمە تۆڵەی هەموو ئەو خاتوونانەمان لە ئێوە دەوێ، چونکە بکوژەکان لە دەستی ئێوە ڕزگاریان نابێ.. چونکە ئێوە دەتوانن گەورەیی یاسا گەورەتر بکەن و سیمای عیبرەت بەڕووی ئەم بکوژانە بلکێنێ و تۆڵەی ڕۆحی ئەم ژنە جوانانە لە بکوژەکانیان بکەنەوە.. ئەو ساکە وڵات جوانتر دەبێ و دەسەڵات خۆشەویست دەبێ و سەروەری یاسا سەروەرتر دەبێ. ).

خاتوونەکەم..

کە ئەم چەند دێرەت بۆ دەنووسم جگە لەم چەند دێرنووسینە شتێکی دیکە نییە ئاوێزانت بکەم، بەڵام زۆر دەترسم منی ڕۆژنامەنووسیش بە دەستی بکوژێکی وەکو ئەو دڕندەیەی تۆ تەنها بە تاوانی نووسینی ئەم چەند دێرە بە ناڕەوا تەسلیمی مەرگی ناوادەم بکات.. نە.. ناترسم، چونکە من بۆ گەورەیی مرۆڤێک دەنووسم هیچ تاوانێکی نەبوو، تەنها تەعبیری لە بیرکردنەوە ڕاستییەکانی خۆی کردووە، بۆیە شەهیدبوونم لەسەر بیرکردنەوە ڕاستییەکانی خۆم شانازییە...

خاتوونەکەم...

لە دوای دیداری قەڵەمەکەی من و مەرگی تۆدا، تەنها تنۆکی فرمێسکەکانم دەکەمە پرسەنامە و بۆ سەر گڵکۆی پڕ لە گوڵاڵەی گەنجێتی تۆی دەنێرم و تۆش ئەو کەسەی فریشتە ئاسا لە ئاسمانی ژیانێکی پڕ لە حەسرەت لە شەقەی باڵت دا و ماڵئاواییت لە هەموو هیوا گەشەکانی خۆت کرد و بە دڵنیاییشەوە دەیڵێمەوە هیچ بکوژێک هەناسەیەکی دڵخۆشی لە سینەدا نامێنێ و تۆش لەم دوورەوە، بەم هەناسەسوارییەوە ئەم زوڵمە گەورەیە بدە دەست هەموو ئەوانەی هەمیشە لەبیرت ناکەن و تۆیان لەبیرە و لە مەرگەساتی تۆ دەدوێن.. منیش لێرەوە سەری دروودت بۆ دادەنوێنم و دەیڵێمەوە :

( با دەسەڵات بکوژەکانی ژن ڕیسوا بکات )

## دابونەریتی پرسە لە کۆیە

**باوکی دابان**

لەم شارە هەر کەسێک کۆچی دوایی بکات دەوڵەمەند بێت یا هەژار، خەڵکی ئەم شارە بەئەرکی سەر شانی خۆیان هەڵدەستن لەیارمەتی و هاورێیەتی کردنی مردووەکە بۆ شاردنەوەی لە گۆڕستان، بێ ئەوەی خاوەن مردوو هەست بەسەر قاڵی بکات.، لەسەرەتادا لەم شارە چەند خێرخوازێک بەناوی مامۆستا (ئیبراهیم عەلی ئەمین) و مامۆستا (بەهرام عەبدوڵلا ئاسنگەر) نووسینگەیەکیان دامەزراندووە بەناوی (نووسینگەی خێرخوازان)، لەم نووسینگە شەش کرێکار بەبەردەوامی لە ئامادە باشی دان، هەر کەسێک کۆچی دوایی بکات لە رێگای تەلەفۆن پەیوەندیان پێوە دەکرێت و ناونیشانی گۆڕستانەکەیان دەدرێتێ و بەکاری گۆڕ هەڵکەندن هەڵدەستن، بێ ئەوەی پارە لە خاوەن مردوو وەربگیرێت، جگە لەمە هەمان نووسینگە مووچەی (دووسەدو پەنجا هەزار دینار) دەدات بە هەر یەکێک لەم کرێکارانە هەروەها شارەوانی کۆیەش یارمەتی (دووسەد هەزار دینار) دەدات بە هەر یەکێک لەم کرێکارانەی هەمان نووسینگەو نووسراوێک دەنێرێت بۆ کارگەیەکی بلۆک، ئەویش بە پێی پێویست بلۆک بە خۆڕایی دەنێرێت . لەلایەن هەندێک خێرخوازی دیکە بەردی قەبر دابەشکراوە بەسەر هەموو گۆڕستانەکان، بۆ ئەوەی لە کاتی مردوو شاردنەوەکە بەکاری بهێنن، جگە لەمە خاوەن مردوو دوو رۆژ لە مزگەوت دادەنیشێت و هەموو خەڵکی شار (سفرە) دەباتەوە نیوەڕۆو ئێواران، (سفرە) یابردنی چێشت و مەرەگەیە یا بردنی (تەنکە روون و برنج و شەکرو، دۆشاوی تەماتەو چایە).

پیاوان لە مزگەوت دادەنیشن، ژنانیش لە هۆڵی تایبەتی، لەم شارە دوو هۆڵ بۆ دانیشتنی تازیەی ژنان دروستکراوە، ئەم دوو هۆڵە یەکێکیان بە ناوی (هۆڵی فاتیمە خان ) ئەوی دیکەیان بەناوی (هۆڵی سیوەیل) ە.

دوای دوو رۆژەکە دوای عەسر ژنەکان مەولود دەخوێننەوەو شیرنەمەنی وەک حەلوا یا لوقم دابەش دەکەن، بەم شیرنەمەنیانە دەگوترێت (تاڵاوی سەرە مەرگ).

دوای تەواوبوونی مەولودخوێندنەوە هۆڵەکە بە جێ دەهێڵن، رۆژی دواتر ژنەکان دەچن بۆ سەر گۆڕی مردووەکە، ماوەیەک دەمێننەوەو ئینجا دەگەڕێنەوە ماڵەوە، ئەمەی گرنگە ئاماژەی پێ بکەین هۆڵی تازیەی ژنان هەموو جۆرە پێداویستییەک و کەل و پەلی چێشت لێنان و بەرێکردنی میوانی لێیە جگە لە تەوالێت و شوێنی نوێژ و مانەوەی میوانە ژنەکان بەشەو لەم شوێنەدا، ئەم شوێنە خزمەتگوزارو پاسەوانی تایبەتی هەیە، ئەم داب و نەریتانەی کە خستمانە روو تەنها لەم شارە هەیە لەسەرتاسەری کوردستان، ئەمەش نەریتێکە لەباوک و باپیرانەوە ماونەتەوە، بۆیە پێویستە خێرخوازانی دیکەش لەشارەکانی دیکەی کوردستان پەیرەوی ئەم نەریتە جوانە بکەن، چونکە کارێکی مرۆییە.

## خوێندنەوەی کتێب

# بیرەوەرییە هەرگیز لەبیرنەکراوەکانی من

**خوێندنەوەی: بەدرخان**

بەشی یەکەمی کتێبی (بیرەوەرییە هەرگیز لەبیرنەکراوەکانی من)ی گەلاوێژ کەوتە بەردیدی خوێنەران، کە (کەمال غەمبار) پێشەکی بۆ نووسیوە.

ئەم کتێبە لە بەرگێکی رەنگاو رەنگ، کە هونەرمەندی خۆشنووس (محەمەد زادە) نەخشەی کێشاوە، کە (٢٦٣) لاپەڕەی قەبارە گەورە بەخۆ دەگرێ، بەو هەموو وێنە هەمەجۆرانەی نووسەرو دەوروبەری و کەسوکاری و دۆست و هەڤاڵانی هاوسەری نەمری مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، زیاتر رازاوەتەوە.

لە پێشەکییەکی پێویستدا، کەمال غەمبار رووناکی دەخاتە سەر نووسینی دوو جۆرە بیرەوەری، یان ئەوەتا خاوەن بیرەوەرییەکە لە رێگەی دیداردا بۆی دەنووسرێ، یان ئەوەتە خۆی دەینووسێتەوە، بیرەوەرییەکانی گەلاوێژو نووسەرو رۆژنامەنووس زادەی قەڵەمی بەبڕشتی خۆیەتی.

لەم نووسینەدا دوو خێزانی ناوداری کوردی پێشکەوتووخوازی خەباتگێر تێکەڵ بەیەکتر دەبن، رووناکی دەخاتە سەر قوربانیدان و رۆڵی بەرچاویان، پێگەیشتنی خودی خۆی لەناو خێزانێکی، دایکێکی نەخوێندەوارەوە و نەنکێکی خوێندەوار بەرجەستە بووە، کە نارەحەتییەکی زۆریان بینیوە، بەتایبەتی خاڵەکانی بەدەست گرتن و دەربەدەری و دوورکەوتنەوەی بەدەستی حکومەتەکانی یەک لەدوای یەکی عێراقدا، بەڵام هاوسەری هەمیشە زیندوو و لەبیر نەکراوی بێ وێنەی گەلاوێژ (مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد) دەرگایەکی نوێی بۆ دەکاتەوە، خۆشەویستی پاک و بێگەردی نێوان هەردووکیان، پەیوەندییەکی ئەوەندە توندوتوڵ پێکدێنێ، کە گەلاوێژی نووسەر پێ بنێتە ژیانێکی نوێ، رووبەڕووی مەینەت و ئێش و ئازاری ژیان و بارودۆخی ناهەموار بێتەوە، ئەویش خولیای خوێندنەوە و نووسین ببێ، ژیاننامەی خێزانی خۆیان لە باپیرییەوە دەست پێبکات، رووناکییەکی باش بخاتە سەر جۆری واقیعی خێزانەکە و پەل بۆ ئەملاو ئەولا بهاوێ، بێ رتووشکردن و پێ لێ هەڵبڕین رووداوەکان بە دەستپاکی بخاتە روو، یەک یەک باسی کەسانی خێزانەکەیان بکات و بەسەرهاتەکان بگێڕێتەوە، لە منداڵییەوە ئینجا بەرەو باسکردنی سەردەمی پاشایەتی ژیانی دوورە وڵاتی و ژیان بەسەربردن لە باشووری عێراقدا، بە حوکمی ئەوەی خاڵە محەمەدی ئەفسەربوو، هەروەها باسی خۆشاردنەوەی خاڵەکەی تری مامۆستا هەمزە عەبدوڵلا دەکات، لە چۆنیەتی شوکردن بە مامۆستا برایم دەدوێ، ئەوەندە تەگەرەی هاتۆتە پێش و چارەسەرکردنی ئەوەش ساغ دەکاتەوە، کە مامۆستا برایم ناوی ناوە گەلاوێژ، کە خۆی ناوی (ساجدە) بووە، ناوەکەش پەیوەندی بە گۆڤاری (گەلاوێژ)ەوە نییە، کە لە ساڵی (١٩٣٩)ەوە دەرچووە، شووکردنەکەی ئەو، ساڵی (١٩٤٧)ە.

لە رەوتی نووسینەکەدا باس لەو باردودۆخە دەکات، کە مامۆستا برایم تووشی چ دەردەسەری و گرتن دەربەدەری بووە. هەروەها گوێزانەوەیان بۆ کەرکووک و بەغدا و شۆڕشی چواردەی تەمووزی (١٩٥٨) و چۆنیەتی دەرکردنی رۆژنامەی (خەبات) و کردنەوەی بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان و پەیوەندی مامۆستا برایم بە (عەبدولکەریم قاسم)، هەروەها چوون بۆ قاهیرە بۆ پێشوازی لێکردنی بارزانی نەمر، چوونەدەرەوەی چەندین وەفد بۆ دەرەوەی عێراق، ئاهەنگ و خۆشی و شادی و دروستبوونی گیروگرفت لە نێوان عەبدولکەریم قاسم و مامۆستا برایم لەسەر نووسینی وتارێک، کە نووسیبووی (العراق ليس جزاء من الأمە العربيە)، کە لەسەر ئەم وتارە درایە دادگا و بە دەیان پارێزەر لە دادگادا داکۆکیان لێکرد، پاشان دێتە سەر تێکچوونی پەیوەندی نێوان پارتی و عەبدولکەریم و خۆشاردنەوەی مامۆستا برایم، دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول و یەکەمین شەڕی چیای ئەزمڕ لەنێوان پێشمەرگەو سوپای عێراق و شکستە خواردنی سوپا.

پاشان دێتە سەر کودەتای (٨)ی شوباتی (١٩٦٣) و دانووستاندن لەگەڵ رژێمی بەعس و نەگەیشتنە ئەنجام و دەستپێکردنەوەی شەڕ و دەربەدەری و باسی ژیانی ئەوکاتە لە ئاوە کورتێ و کانی حوسەینی مۆلکی عەلی ئاغا، باسی ئەوناچەیە دەکات، کە چۆن لەوێدا ژیانیان بەسەر بردووە.



ئەم بیرەوەرییانە، تێکەڵکردنی ژیاننامەی تایبەتی خێزانی و باردۆخی سیاسی ئەو بارودۆخانەیە، کە نووسەر لێیان دەدوێ، تەنانەت پەلی هاوێشتووە بۆ چەند لایەنێک، کە شتی تایبەتی خودی نووسەرەو بێ پەناو پێچ رووداوەکان دەخاتەڕوو بە شێوازێکی راستگۆیانەی راشکاوانە، کە خوێنەربکێش دەکات بۆ خوێندنەوەی بیرەوەرییەکانی نووسەر، کە دەتوانین بڵێین باسکردنی سێ سەردەمی جیاواز، لە واقیعی کوردستان و عێراقدا، لە رووی مێژووییەوە بایەخی خۆی هەیە و سوودی لێوەردەگیرێ.

هیواداریین لە ماوەیەکی نزیکدا گەلاوێژ خان بەشی دووەمی بیرەوەرییەکانی بە وێنەوە بەچاپ بگەیەنێ، لەگەڵ دەستخۆشیماندا.

# ژن لەنێوان میتۆلۆژیاو تاکسارێتیدا

**مەهەستی - چەمچەماڵ**

لە دەروازەی ئەم ناونیشانەی سەرەوە، دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەو ئۆرگانانەی لە ئەمرۆدا پێویستە رەچاویان بکەین زۆرێک لەو ستراتیجانە لە خۆ دەگرێت، کە لە فۆلکلۆریەتی بوارە جیاوازەکاندا پەیڕەو کراون... .

گەر لە پێشینەی باسەکەماندا و لە سۆنگەی میتۆلۆژیاوە شیکارییەک بۆ ژن بکەین، مەبەستم ئەو رووانەیە، کە ئاین و ڕەگەز لە خۆ دەگرێت هەڵبەت ئەم مەبەستەش ئاینزای لێ بەدەر نییە، پێمخۆشە لەم سەرەتایەدا ئەوە لە بەرچاو بگرم کە میتۆلۆژیا یەکێکە لەو فەرهەنگە گرنگ و پڕ بەهایانەی دەوری خۆی دەبینێت لە بابەتەکەمداو قەدری خۆی هەیە، وەکو میتۆدێکی کاریگەر، چونکە گێڕانەوەی ئەو لێکۆڵینەوە دەقگرتوانەی لە دوێنێدا ڕوویانداوە بە پێی بەرەو پێشچوونی سیستەمی هەر وڵاتێک بەرقەرار دەبێت.، ئێستا گەر هەر لە میتۆلۆژیاوە بچینە سەر ئەو بیریارانەی لە سەدەی هەژدەو نۆزدەدا، بەتایبەت ناویان لە مێژوویێکی یۆتۆپیادا هاتووە .لە ڕووی فینۆمینۆلۆژیاوە بووبێت فەزایەک بووە بۆ ئەو پێشهاتانە و گەر بێت و لەڕووی ئەبستمۆلۆژیاشەوە خۆمان بخزێنینە نێو فەرهەنگەکانەوە پێم وایە شتێکی بەهادارمان دەست دەکەوێت...

وای بۆ دەچم تەواومان سۆزان براونیل ئەنتوانی دەناسین، ئەو توێژەرو لێکۆڵەرەوە بە رەچەڵەک ئەمریکییەی توانی لەسەردەمی تاریکیدا، کە لە عەولەمەی ئەوکاتەدا سەرانسەری ئەوروپای تەنیبوو دەربکەوێت و دوای ئەوەش، کە سەرەتاکانی ڕێنسانس سەریهەڵدا، پشتی بەو سکۆلاستیزمە بەست، کە ژن ئامرازێک نییە، بەڵکو ئەو بە جدی گیانی بەبەر مەسەلەکانی ژندا کرد بە پشت بەستن بەو ئۆرگانانەی ماف و ئیسلاحاتەکانیان دەستەبەر بکات.

بەوە پرنسیپی لیبڕالیەتەکانی ئافرەتی چەسپان...لە دوای قافڵەکانی سۆزانەوە ئەمیلیا بانهێرست و فریدان بیتی هاتنە نێو ئەو میکانیزمانەی دۆسیەی ئافرەت واڵا دەکەن، لە ڕاستیدا بەناوبانگی ئەم ژنانە لەوەدا بەدیار کەوت لە ڕێگەی جاڕدانە هەمیشەییەکانی خۆیانەوە کەوتنە ڕەواندنەوەی ئەو زوڵمەتانەی ببوون بە سەکۆیەک لەبەردەم بەشداریکردنی سیاسییانەی ژندا، هەموارکردن و لەئەستۆگرتنی ئەم ئایدیایانە لەبارودۆخێکی وادا تا ڕادەیەک سەختی بە مەسەلەکەدا دەکات..

ئەم بیرە خەمخۆرانە دەستیان دایە ئەو گەردیلە زۆرو زەوەندانەی بە ئاسانی لەگەڵ تیۆرەکانیان پراکتیزە نابن، سەرباری ئەو پێشهاتانەی تەسەوری ڕوودانین نەدەکرا یەکێک لەو پەرتووکە پڕ قەدرانەی لە ڕوانگەی فەلسەفەدا توێکارییەکی جیهانی وەرگرت، کتێبی (ڕەگەزی دووەم)ی سیمۆن دی بۆڤواری بیریار بوو، دیارە سیمۆن یەکێکە لەو فەڕەنسییە لێهاتووانەی حەرفەکانی ژنی شیتەڵ کردەوە لەگەڵ حەقیقەتی حەرفەکاندا ڕاستە دوورەپەرێزییەک لە هەڵسوکەوتی سیمۆن بەدی دەکرا لە بەرانبەر دۆسیەی ژندا، بەڵام ئافرەتێکی تر نووسی وەکو سیمۆن کە لەقاڵبی فیتشیزمییەکی ئیدیاڵدا دۆزرایەوە هاودەمی سارتەری دۆستی لە فەڕەنسای فەلسەفە فرۆشدا بیرنووسێکی پاڵەوان بوون، لێرەدا نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە خۆ تەرخانکردنی تەواوەتی بۆ عەقڵ! خوێندنەوەیەکی شیکارییانەی وردی دەوێت، لەبەرئەوەی عەقڵ تاکە هیرمۆنتیک نییە بۆ بنیاتنانەوەی ئینتیمای مرۆڤ بە بنەماکانی بوونەوە، بەتایبەت کە ئێمە باس لە دۆسیەی ئافرەت دەکەین، چونکە بونیادگەری خۆی لە ڕێبازەکانی ڕەخنەدا نابینێتەوە بەو مانایەی خودگەرایی تاکە شێوازە بۆجێکردنەوەی عەقڵ لە خۆیدا وەکو دەزانین بیرو هەست لەلایەک و هۆشیش لەلایەکی کەوە سنوورێکن بۆتەواوکاری ئەسکیۆلۆژێکان...نووسینەکەمان وای خواست هەر لە توێکاریکردنی میتۆلۆژیادا هانا ئارێنت بهێنینە سەر خوان، هاناش یەکێکە لەوانەی بەراوردێکی تۆکمەی بۆ قەیرانە جیاوازەکان کردووە، گەر لە تەوزیفکردنی مێیشەوە نەبوو بێت جێگەی شانازییە ئەمە سیکۆلاریزمیەت نییە لە ڕێبازی هەڵبژێرراودا، هانا ئەڵمانییەو پۆست مارکسیزمە و لە مەسەلە بناغەییەکانی ئازادی و گرفتی کۆماری وتوندو تیژی بوارەکانی دیکەی کۆڵیوەتەوە، لەدوای بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکەی بەنێوی (ڕیشەی تۆتالیتاریەت) و بۆ تەواوکردنی دکتۆراکەی ڕوویکردە ئەمەریکاو دەستی کرد بە وتنەوەی محازەرات لە زانکۆکانی ئەوێدا. لە ڕاستیدا شۆڕشە ئایینی و فەلسەفییەکانی نەتەوەیەک لە قەڵەم دەدرێت، کە سەرکردە بەرپرسەکانی هەڵبژاردەی تەواوی کێشەو کەیسە جۆراو جۆرەکان بن تا نەبێتە هەڕەشە بۆ بنیاتنانەوەی ئۆقرەیی، لەم سۆنگەیەشەوە دەگەینەوە بەو مەبەستەی هەمانە لە ڕووی تاکسارێتییەوە بە هەموو ماناکانییەوە، واتە وێنەی ئەو بریارە پەڕلەمانییەی لەم ماوەیەدا ئاڵۆزییەکی گەورەی لە توێژی ژناندا خوڵقان بە دابەش کردنی کۆمەڵ دوو ئۆرگانی فەرمی دێتە ئاراوە، کە مێژوو و دەسەڵاتە سیاسی و ستراتیژییەکانە، ئەمەش دەکاتە ئەوەی دەنگۆی هەر میللەتێک دروست دەبێت سەبارەت بە هەیمەنە ڕامیارییەکان، بۆیە بڕیاردان لە جۆرە بڕگەیەکی هاوشێوەی فرەژنی هەڵایەکی مەزنە سەبارەت ژنەوە، کە دیارە ئەمە ئیمتیازێکی ئەزەلییە، کە مومارەسەی پاشەکشەی لێ بکەن. لە زەمانێکی وەکو ئێستای نوێگەری و جیهانگیریدا، کە هێدی هێدی دنیای دەرەوە ئاشنای عەقڵانیەت و شمەکی تەکنەلۆژیای جیاواز دەبن؛ لە پەرلەمانی کوردیدا بە کۆی دەنگ بڕیار لەسەر هێنانەوەی مۆدێک دەدەین، کە لە هەموو لایەکەوە پێکهێنانی چوارچێوەیەکە زیان بە دەروازەی هەوڵدان دەگەیەنێت، ئەمە جگە لەوەی کە خنکاندنی لۆژیکە بە تەواوی واتاکانییەوە لە کاتێکدا کە تەماشایەکی ڕەهەندی دنیای دەوروبەر بکەین دووچاری تێڕامان دەبینەوە، چونکە وا دێتە سەر ئەوەی ژن لە نێوان ڕەگی ئەزەل و سروشتی قودرەتەوە بەرجەستە بکرێت .



## بەدڵنیاییەوە دەیڵێم (٣٧)

فەرامۆشکردنی بەرژەوەندی باڵای کۆمەڵانی خەڵک، بەتایبەتی چینە نەدارەکان، نیشانەی کڵۆڵی و بێ ویژدانی و نەشارەزاییە، بە پێی خشتەی پێشنیازکراو بۆ زیادکردنی نرخی کارەبا بۆ ساڵی ٢٠٠٩، کە لە ٢٠٠٨/١١/١٦ دەرچوو، ئاماژە بۆ خەرجکردنی لە (١) بۆ (٤٥٠) کیلۆ وات لە مانگێکدا، لە (٨) دینارەوە کراوە بە (١٥) دینار، ئەو شوێنانەی (٣٠٠٠) کیلۆ وات لە مانگێکدا بەرەو سەر کارەبا بەکار دێنن نرخەکانیان کەمتر دەبێتەوە، لە (١٥٠) دینارەوە کراوە بە (١١٠) دینار.

بەراستی ئەمە بە هەند هەڵنەگرتنی توانای بژێوی چینە ناوەند و هەژارەکانە، نیشانەی نوێنەرایەتی نەکردنی ئەم حکومەت و ئەم کارگێڕییەیە بۆ ئەم خەڵکە فراوانە.

* شارێک لەسەران سەری کوردستان بە (هەڵمەت و قوربانی) ناسرابێت، ئێستاش بە (پایتەختی رووناکبیری)، رێگە لە کتێبفرۆشەکان بگرن لەگۆڕەپانی (ئازادی) ئەم شارە، لەسەر ئەوەی جوانی شاریان تێکداوە، دەبێت چ عەقڵێکی جوان چ هزرێکی جوان لە پشتەوەی ئەم بڕیارە بێت، باشە بەڵێن و دابینکردنی کۆشکەکان بۆ ئەم رۆژنامەو کتێبفرۆشانە کوا..؟ تۆ بڵێیت حکومەت بێ ئاگا بێت لێی؟ ئیتر با هەنگاوەکان بەپێی سەردەمەکە بێت و کتێب و رووناکبیری خۆراکی سەردەمی.



قاسم محەمەد مستەفا

* (چنارو هێمن) دوای دەرباز بوونیان لە کارەساتەکەی ئەنفال و لەدوای کۆڕەوەکە لە سنووری شارۆچکەی (سەید سادق) گیرساونەتەوە لە سەرما و سۆڵی زستانە رۆژانە سێ کیلۆمەتری رێگا بە هۆی نەبوونی ئۆتۆمبێل ئەم رێگە دوورەیان دەبڕی، چونکە دەیانویست لە کاروانی رووناکی خوێندن دانەبڕێن. لە ١٩٩٢/١/٧، کە بەفر بە لێشاو دەباری، ئەم دوو پەپوولە، بە دڵی پڕ لە هیوای گەرم بۆ دوارۆژ، لە چاوەڕوانی ویژدانێکی زیندوو بوون تا بیانگەیەنێتەوە ماڵی ساردوسڕی دایکە مێرد ئەنفالکراوەکەیان، بەڵام ئەو دەست و ویژدانە نەهات و ئەوانیش لە باوەشی یەکتریدا رەق ببوونەوە.

ئێستاش ئەو پەیکەرەی دکتۆر (یەڵدا)، کە دکتۆرێکی بیانی بوو، بۆی دروستکردین، کە هێمای کارەساتەکەیە و رەمزی کۆڕەو و کارەساتەکانی دوای ئەنفالە، بە دڵنیایەوە دەیڵێم، دەبوایە وەزارەتی پەروەردە وێنەی ئەم پەیکەرە بکات بە ئارمی وەزارەتەکەو وەزارەتی شەهیدان ئاوڕێکی بەگوڕ لەو جووتە شەهیدە بداتەوە.

* زیندانیانی سیاسی، کە بەراست بە پێشەنگانی گەل دەژمێردرێن، شان بە شانی پێشمەرگە قارەمانەکان، ئەوان شادەماری رێکخستنە دڵسۆزەکانی حزبە نیشتیمان پەروەرەکانن، ئەوان پتر لە توێژەکانی دیکە سوودمەند لەم حکومەتە شیاوەی ئاوڕدانەوەی حکومەتی عێراق هەر لەگەڵ دامەزراندنییەوە، دوای ئازاد بوونی عێراق، بۆ مافە رەواکانیان. مووچەی مانگانەی بە بڕی (٥٠٠،٠٠٠) دینار بۆ هەر زیندانییەک بڕییەوە ئەگەر حکومدراو بێت.

بە دڵنیایەوە دەیڵێم ئەگەر کاربەدەستانی حکومەتەکەمان، بە ویژدانەوە بیر لەو توێژە بکەنەوە، ژمارەیان (٥٠٠٠) کەسێک دەبێت، ئەم مافە رەوایەیان پێدەدەنەوە.

